هاوکاری
التضامن

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ ژمارە زیادە

ڕۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

پێنج شەممە ١٥-٤-١٩٨٢ ژمارە ٦٣٣٣
الخميس ١٥-٤-١٩٨٢ العدد ٦٣٣٣

ڕەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
مصلح مصطفى

بڕیاری میژووییمان دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاک و ئاو و کەمان و بە توانا و لێهاتنەوە دژی هەرکەسێن دەوەستین بەربەستی ئەم بڕیارە میژوویە ڕەوانەبکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

ووتەیەکی گرنگی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا

هێزی بنەڕەتیمان لە خواو لە گەلەوە یە چونکە ئێمە لە سەر حەقین

بەیوەندیمان بە گەل و خاک و نەرێتو میژوومانەوە لە وێژدانماندا چەسپاوە

پەردە لادان لە ڕووی تاوان و پیلانە ناوە واکانی "حافظ اسدی، نۆکەر

بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین دووپاتی کردەوە کە هێزی بنەڕەتیمان بە خواو گەلەو ئێمە لەسەر حەقین و ئەمە هێزی بنەڕەتیمانە .

بەرێز سەرەکی فەرمانده لە وتەیەکی گرنگی سەرتاپاگیریدا لەکاتی ئامادەبوونیا ڕۆژی یەک شەممەی ڕابووردو لە کۆبوونەوەی سێیەمی دەورەی یەکەمی دووەم ساڵی ئەنجومەنی نیشتمانیدا وتی : ئێمە دەمانەوێ لە وڵاتەکەماندا بە ئابڕومەندی و بە سەربەستی لەسەر خاکەکەمان بژین و ئەوەی دژی وڵاتەکەمان بوەستێ لەهەرکوێیەکبێ دژی دەجەنگین و ئەمەش دەقی قسەکانی سەرەکی فەرماندەیە ..

برایان ئەندامانی ئەنجومەن .. لەم ماوە کورتەدا دوو مەسەلەی تێکەڵتان باسکرد ، مەسەلەی ڕژێم لەسوریا و مەسەلەی ڕژێم لەئێران یان گۆڕانەکانی دوژمنایەتیکاری ئێران و ئەو شەڕە دوژمنایەتیەی کردویەتیە سەر عیراق ، وەک بزانم ئەم دوو مەسەلەیە ئەوەندەی پێویستە بۆ گەلەکەمان ڕوون بوونەتەوە ، لەپێشەوەی لای ئێوە وەک نوێنەرانی ئەم گەلە ، بەڵام ، وای دەبینم کە شوینی خۆیەتی کاتی باس کردنی هەر دیاردەیەک ئەگەر بە کورتیش بێت بە میژوویدا بچینەوەو سەرجەمی گرنگی بەرخاو بخەین تاڵێکدانەوەمان بۆ ئەو دیاردەیە لێکدانەوەیەکی ڕاستەقینە بێت و با یەکەمجار ڕژێمی سوریا وەربگرین ، چونکە ڕژێمێکە تا ئیستاش پێناسی سوریای هەڵگرتوەو سوریاش وڵاتێکی عەرەبیەو بەڵکو لە سەردەمی نوێدا مەڵبەندی نیشتمانی و فیکری نەتەوەیی بوەو بە بێ ئەوەی وەسفی هیچ هەنگاوی لەو هەنگاوانە بکەم ئەم ڕژێمە دەیانێت ، سەرەتا بایەخ بەوە دەدەم زنجیرەیەکی کورت لە میژووی دەربخەم چونکە ئەم زنجیرەیە کارەکە بەجۆرێکی پێویست لەعیراقداو بەڵکو لەنیشتمانی عەرەبی بۆ ئەوانە ئاشکرا دەکات کە چۆنیەتی ئەم ڕژێمەیان بۆ ئاشکرا نەبووە ، لەماوەی ئەم مەعلوماتانەوە لەوانەیە یارمەتی بدات بۆ زانینی ڕاستی ئەم ڕژێمە، گۆران لە سوریا ساڵی ١٩٦٣ بوو دوای شۆڕشی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٦٣ بەیەک مانگ ، ئەوەی کە ڕژێمەکەی بەڕێوەدەبرد بەپێی دەستەیەکی عەسکەری تایبەت بە کردەوە کۆمەڵێک بوون .. حافظ اسد یەکێکیان بوو بە پلەی نەقیبی فرۆکەوانو دیارترین پازدە یان شازدە کەسەکە نەبوو .. لەوانەی ئەوسا ڕژێمەکەیان بەڕێوەدەبردو لەناو ئەو دەستە عەسکەریەدا ، بەڵکو لەناویاندا بوو ، حافظ اسد بەپێی ئەو گۆڕانە بوو بە سەرکردەی هێزی ئاسمانی ، دوای ئەوەو دوای لابردنی محمد عمران بوو بە وەزیری بەرگری و دوای بەشداری هەڵگیرانەوەی حوکمی کرد ، یان مەبەست ڕاستی دزینی حزبو بردنی پێناسەکەیەتی لە ساڵی ٦٦دا کە سەرکردایەتی نەتەوەییان لابردو هەندێکیان خرانە بەندیخانەو هەندێکی تریان توانیان ڕابکەنو حافظ اسد لە دەوڵەتدا شوێنێکی گرت .. کە وەزیری بەرگری یە ، دوای ئەوە بە چوار ساڵ هەموو ئەو کۆمەڵەی ڕامالی کرد کە لە هەردوو کارە عەسکەریەکەی پێشودا بەشداریان لەگەڵ کردوو تا ئەمڕۆ خستونیەتە بەندیخانەوە بەبێ موحاکەمە کردن لە ساڵی حەفتاوە تا ئیستا ساڵی ١٩٨٢ ... دوازدە ساڵە ئەوانەی کە لەلێپرسراویدا لەگەڵیا بوون خستونیەتە بەندیخانەوەو بەبێ موحاکەمە .

با بپرسین ، بزانین ، بۆچی دوازدە ساڵ لە بەندیخانەداو بۆچی دوازدە ساڵ بەبێ موحاکەمە ، کە تیایاندا بوو خۆی کوشت ئەویش خوا لێخۆشبوو عبدالکریم جندیەو لە وەسیەتەکەیدا بەرلە خۆکوشتن دەڵێ: کە ، من خۆم کوشت دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت کە من لەگێژاوی هەڵەیەکی دیاردا بووم ، کە چومە ناو ئەم کۆمەڵەوە ، بێگومان دەبێ حافظ اسد لەم کۆمەڵە بترسێ کە لە موحاکەمەدا ئاشکرای بکەن یان کاتێ لەدەرەوەی بەندیخانە دەسن ، دوای ئەوە خۆیو براکەی لەو میژووەوە تا ئەمڕۆ دەوری لێپرسراویان لە مەوقعی یەکەمداو لە مەواقعی کارکەری تردا لە ڕژیمی سوریا گرتە دەستو بەر لە شۆڕشی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ لەو کاتەداو لە ساڵی ١٩٦٦ دا لە بەندیخانە بووین هەندێ لە هاوڕێیانی تر لە دەرەوەی بەندیخانە بوون ... هیوای بنەڕەتیان ئەوەبوو بتوانن حزب لە عیراقدا بشکێنن ، توانیشیان حزب لە عیراقدا کەرت بکەن ، دوای ڕاکردنمان لە بەندیخانە بە هەموو ئوسلوبێ هەوڵیاندا بۆ هەتاهەتایە حزب کەرتوپەرت بکەنو دەوری بنەڕەتی بەکاری لە کۆمەڵی عیراقدا هەڵوەشێننەوەو هەموو هەڵێک لە بەردەمیا دابخەن تا لەماوەیەوە نەگاتە فەرمانڕەوایی لەو شانەی کردیانو بە پێچەوانەی نەرێتی کاری سیاسی کە نەرێتی هەیە لەناو بزوتنەوە سیاسیەکاندا لە کاری نهێنیدا دەبێت یان لەبەرەدا یەکدەگرن ، یان کاتێ بەیوەندیەک دەبێ ئەو بەیوەندیە لەدواییدا ئاشکرا ناکرێ پلەی بەیوەندی هەرچەندە لە نێوان ئەو لانەنانەدا خراپ بێ ، ڕژێم لە سوریا بەیوەندی لەگەڵ ڕژیمی عبدالرحمن عارف زۆر چاک بوو ، هەرچی دەربارەی ژیانی ناوخۆی حزب دەزانی دای بە دەزگاکانی ئاسایشی عارف بەوەشەوە نەوەستا شانوییەکی دیاری کراوی کرد ، تا ڕاستی ئەو مەعلوماتانە دووپات بکاتەوە کە دەیدا بە دەزگاکانی عبدالرحمن عارفو بەیاننامەیەکی لە ڕادیوی دیمەشقەوە بە شانوییەکی تایبەت بڵاو کردەوە بە دەرکردنی سەرکردایەتی بەناوەوە وەک ئەوەی سەرکردایەتی بەشێکبێ لە حزبەکەیانو بۆ ئەوەی بۆ ڕژیمی عبدالرحمن عارفی بسەلێنێ کە فلانو فلان ، هەندێکیان لەوکاتەدا شاراوە نەبوون کە ئەوانە بە ڕاست ئەندامن لە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستداو لە سەرتانە بیانگرن .

لەگەڵ ئەوەشدا ، کاتێ شۆڕش بەرپابوو ، لەبیرمان چووەوە ، نەک لەبەر لەبیر چوونەوە ، بەڵکو وەک هیوا خواستن ، هەرچیان کرد لەبیرمان بردەوەو هەوڵمانداو لە هەموو بونەیەکداو بەهەموو ڕێگایەک بەوهیوایەی بەڵکو لەوانەبێ ، بێهیزی بەرەو خیانەت هان بدات ، نەک نیەتی پێشەکیو هەوڵماندا بە هەموو ڕێگایەک ئەم ڕژێمە لەسەر مەوقعی ڕاست یان لە مەوقعی ڕاستدا بەتایبەتی لەوەی پەیوەندی هەیە بە زۆرانبازی عەرەبی زایۆنیەوە ، سوپاکەمان ناردو بەشێک لەهێزەکانمان لە سوریاو بەشێکی تری ا[illegible] بۆ ، تا ساڵی ١٩٧٠ لەوێ مایەوە ، [illegible] وەدا لە جیاتی ئەوەی هەموو ڕێ ئاسان کردنێ بۆ سوپای عیراق پێشکەش بکرێ بەو ناوەوەی سوپای وڵاتێکی عەرەبیەو بۆ بەشداری لەگەڵ سوپاکەیاندا بۆ ڕزگار کردنی نیشتمان لە داگیر کردن چووە ، کەچی هەتا داوای پارەی ئەو ئاوەیان لێکردین کە هێزە عەسکەریەکانمان لە سوریا دەیانخواردەوەو هەتا داوای پارەی ئەو کارەبایەمان لێکرا هێزەکانی عیراق لە سوریا بەکاری هێناوەو ئەو پارانەمان دا ، ئایا بەڕاست پێویستیان بەم پارە زۆرە بوو یان مەسەلەکە لەوە دوورتربوو کە دەمان بینی ... مەسەلەکە لەوەدایە عیراقیەکان وا لێ بکرێن لە دەوری نیشتمانیو نەتەوەییان لە ڕووبەڕوو بونەوەی زایونی دوژمن بە بەشداریان لەگەڵ سوپای سوریا بێزار ببنو بە لێکدانەوەمان بۆ چوونی دوایی ڕاستەو ڕۆژگار ڕابووردو مەسەلەی خۆماڵی کردنی نەوت هاتە کایەوە .

نەوتی عیراقمان خۆماڵیکردو لە چنگی مۆنۆپولی بێگانەو لە پشتیەوە وڵاتە گەورەکانی بێگانە ... ئیمپریالی ڕزگارکرد ، کارەکە وای پێویستدەکرد ، بەپێی هەویەی ئاشکراکراوی ڕاگەیاندنی ڕژێمی سوریا کە پشتیوانی ئەم ڕووداوە بکەن .. بەڵام ئەوەی ڕووی‌دا ، ئەوان داهاتی ئەو بۆریەی بەخاکەکەیاندا دەڕۆشت بەرامبەر چەند سنتێکیان لە کومپانیا مۆنۆپولیەکان وەردەگرتو کە عیراق نەوتەکەی خۆماڵیکردو دەستیکرد بە فرۆشتنی نەوتەکەی لە بازاری سەربەستدا وتیان ڕێگا نادەین نەوتەکەتان بەخاکی سوریادا بروات تا داهاتەکەی دووجار زیادنەکەن ، بۆچی ... ئەم نەوتە خۆماڵیکراوە ... ئێوە ئەو داهاتەتان لە کۆمپانیا بێگانە مۆنۆپۆلەکان وەردەگرت دەبوایە ئەو داهاتە لە ئێمە کەمتر وەربگرن وەک بەشداریتان بۆ عیراق لە قۆناخی خۆماڵیکردندا ، خۆماڵیکردن لەو کاتەدا دواحاڵەتی سەرکەوتنی وەرنەگرتبوو .. بەلایەنی کەمەوە پێویستنە [illegible] داهاتی ئاسایی زیاترمان لێبستێنن.. وتیان نەء .. نەوت ڕەت نابێ دوای زیادکردنی داهات نەبێو مەسەلەی داهات چارەسەرکرا دوای ئەوەی زۆر لایەنی عەرەبی ئاگاداری ئەم هەڵوێستە یەدوای ئەوە فرات هاتە کایەوە ، کەی بەستی فورات بەسەر عیراقیەکاندا هاتە کایەوە ، بەر لە شەری ساڵی ٧٣ بەچەند مانگێو ئەوەی بیەوێ شەری ساڵی ٩٧٣ بکات بێگومان بەر لە چەند مانگێ دەزانێو خۆی بۆ ئامادە دەکاتو ئێوە ئاگادارن چۆن ڕووباری فوراتو شکیکردو نەک هەر مرۆڤ بەڵکو هەندی ئاژەڵی جونیارەکان ئاویان چنگ نەدەکەوت .

لەمکاتەدا شەری ساڵی ٩٧٣ ڕووی‌دا بەرلەوەی ، لە ئێراندا ڕژێم ڕژیمی شا بوو کە دەستی کردبوو بە

بڕوانە ل : ٢، ٤، ٥

هێزە دلێرەکانی سوپای عیراق دەستی مەردانەی زیاتر لە دوژمنی ڕەگەزپەرست دەوەشێنن

چەنگاوەرە دلێرەکانی سوپای عیراقی ئازا ، بەردەوامن لە دەست وەشاندنی مەردانە بە سەر سەری فارسی دوژمنو ڕەگەزپەرستدا ، تاناچاری دەکات بەوەی باوەڕ بە مافو خواستە ڕەواکانی گەڵو وڵاتەکەمان دەهێنێو دەست ناخاتە کاروبارمانەوە.

لە ماوەی هەفتەی ڕابووردودا ، زیانەکانی دوژمن بەپێی بەیاننامەکانی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان بەم جۆرە بووە:

● ٨-٤-١٩٨٢ :

٣١ کوژراوو پێنج سەربازبەری مودەرەعەو سێ لۆریو سێ بنکەی تەقەمەنیو یەک ڕوانگە .

● ٩-٤-١٩٨٢ :

حەوت کوژراوو یەک سەربازبەری مودەرەعەو دوو لۆریو یەک تۆپو دوو بنکەی تەقەمەنی .

● ١٠-٤-١٩٨٢ :

١٥ کوژراوو دوو لۆریو فرۆکە ئازاکانمان ئەم ڕۆژەش بەردەوام بوون لە بۆردومان کردنی بنکەو مولگاکانی دوژمنو زیانی سەروماڵی زۆری پێگەیاندنو هەمووش بە سەلامەتی گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان .

● ١١-٤-١٩٨٢ :

١٥ کوژراوو یەک دەبابەو یەک تۆپو نوقم کردنی یەک بەلەمو دوو بنکەی تەقەمەنیو بە فرۆکە بۆردومانی بنکەکانی دوژمن کراوە .

● ١٢-٤-١٩٨٢ :

١٧ کوژراوو یەک تۆپودوو شەڵو فرۆکە جەنگاوەرەکانمان ئاگریان بەرداوەتە بنکەکانی دوژمنو زیانی زۆری لێداون .

● ١٣-٤-١٩٨٢ :

نۆ کوژراوو چوار سەربازبەری مودەرەعەو پێنج لۆریو یەک بنکەی تەقەمەنی.

● ١٤-٤-١٩٨٢ :

هەژدە کوژراوو خستنەخوارەوەی فرۆکەیەکی شەڕو سەرباز بەریکی مودەرەعەو یەک تۆپو یەک لۆریو دوو ئەمباری سوتەمەنیو فرۆکە کانمان بەردەوام بوون لە هەردوو کەرتی ناوەراستوخوارو .

خومەینی نزیک چارەنووسی ڕەشی دەبێتەوە

ڕۆژنامەی دیلی تەلەگرافی بەریتانیایی ڕۆژی سێ شەموو ڕایگەیاند کە فرۆکەیەکی جەنگیی ئێرانی ڕۆژی چواری ئەم مانگە لەسەر ماڵی خوومەینی نزمبۆتەوەو هەوڵی بۆردوومان کردنی داوە .

● ڕالف جۆزیف پەیامنێری ڕۆژنامەی ناوبراو لە ئەثینا لەزمانی ئەو کەسانەی لە تاران گەڕاونەتەوە وتی بەرگریەکانی سەرزەوی لە دەوروبەری ماڵی خوومەینی فرۆکەکەیان گەللەباران کردو وایانلێکرد ڕابکات . ئەوەی شایانی باسیش بێت ئەو ناوچەیەی کە ماڵی خوومەینی لێیە قەدەغەیە فرۆکە بە ئاسمانەکەیدا تێپەڕێت . هەروەها وتی هەوڵی بۆردوومان کردنی ماڵی خوومەینی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەو ڕاپۆرتانەوە هەیە کە لایەنە نارەسمیەکان لە ڕۆژی دووشەمو لە تاران دەیانهێناو دەیانبرد . لەلایەن دامەزگاکانی ئێرانیشەوە ئەمە دووپاتکرایەوە کە تۆدەتایەکیان ئاشکراکردووە کە بۆ کوشتنی خوومەینیو ژمارەیەک

بڕوانە ل : ٧

هشتەوەی فرۆکەیەکی ئێرانی لەمەسقەت

فرۆکەیەکی ئێرانی لەخاکی عومانداا نیشتۆتەوە ، فرۆکەکە دووکەسی تێدابووە کە بریتی بوون لەتاقمی ئەم فرۆکەیە .

● وەزارەتی دەرەوەی عومان لەبەیاننامەیەکدا ڕوونی کردۆتەوە کە فرۆکەکە لەجۆری « شرایک- کوماندور »ەو لەناوچەیەکی بچووک

بڕوانە ل : ٧

دوای داخستنی سنوور و قەدەغەکردنی تێپەڕبوونی نەوت چی تر بە دەست حافظ اسدی بەرگری گیراوەوە ماوە

بێگومان ئەم هەڵوێستەی ڕژێمی - حافظ اسدی ڕووڕەشو بە کرێگیراو سەبارەت بە داخستنی سنوری نێوان سوریاو عیراقو قەدەغە کردنی تێپەڕبوونی نەوتی عیراق بەخاکی سوریادا ، نە هەڵوێستێکی کتوپڕە بەرامبەر بە گەلی تێکۆشەری عیراقی سەرەک /صدام حسین/ و نەیش هەڵوێستێکە لە خۆڕاوە هاتووە ... بەڵکو ڕاپەڕاندنی پیلانێکی تری ئیمپریالیزمی ئەمریکاو زایۆنیزمی ڕەگەز پەرستو ڕژێمی گومانلێکراوی خومەینی چەپەڵە .

هەر ئەو کاتەی کە سەرەکی ڕژێمی بۆگەنو خوێنمژ جڵەوی لە سوریادا گرتووەتە دەست ، بێ پیلانگێڕان دژی عیراقی شۆڕشو جەماوەری عیراقو نەتەوەی عەرەب نەوەستاوە ... چۆن نەخشەی پیلانەکانی بۆ دانراوە ، ئاوا ، بەڵکو خۆیشی کەمێکی تری خستوونەتە سەریو ، بێ ئەوەی تۆزێک شەرمو حەیا بکاتو شەرەفی نەتەوەییو مرۆڤایەتی ڕەچاو بکات ، «گورج » ڕاپەڕاندووەو ئەو « پەیمان »انەی بەجێ گەیاندووە .

بەر لە ماوەیێک ، وەزیری ڕاگەیاندنی ڕژێم ڕایگەیاند کەوا : « حکومەتەکەی ئارەزووی ئاشتیی

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

دوتەیەکی گرنگی سەرەکی فرمانڕەوا صدام حسین لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا «باشماوە»

تەنگاوکردن لەسەر درێژایی سنوورو سوپاگەی بەدرێژایی سنوور کۆکردبووەوە کە شەڕ قەوماو لە راگەیاندنی جیهانیو عەرەبیەوە پێمانزانی چەند کۆبوونەوەیەکمان لە سەرکردایەتی بەستو زۆر بیرورا قسەی لەسەر دەکراو بیرورای زۆر بەرچاو دەخرا وەك حاڵەتی هەموو سەرکردایەتیەك هەندێ دەڵێ هیزیکی رەمزی دەئێرینو هەندێ دەڵی بە مادی یارمەتی شەڕ دەدەین لەوکاتەدا بیرمان لەوە کردەوە کە خەبات ، پێویستی بە خەباتە ، ئەم جۆرە هەڵوێستە پێویستی بە خەبات هەیەو پێویستی بە هەڵویستێکە لە رادەی بەرپرسیاری میژوویدا کە شایان بەعیراقو ئەو شۆڕشە بێ سەرکردایەتی دەکات ٠٠ پێشنیارمکرد بۆ یراکانم کە جۆرە سەرکێشیەك یان جۆرە سەرچڵیەك قبول بکەین ، کە حسابمان بۆ کردو ئەویش ئەوەبو سوپای عیراق لە سنوو وەرچەرخێ کە رووبەرووی دەستدرێژی ئێرانو کەڵەکەبوونی هیزەکانی شاە بووبوو لەوکاتەداو بەزەو دیمەشق وەرچەرخێ تا لە کەوتن رزگاری بکات چونکە هەواڵمان پێدەگەیشت هەرچەند شەڕ یەك رۆژی بەسەردا رابوردبو کە باری بەرەی سوریا باش نیە ، بەیاننامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشمان لە هەوا پڵاوکردەوەو نمونەمان نارد بۆ شاەو وتمان ئامادەین کێشەکانمان بە رێگای سیاسی چارەسەربکەین ٠

ئەمەمان لە سەرکردایەتی زۆر لێکدایەوە ، هەندێ لە هاوڕێیان ئەمەیان بە سەرکێشیەکی گەورە دانا و هەندێکیان وتیان ئێمە دەچین بۆ کارکردن لەگەڵ سوپایەکدا لەوانەیە بە گەیشتنمان نەتوانین خاك رزگاربکەین بەڵام فرسەت دەدەین بە بێگانەیەکی تری دوژمن بەشێك لە خاکی عیراق بەرێت وتمان هەرچۆنێ بێ هەتا ئەگەر شای ئێران هاتە خاکمانەوە دوای تەواو ـ بوونی ئەم شەڕە بۆی دەگەڕێنەوە ٠

رۆژی ٧ی تشرین فرۆکەی عیراق چوە خاکی سوریاو بەشداری شەڕی کرد ٠٠ بێگومان رۆژی ٦ فرۆکەی عیراق بەشداری لە بەرەی میسردا کرد چونکە میسریەکان داوای دوو پۆلە فرۆکەی هنتریان کرد کە تەواو نەبوونو مەدایان دوور بوو چەکیشیان باش بوو فرۆکەی هنتر یەکەم فرۆکە بوو کە لە بنکە ساروخیەکانی زایۆنیدا لەوبەر نوکەندی سویسەوە لەناو سینادا ٠

سوپای عیراق وەرچەرخا بەرلەوەی ئەنجامی هەڵویستی ئێران بزانین ، دەبابەکانمان کەوتنە رێو سەدان کیلومەتریان بری ، کە بێشەنگی سوپای عیراق گەیشتە دیمەشق هەندێ لە دیمەشقیەکان شتومەکیان کۆکردبوەوە بۆئەوەی لە دیمەشق دەرچنو چوینە شەرەوەو هاتنەپێشەوەی سوپای « ئیسرائیل » مان وەستاندو ئەو هەلەمان لەکیسیاندا کە لەکاتی خۆیدا رای‌گەیاند دەیەوێ نانی نیوەرۆ لە دیمەشق بخوات دوای کۆکردنەوەی سێ تیپ لەگەڵ یەك لیوا تەواو بوو هەموو شت ئامادەبوو بۆ هیرشێکی بەرامبەر کە سوپای عیراق بە رادەی بنەڕەتی رای‌پەڕێنێ ، فەرق چەند سەعاتێك بوو وابزانم دوو سەعات فەرمانی رژێمی سوریا هات بە وەستاندنی شەڕو سوپای عیراق گەڕایەوەو تالاو لە دەرونی‌هەموویاندا بوو چونکە هەلی پاك کردنەوەی خاکی عەرەبی لەژیر پێی بێگانەدا لەکیس دراو لەناوخۆماندا وتمان بە چاوبۆشین لە هەموو شت وتمان لەوانەیە ئەوان چونەتە شەڕو لەشەڕ دەرچوون پێویستیان بە پارەبێ ، ئەمە لە ساڵی ٧٣ دا پەنجا ملیون دولار کە زۆرە ، بە پروسکە ٥٠ ملیۆن دولارمان بۆ ناردن بەبێ داوای‌خۆیانو دوای ماوەیەك حافظ اسدو وەفدێك لەگەڵیا هاتنە لامانو داوایان‌کرد بە نهینی سەر لە عیراق بدەن ٠٠ پێمان وت ٠٠٠ بۆ سەردانی نهینی ٠٠ چی رووی‌داوە ٠٠ تۆ سەرەکی دەوڵەتێکی عەرەبیت ٠٠٠ فەرمو سەردانی ئاشکرا وتی نەء ٠٠ چاکترە سەردانی نهینی بێ ٠٠ بێگومان مەبەستمان زانی ٠٠ دەیەوێ وای بەو کەسانە بگەیەنێ کە بەسەردانەکە نازانن بەهوی دەزگا تایبەتیەکانیەوەو زۆر جار ئەم دەورانە دەگێڕێ کە گوایە لەگەڵ عیراقیەکاندا باسی کاروباری دیاری‌کراوی کردوە کە ئەو ناوی دەتێ تا ورەقەی زیاتری بەدەستەوە بێت تا لەو وڵاتە عەرەبیانەوە کە لەوانەیە نایانەوێ پەیوەندی نێوان سوریاو عیراق باش بێو لەوانەش بێگانە زیاتری بدەنێ ٠

هاتو دوای‌ئەوەی هاتو بەخێرهاتنمان کرد کەچی دەستی‌کرد بە گفتوگو لەگەڵمانو دەیوت بۆ سوپای عیراقمان کێشایەوە ، وتمان سوپای عیراق لەوی بێ بۆ تومایش ئەو چو بۆ سوریا بۆ جەنگ کە جەنگتان وەستان سوپای عیراق گەڕایەوە وتی ئیستا سوپای عیراق بگێڕنەوە ٠٠ کە پێمان وت بۆ ماوەتان نەدا بە سوپای عیراق شەڕبکات ٠٠ هەلی بۆ هەڵکەوتو بە قەوارەیەکی گەورەو دوژمن بەهوی ئەوەوە چەند رۆژ بوو شەڕی دەکرد هیلاك‌بوو ٠٠٠

وتی ئیستا سوپای عیراق بگێڕنەوە ، مەبەستی تەنگاوکردنمان بوو ٠٠٠ سەیری یاریەکەی‌بکەن ٠ ٠ سوپای عیراقی لابوو بە یریاری شەڕوەستانن گێڕایەوە کە باسی مەسەلەکەی لا دەکەین دەڵێ بیگێڕنەوە ٠٠ شەڕدەکەین، پێمەوت ئیستاو لێرەوە بڵێ بریاری شەڕوەستانن هەڵوەشایەوە دەرۆین ، نەك هەر سوپای عیراق ، ئیستاش رای‌مەگەیەنە ، ئەم بریارە رامەگەیەنە تا هەموو سوپاو پولیسی عیراق لە بەرە نەبێ ، من ئەم کارو بارانە رووندەکەمەوە تا یاریەکان‌و رێگاکانی ئەم رژێمەو وازهێنانی لەبچوك‌ترین بەهای پیاوەتی‌و شەرەفمەندی‌و ئاناکانی بزانن کە پێویستن لە هەر کەسێکا هەبن رازی‌ببی هەڵسوکەوتی ئاسایی لەگەڵ بکەی ٠

یەکسەر دوای ئەم میژووە ، پەیوەندی خەست لەنێوان ئەوو نێوان شای ئێراندا دەستی‌پێ‌کردو هەمان ئەم خدامە کە چوو بۆ لای رژیمی ئیستای ئێران هەمان ئەم خدامە سەرەدا لە رژێمی ئێرانو رێکەوتنێکی وەك ئەوەی ئیستا بەستویانە بەسترا ٠٠ بەڵام ئەو رێکەوتنە قەرزو یارمەتی ئابووری دیاری‌کراو بوو بۆ سوریاو ئەم رێکەوتنە نەوت‌و رێکەوتنی پیلانی ترە ، بەشێوەیەکی فراوانو ئاشکراتر لە رابوردوا تۆزی کەمتر بوو ، بە نهێنیش چەکو شارەزایان دەدا بە تێك‌دەران بۆ کوشتنی عیراقیەکان لەناو عیراقداو هەندێکیان لە سوریا مەشقیان دەکرد دەنێردران لە سنووری عیراقو سوریاوە بۆ کوشتنی ئافرەت‌و پیرو منداڵ لەناو عیراقدا لە ناوچەی جزیرە لە موسڵ ٠

کە رێکەوتنی ١٩٧٥ بوو لەو رۆژگارە زانراوەدا یەکەم رژێم هیرشی یردەسەر رێکەوتنەکە بە ئاشکراو بە رەسمی رژیمی حافظ اسد بوو ، دەیانوت عەرەبستانیان فرۆشتو شط العرب یان فرۆشت‌و صدام حسین لەگەڵ شای ئیران رێکەوتن لەسەر پیلان گیران لەناوچەی عەرەبی‌و لەسەر نیشتمانی عەرەبی ، هەمان مەنتق‌و هەمان مذیع کە لە زەمانی شادا بوو ، هەمان دەنگ‌و هەمان باسی ئیستا ئەگەر شربتە تۆمار کراوەکان بێنن‌و گۆیان لێبگرن ، کە مذیعی خومەینی‌یە ، هەڵس‌وکەوتی ئیستا ، هەمان هەڵس‌و کەوتی رژیمی سوریا لە زەمانی شادا هەمان وێنەی هەڵس‌وکەوتیان نەوت برین‌و پیلان‌گیران لەگەڵ تێك‌دەراندا بە ئاشکراو رێکەوتنی خیانەت‌کاری لەگەڵ شای ئێران‌و راگەیاندنی‌و هیرش‌کردنە سەرمان ٠

بەرلەوە لە ساڵی ٧٢ دا لە سەرکردایەتی باسی تێکڕای باری عەرەبیمان کردو گەیشتینە ئەو ئەنجامەی وتمان لەوانەیە بێ‌هیز ٠٠٠ بێ‌هیزی بێ‌هەندێ حوکمەرا والێدەکا لە ئەنجامدا هەڵخلیسکێ ، با هەوڵی بەهیزکردنیان بدەین ٠٠ جا حوکمرایانی سوریا بێ یان میسر ، چی بکەین ، بیری یەکیتی جەنگمان خستە بەرچاویان‌و هەموو توانامان لە خزمەتی ئەم یەکیتی‌یە جەنگیدا دادەنێین ٠

چوین بۆ سوریا ، وەك عادەتی خۆیان لە فێڵو پێنچو پەنادا ٠٠ باسیش دیسان باسی رووبارو باسی دابەش‌کردنی ئاوی فرات لەو باسانە بوو کە لەگەڵیان قسەمان لەسەرکرد ، پێشنیاریکی بۆ کردم ، جێگرەکەی پەیوەندی پێوەکردم ، لە «دار الضیافه » بووم وتی سەرەك حافظ اسد سڵاوت لێدەکات دەڵی بیرورای چی‌یە مەسەلەی فرات بەبێ رای هونەریەکان چارەسەربکەین ، وتم چی پێشنیار دەکات وتی پێشنیار دەکات لە سەدا ٦٥ی ئاوەکە بۆ عیراقو لە سەدا ٣٥ی بۆ سوریا بەبێ چونە ناو سەرچەمی بیرورای هونەریەکان‌و مافی دەستکەوتەو شتی تر وتم پێنج دەقیقە مۆڵەتم بدە ، لەسەر تەلەفون بمێنەرەوە ، بەخوا کەمتر لە پێنج دەقیقە تەنیا هەتا قسەیەك لەگەڵ برایانم دەکەم‌و ئێمە وەستابووین بێم‌وتن وابزانم رای ببین‌و مەسەلەکە چارەسەر بکەین ، گەرامەوە بۆ لای‌و وتم ئێمە رازین هونەریەکانمان نارد لەسەر ئەساسی تەنیا هونینەوەی رێکەوتنەکە دوکتور فخری قدوری دوای چەند سەعاتێ هاتو وتی ئەوانە رەفزیان کردو وتیان ئەم مەسەلەیە لای سەرەك حافظ روون نیە ٠

لەوکاتەدا قسەی وام لەگەڵدا کرد کە دەبێ لە حاڵەتی بەو جۆرەدا پێ‌ی‌بوترێ ، پێمەوت نابێ وامان لەگەڵ بکەی تۆ سەرەکی دەوڵەتیت‌و گەورەیت ، تۆ پێشنیارت داوە بە ئێمەو ئێمە یەکسەر رازی‌بوین‌و بەم جۆرەشمان لەگەڵ دەکەن ٠٠ هەرچۆنێ بێ یەکیتی جەنگ نەبووو بەرلەوەی خاکی سوریا بەجێ‌بێڵین بەیانێکیان دەرکرد جنێومان پێدەدەن بەرلەوەی بچین بۆ میسر بەیانێکی ناوخۆیی حزبەکەیان دەرکرد پڕە لە جنیوپێ‌دانمان ، لە ساڵی ٧٨ دا کە سادات چو بۆ قدس کۆبوینەوە ، هەرکاتێ مەسەلەیەکی نەتەوەی گەورە رووبدات کۆبوونەوەو باسی ئەوەمان کرد چی بکەین لەبەردەم ئەم لافاوی مل‌کەچی‌یە نوێ‌یەداو ئەم خیانەتە نوێ‌یە ، قسە دەهات دەچو نتنبار بەرچاو دەخرا هەموویمان وا دەبینی کە لە رادەی بەربەستی گەورەدا نین

کە سەرەی من هات بۆ قسەکردن پێم‌وتن من پێشنیارم ئەوەیە چارەسەری مەسەلەکە بەم جۆرەبکەنو هەموو چارەسەرکردنێکی کە لەوە کەمتربێ مەبەستەکە وەدی ناهێنێو بریارەکەش بەوجۆرە درا کە لە چوارچێوەی بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌دایەو بە پێی ئەوەو لەسەر بنەڕەتی دیاری‌کراو عەرەبمان بۆ بەستنی کۆنگرەی باڵای بەغدا بانگ کردوو بەوەوەکە مەیدانی عیراق بە بەشێك لە مەیدانی سوریا دابنرێو پارەیەکی زۆریش بۆ سوریا دابنرێ تاوەکو بتوانێ خۆی بەرامبەر ئەو پیلانانە راگرێ کە بەرامبەری ئەکرێو ئەمەش بە بۆچوونمان بۆ ئەوەی هەموو خلیسکانیك بەرەو خیانەت لاوازی‌یەو کەواتە کاتێ بمانەوێ لاوازی سەر رێی نیشتمان پەروەرێتی‌و ژیانی شەرەفمەندانەو نەهێڵین ئەبێ لاوازەکان بەهێزبکەین بەڵکو بگەڕێنەوە سەر رێی نیشتمان پەروەری‌و ژیانی شەرەفمەندانەو بێ‌گومان کەسمان تیا نیە کە لەگەڵ حافظ اسددا کاری باژرگانی‌و کشت‌وکاڵی‌و پیشەسازی کردبێو تیاشماندا نیە کە لەگەڵیا لەحزبدا ئیشی کردبێو قین لێبوونەوەی

لەڵس‌وکەوتی رژیمی سوریا ئیستا لەمان لەڵس‌وکەوتی سەردەمی شایە

شەخسی نیەو بەڵکو حەقەکە لەسەر ئەورێبازە گشتی‌یەیە کە لە عیراقدا هەیەو رقابوونەوەیە لە عیراقی نوێ وەستانی بیناکردنی‌و وەستانی کاروانەکەیەتی‌و پاشماوەیەك زانیمان کە حافظ اسدو هیزی ئەرمەنی دەوڵەتان خەنجەریکی لە پشتانەوە لەسەر کردایەتی ئەدۆتەوە، ئەویش ئەو پیلانەی مافی خۆی وەرگرت ، ئەو دەستە خیانەتگارەبو کە لە ١٩٧٩دا مافی خۆی وەگرت بێدەنگ‌بووین وتمان ئەگەر بێت‌و ئیستا ئەمە بەرەسمی ئاشکرا بکەین بریارەکانی کۆنگرەی باڵای بەغداد لاواز ئەکەین کە ئێمە رەنجی زۆرمان تیادا دا بۆ ئەوەی بەشێك دانرێ بە رووی ئەو لافاوەی کە سادات لە رێگەی سەردانەکەیدا لە قودس‌و لەرێی کامپ دیفیدەوە دەی خەتەوەی عەرەب هێنای‌و کە شەڕیش بەرپابوو رژێمی حافظ اسد هەموو دەم بە هەموو توانایەکی‌یەوە بە شارەزایی‌و بەو توانا سووپای‌و یارمەتی‌دانەی کە هەیەتی لایەنی دوژمنکاری فارسی گرت ٠ وا دیارە لەگەڵ خۆیدا دووابێ کە چۆن یارمەتی برا عیراقی‌یەکانی لە جەنگدا بدات‌و باشترین یارمەتیدانیش ئەوەیە کە سنوور داخات‌و بۆری‌یەکانی نەوت ببڕێ ٠٠ ئەمە ئەو یارمەتی‌یە نوێ‌یەبوو کە اسد پێشکەش بە نیشتمان پەروەرێتی‌و نەتەوایەتی‌و عیراقی کرد بەرامبەر بەو کارانەی سەبارەت بە بەرپرسیارێتی‌و نەتەوایەتی‌و نیشتمان پەروەرێتی عیراق ، ئینجا ئەگەڕێینەوە بۆ سەر رژێمی ئێران‌و چەند ئەڵقەیەك ئەتوانین بەیەکەوە ببەستین ٠٠ هەندێ جار بەهۆی باشیمانەوەو کە منیش یەکێکم لەئێوە گێڕانەوەی هەندێك لەرابموردوو گرنگە ٠٠ شا رۆشت‌و خومەینی پەو داستانە زانراوەوە هات‌و بروسکەیەکمان بۆ خومەینی ناردوو پێمان وتن خوا سەرتان خات‌و ئێمە لەگەڵ ئەو رێ‌رەوەداین کە گەلی ئێران هەڵی ئەبژێرێ‌و داوا ئەکەین پەیوەندیمان لەسەر ئەم بنەڕەتانە بێ رێزتان بگرین‌و رێزمان بگرن‌و دەستنەخەنە ئیش‌وکارمانەوەو دەست نەخەینە ئیش‌وکارتانەوەو دوژمنایەتیمان نەکەن‌و دوژمنایەتیتان نەکەین‌و هەر یەکە لە شوێنی خۆیەوەبێ ٠٠٠ ئێمە لەگەڵستانین کەچی هەر وەك خومەینی هاتبێ‌و خۆی‌و ئەو دەستانەی لەگەڵیان هەمووشتیان رێکخستبێو بەپلەی یەکەم سوورین لەسەر ئەوی بە پلەی بنەڕەتی چۆن بچن بەگژ عیراقدا

لام وایە حەفتەی دووەمی کە گەیشتە تاران رەنگە هەر حەفتەی یەکەم بێ‌و ئەرشیف لە راگەیاندن هەیە ، هیرشی کردە سەر عیراق‌و وتەی دوژمنکاری دەرئەبڕی‌و کەوتنە باس‌کردنی رێکەوتنە گومان لێکراوەکەی ساڵی ١٩٧٥ی نێوان صدام حسین‌و شای ئێران وتمان بابە بەڵگەنامە لای خۆتان هەیەو ئیستا ئێوە بوونەتە حکومەت ئەگەر بەڵگەنامەی نهێنی‌و گومان لێکراون بەڵگەنامەکان لای خۆتانە ئەگەر شتێك هەیە ئاشکرای بکەن‌و بزانن نەمانخوێندۆتەوەو گوێمان لەو قسانە نەبووە ، هەڵبژاردنیان کردوو ناوی کۆمارەکەیان بەناوی کۆماری ئیسلامەوە ناو بە پێی ئوسوڵ ئەبێ بروسکەیەکیان بۆ بنێرین ئەو دەمە هەڤاڵ احمد حسن بکر لە سعودیە بوو بۆ ئەوەی لە عمرەدا بێت‌و بەناوی ئەوەوە لێرە لە عیراق بروسکەیەکم نارد پیرۆزبایی درووستبوونی کۆمارەکەیانمان کردوو داوامان لێکردن کە پەیوەندی نێوانمان پێش بکەوێ کە خزمەتی گەلانی هەردوو لا بکات‌و بە بروسکەیەك وەڵامی دایەوە کە ناکرێ ئاراستەی بچوك‌ترین کەس بکرێ ئینجا کۆتایی بەوەدێ (والسلام علی من اتبع الهدی) مەبەستی لەم بروسکەیەش ئەگەرچی ئەگەر نە نێررایەو مەبەستەکە باشتر ئەبوو ، ئەوەبوو کە رژێم ناشیرین بکات‌و دووبارە خۆمان وا پیشاندا ٠٠ کە بروسکەکەمان نەخوێندۆتەوەو گوێمان لێی نەبووە تاوەکو زنجیرە دووژمنکاری‌یەکان زۆرتر ئەبن ٠ سووپا لەباکوورەوە تا باشوور لەسەر سنوور ریزکراو جارێکی تر ناردیانەوە بە دوای کوڕەکانی بەرزانی لە ئەمریکاداو کەوتنە چەکدار کردنیان ، بەرەبەیانی ٤ـ٩ـ١٩٨٠ وەزیری بەرگری لامبوو سەبارەت بەو چەکە ئەیویست رام وەربگرێ کە ئەو دەمە لە ئیتالیامان کڕیبوو وەزیری ناوخۆ دەستی دابووە تەلەفۆن‌و پێی وتم دەستدرێژی کراوەتە سەر ئەم شارانەی خوارەوە ، قۆرەتوو مەندەلی‌و خانەقین‌و زرباطیەو ناوچەی ناوچەی خانەقین‌و عیراقی‌یەکان کەوتوونەتە چۆڵکردنی شارەکان ٠٠ کەواتە ئەمەیە جەنگ ئەبێ جەنگ چی‌بێ لەوە زیاترکە لە شارەکان بدرێ‌و وێران بکرێن‌و وڵامدانەوەمان دەستی پێ‌کرد ، لەسەرەتادا ناوچەیی بوو چونکە پێمان وتن بەرەوروبوونەوە ئەوەیە ئەبێ تۆپەکان لەبۆردوومان کردنی شارەکان بەهەر نرخێ بێ دووربخرێنەوەو ئەفسەرێك لە وەزارەتی بەرگری‌یەوە هاتە لام تەنانەت من ئەو دەمە لە بەغدا نەبووم چونکە من پاش ئەوماوەیە چووم بۆ ناوچەی صلاح‌الدین لە سامەڕاو ئەفسەرەکە هات بۆ ئەوێ بۆ لام پێم‌وت چ گۆڕانێکی تازە رووی‌داوە ، وەرەو هاتە لامو وتی گەورەم بۆ ئەوە هاتووم تا تۆپەکانمان دوور بخەینەوە ئەو تۆپانەی کە لە زین القوسی عیراق ئامادە کراون‌و سووپای ئێرانی هەندێکی لە زەوی عیراقدان کە زین القوس‌و سیف سعدو ناوچەی ترنو هەندێکی تریان لەسەر سنوورن‌و بۆ ئەوەش کە تۆپەکانمان لە بۆردوومان دوورخەینەوە ئەبێ بە سووپا زین القوس بگرین ٠

زین القوسمان گەڕانەوەو یاداشتێکمان بۆ ناردن‌و پێمان وتن براکانمان کارەکە بەم جۆرەیەو ئێوە دەست ـ درێژیتان لێمان‌و لە شارەکان کردوو ئەگەر ئێوە مەبەستتان جەنگێکی گشت لاگر نی‌یە ئا ئەمە ئێوە تێ‌ی نەگەیشتوون‌و وتمان ئەمانە کاربەدەستی تازەن‌و تێ‌ی ناگەن‌و حسابی ئەم کاری شار وێران‌کردنانەتان نەکردووە چونکە

بروانە ل ٤

Institut kurde de paris

بەشی دووەمی کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لەگەڵ رۆژنامەنووسەکانی فەرەنسادا

دڵنیاین سەرکەوتن بۆئێمەیە

● **هەموو پێشکەوتنەکان دەسکردی شۆڕشن**

بەکورتیەکەی پێش شۆڕش لەم وڵاتەدا هەموو شتێ لەرزۆك بوو زۆری وێرانەبوو هەتا ئەهوەنی ناوخۆو لاوازی ئەو پایە دەوڵەتیەی بۆ عیراق ئەگونجێ ٠٠ ئومیدەوارین سەرجەم عیراق ببینن ، چۆنی‌لێ‌هاتووە ٠ لە رووی پێشکەوتنی زانیاری‌و تەکنیکی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یەوە ٠٠ لە بواری پیاوژندا ٠٠ لە کارگەو کێڵگەو مەیدانەکانی تردا ٠٠ لە هونەردا لە مۆسیقادا لە ویژداندا لە رەفتاری منداڵدا چی‌ی لێهاتووە ٠٠ ئەمانە هەموو دەستکردی خۆمانن‌و دەستکردی بێگانەنین ٠٠ ئەم هەموو پێشکەوتنە دەستکردی شۆڕشی تەموزە ٠٠ بێ‌گومان ئێوە لایەنێکی گرنگی ئەو دۆخەی ئەزانن کەپێش شۆڕشی گەڵانی ئێران ئێرانی تیدا بوو کە دوای رووەکەی بوو بە خومەینی بەڵام خومەینی چی‌ی پێشکەش کرد ٠٠ ئێرانی لە مەیدانی تەکنیکی‌و زانیاریدا وێران‌کردوو لە مەیدانی دارایی‌و بایەخ‌پێدانەوە وێران‌کرد ٠

● **خومەینی شەخسیەتی ئێرانی شکاند** ●

گرنگ‌ترین شت ئەوەیە کە شەخسیەتی ئێرانی شکاند ٠٠ چۆن شەخسیەتی ئێرانی شکاند ٠٠ لە بایەخدارترین گوشەوە شکاندی ئەویش رەفتار کردنی‌ی بەهرەداریە لەگەڵ زیاندا کاتێ کە مرۆڤ سەرکردەی ئەو زیانەبێ ٠٠ کەوتە ئەوەی ئەوانەی بۆشتی ئەفسانە کە باوەڕیان بەو کاروانە هەیەو بۆشتی ئەفسانە ملکەچ بکات مرۆڤ لە مرۆڤێکی کاری‌گەر لە زیانداو سەرکردەی زیان بکاتە مرۆڤێکی خۆبەدەستەوەدری ئەفسانەو یاساکانی ٠

بۆچی ئاینە ئاسمانی‌یەکان یاسای ئەفسانەیی‌بوون یاخود یاسای خوداوەندبوون بۆئەوەی مرۆڤ لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی‌یەوە ببات‌ە دۆخێکی پێش‌کەوتوو گۆڕراوەو لە پەیوەندی زوڵم‌زۆری نێوان ئادەمیزادەوە بخاتە پەیوەندی‌یەك کە لەسەر بنەڕەتی سەربەستی‌و لەسەر بنەرەتی ڕێزگرتنی هەڵکەوتنی مرۆڤانە پێکهاتبێ ٠٠ هەموو ئاینە ئاسمانی‌یەکان تەنانەت ئاینی مەسیحی‌و موسوڵمان دەربڕی عەقڵی خوداوەندن دەربارەی ئەوەی کە بۆ پێشکەوتنی ئادەمیزاد چی ئەوێ لەو سەردەمانەدا کە یەك‌بەدوای‌یەکدا ئەهاتن لە رووی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی‌و دۆخی مەوزوعیەوە ٠٠

● **لە ئێراندا گەرانەوە بۆ دواوە هەیە** ●

ئایا ئەو دۆخەی کە ئیستا لە ئێراندا هەیە دۆخی بەرەوپێش‌چوونە ٠٠ یاخود دۆخی گەرانەوەیە بۆ دواوەو بەرەو هەڵدێر ٠٠ وانەزانم ئێمە لەوەدا لەیەکتری‌جیانین کە دۆخەکە گەرانەوەو بەرەو هەڵدێرە لە روانینیا بۆ مرۆڤ‌و لە روانین‌دا بۆ ئەو دەورەی مرۆڤ هەیەتی لە سەرکردایەتی کردنی ژیاندا بەرەو پێشەوەو تەنانەت لەبۆ روانینی ئەو پەیوەندی‌یەی کە لە نێوان مرۆڤ‌و خوادا هەیەو گەرانەوەیە بۆ دواوەو ئاڵۆزە ٠٠ کەواتە راستی ئەو دۆخەی ئەمڕۆ لە ئێراندا هەیە پێ‌ناڵێین دۆخێکی ئاینی راستەو بگرە دۆخێکە لە ناوەرۆکی بنەرەتیدا دوورە لە ژیان‌و ئاینەوە لەبەرئەوە ناتوانین ئەو زۆرانبازی‌یەی لەنێوان عیراق‌و ئێراندا هەیە ناوی بنێین زۆرانبازی ئاینە لەلایەن ئێرانەوەو ٠٠ لەلایەن عیراقەوە علمانی‌و پێشکەوتوخوازیە ٠٠ لە جەوهەردا زۆرانبازی‌یە لەنێوان خەڵکێکدا ژیانیان بەپێی واتای پێشکەوتن دەوێ‌و ئەیانەوێ سەرکردەی ئەم ژیانە بن‌و کەسانێك نین کە هەر شوێن‌کەوتووی یاساکانی بن‌و ٠٠ لەنێوان خەڵکیکدا چاوچنۆکن‌و ٠٠ رەگەز پەرستن‌و ٠٠ چەوساندنەوەی گەلان‌و دەستخەستنە کاروباری ناوخۆی دەرەوەی سنووری وڵاتەکەیان ئەوێ وەك دەربڕینێکی دواکەوتوانەیان لەژیان‌و مەیدانەکانی تردا ٠

● **عیراق بروای بە ئاین‌و ئاینەکان هەیە** ●

بۆ رێ‌نیشاندانی ئەم خاسیەتەی ئێران‌و روانینە چاوچنۆکی‌و دوژمنایەتی‌یەی بەتایبەی دژی عیراق‌و نەك دژی وڵاتێکی تر هێزی دەرەوەیی هەبوون ئەم کارەیان هاندا هێزی دەرەوەیی هەبوو تەقەللای‌داو تەقەللائەدات کە ئەم خاسیەتەی ئێران کە لێ‌دواین بەرێ‌یەکدا ببات کە مەبەستی ئەوەبێ ئەم تاقی‌کردنەوە بەرزە لە عیراقدا وێران بکات ٠٠ ئێوە ئەزانن عیراق بڕوای بەئاین‌و ئاینەکان هەیە ٠٠ هەموو هاوڵاتی‌یەك بەپێی ئاینی خۆی‌و ٠٠ ئەشزانن کە عیراق چاودێری پەرستگای هەموو ئاینەکان ئەکات‌و بگرە ئەو دەمە بەختیارین کە گەلان باوەڕیان بەخوا هەبێ ٠٠ ئێمە دژی ئیلحادین ٠

● **ئێمە سەرکەوتوین‌و ئەوان تێکشکاون** ●

نەك ئیستا بگرە پێش‌ئەوەی شۆڕشی ئێران بەرپابێ ٠٠ جا ئەگەر ئەوە زۆرانبازی‌یەك بێ لەنێوان رژێمێکی‌ی ئاینی‌و رژێمێکی علمانی‌دا ئەگەر لەسەر بنەرەتی ئەوە بوایە وەك لە رۆژئاوا بۆ علمانیەت ئەروانن ئەبوایە بۆ نموونە لەنێوان ئێران‌و یەمەنی دیموکراتیدا یاخود لەگەڵ ئەفغانستاندا رووی بدایە ، بۆچی لەگەڵ عیراقدا ببێ ٠٠ چونکە عیراق تاقی‌کردنەوەیەکی بەرزە لە بیناکردن‌و بەهاداو بەستێکی پتەوە بەرامبەر هەموو لافاوێکی چاو چنووکی ئێران بەرامبەر ناوچەی خەلیج‌و هەموو نیشتمانی عەرەب هەیەێ بەم جۆرە ٠٠ عیراق مەبەستبوو ، لەبەرئەوە بە چاوپۆشی لەو شەپۆلە ئادەمیزادیانەی دژی عیراق پاڵیان پێوە ئەنێ ئێمە بروامان هەیە بروایەکی تەواو کە سەرکەوتن بۆ ئێمەیەو ئەم باوەڕەش تاکتیك‌نیە بگرە باوەری پتەوە لە ویژدان‌و دەروونماندا بە قووڵی چەسپاوە ٠ چونکە ئێمە لە عەقڵ لە ویژدانماندا سەرکەوتوین‌و ئەوانیش لەناو عەقلیاندا دۆراون ٠

رژێمی ئێران کە بەشێواوی روانی‌یە ژیان‌و ئەو دەورەی مرۆڤ کە لە ژیاندا هەیەتی تێکشکا ، لەبەرئەوە لەئەنجامی تریشدا تێکشکاو ئەبێ مەبەستمان مە چاو چنۆکی‌یە بەرفراوان‌بوون‌و دوژمنکاری‌یەتی وەك ئەنجامێ کە لە هەموو دۆخەکەدا ئەبێ زۆرانبازی هەبێ ٠٠ دۆخی دوژمنکاری دور لە بەرفراوان‌بوون بەلێپرسراویەکی بەرزەوە بەرامبەر بەژیان‌و بەرامبەر بە مرۆڤایەتی بەگشتی بەچاکی کاربکات ٠٠ دۆخی فراوان‌بوون‌و دوژمنکاری رەگەزپەرستی جۆربەجۆرە ئەگینا خۆراگرتنی عیراق ساڵێك‌و حەوت مانگی عیراق بە چی لێك‌بدەینەوە لەگەڵ ئەوەی کە گەلی عیراق سێ‌یەکی دانیشتوانی ئێرانەو لەگەڵ‌ئەوەشدا پانتایی عیراق‌قووڵایی‌یەکی دەستنیشان‌کراوی هەیەو لەبەر شتی تریش‌و هەروەها ئێوە ئەزانن کە زۆر لە هێزەکانی ئەتوانن عیراق‌و ناوچەی خەلیج بە چەند رۆژێك ناخود چەند حەفتەیەك داگیربکەن‌و ئەوەتا لەسەر سنوورەکانیان‌و لەناو زەوی ئەواندا ساڵێك‌و حەوت مانگە شەرئەکەن ئایا ئەمە سەرکەوتنی ئێمە نیە ؟

سەرکەوتنێك بۆ مرۆڤایەتی

ئێمە لەو بڕوایەداین کەئەمە سەرکەوتنێکە نەتیا بۆعێراق نی‌یە ، بەڵکو بۆ مرۆڤایەتیشەو ، لەهەمان کاتیشدا سەرکەوتنێکە بۆ گەلانی ئێرانی کەلەسەر بناغەی ئەو یاسا مەنتیقی‌یانەی کەئیشمارەتمان کردن ، دەڕوانێت ٠٠ هەروەك ئەوانیش لەگەڵ ئێمەدا لەو یاسایانەدا هاوبەشی دەکەن ٠ هەروەها ئێمە لەو بڕوایەداین کەسەرتاپا هەموو مرۆڤایەتی هەرگیز دوژمنایەتی‌و بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی ناوێ‌و بەچاوێکی کۆنەپەرستانەی‌و لەژیان ناڕوانێت ٠٠٠ پێش دوو رۆژ ئێرانی‌نەکان خۆیان ئەوەیان درکاند کەهاووڵاتی ئێرانی ئەمەن (١٤) ساڵانیان ناردووە بۆشەڕ لەدیزفول‌و شوش ٠

ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی کەئەوان لەکاتێکا شەڕ بەوانە دەکەن ، ئەوانە مێشکیان خاوەو کراوەیە بۆ وەرگرتنی هەموو بیروڕایەکی خەرافی‌یانە ، نەك ئەو مێشك‌و بیرە بێگەیی‌وانەی کەبەشێوەیەکی ژیرمەندانە مامەڵە لەگەڵ یاساو ژیاندا دەکەن ٠٠٠ شتێکی ئاشکرایە کە جەنگی عێراق‌و ئێران گەلێ پێچەوانە بوونەوەی هەبوو لەسەر بزووتنەوەی بێ‌لایەنی ، بەڵام دەوڵەتانی بێ‌لایەن لەسروشتی دوژمنایەتی رژێمی ئێران گەنشت ، ئەمەش زیاتر وایانکرد کەبەگەرمی‌یەوە هەوڵێ بەستنی کۆنگرەکە بدەن لەکاتی دیاریکراویدا لەبەغدا ، ئەو دەوڵەتە سەرکی‌یانەشی کەلەبزووتنەوەی بێ‌لایەنیدا ئەندامن هیوای گەورەیان وایە کەشوێنی کۆنگرەکە بەغدا بێت نەك شوێنی‌تر ، ئەمەش لەبەر چەسپاندن‌و بەتین‌کردنی بزووتنەوەی بێ‌لایەنی لەڕێرەوە سەرکی‌یەکانیداو لەو تێڕوانینەیدا کە بۆ ژیان‌و سیاسەتی دەوڵەتان هەیەتی ٠

شتێکی سروشتیشە کەئێمە پاڵپشتی خەباتی بەرهەڵستکارانەی گەلانی ئێران بکەین دژی ئەم عەقلیەتە لەئێران ٠

بەڵام ئەوە لەبیروبڕوای ئێمەدا نی‌یە کەدەست لەکاروباری ناوخۆی ئێران وەربدەین ، بەشێوەیەك کەببینە سەرپشك لەبڕیاردانی بارودۆخی سیاسەتی ئێران‌و سەرپشك بین لەوەی کەچۆن دەبێ ٠٠٠ بارو دۆخی پاشەڕۆژی ئێران ، گەلانی ئێران خۆیان بڕیاری ئەوە دەدەن ٠٠ هەرچی یارمەتی‌یەکانی (زایۆنیزم)یشە ئەوە بۆتە شتێکی زانراوو ئاشکرا لەلای زۆر دەوڵەتی جیهانی ، هەروەك مەسەلەی ئەم یارمەتی‌یەیەو درێژەی باسکردنی لەڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە ٠٠ بەبێ چاوپۆشی کردن ، ئێوە بۆتان هەیە ئەو حەقیقە بزانن ، کەعێران بەدرێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر لەسەر زەوی‌و سنوور بۆماوەی ساڵێك‌و حەوت مانگە جەنگ بەربا دەکات ، جا لێرەدا لەبەر ئەوەی عێراق هیچ تەماعێکی لەزەوی‌و زاری ئێران نی‌یە ، بۆنە لێپرسراوانی ئێران هەول دەدەن بەقەوارەی کەرتە سەربازی‌یەکانیان بەدرێژایی بەرەی جەنگ ، کە شوێنێك هەڵبژێرن‌و هەول‌بدەن ئەم شوێنە دیوار بڕ بکەن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو لەماوەی ساڵێك‌و حەوت مانگدا نەیانتوانی کە پێ‌بنێنە عێراقەوە،ئەی ئەمە بەسەرکەوتنی گەلێکی بچووك ناژمێردرێ دژی ئەوتاجەی کەکرایە سەری خومەینی لەکاتێگا هاتە سەر حوکم ٠٠ هەروەك ئێمە ئەمە بەسەرکەوتنێکی مەزن دادەنێین ٠

● **جەماوەری عەرەب لەگەڵ ئێمەدایە**

لەو بڕوایەدام هەموو ئەو گەلانەی کە بڕوایان بەپاکی‌و پیرۆزی ئایین هەیە ٠٠ لەدڵ‌و دەروونی خۆیاندا بەختەوەرن‌و ئەم سەرکەوتنەی کەعێراق بەناوی خۆی‌و گشت مرۆڤایەتی‌یەوە بەدەستی هێناوە ، بەمەزن دەژمێرن ٠٠ ئەوەشی پەیوەندی‌ی بەعەرەبەوە ٠ هەبێ ئەوە ئێمە دەزانین کەجەماوەری عەرەب ویژدان‌و بیرو نیشتمان پەروەرێتی‌و لە تێڕوانینی نەتەوەییدا لەگەڵ ئێمەدایە ٠٠٠ چونکە ئێمە لەسەر هەقین‌و نەمانهێشتووە زیان نەبەخۆمان‌و نەبەویش بگات ٠٠٠ باری دەوڵەتە عەرەبی‌یەکانیش ئەوە بوو لەنامەکەمدا کەئاراستەی فەیلەقی چوارەمم کرد ، لێ‌ی دوابووم ٠٠ بەڵام شتێکی نەشارراوەو دیارە کە زەمەن دەورێکی گرنگی گێراوە لەپەردە هەڵماڵێندا لەسەر ڕووی ڕاستی‌ی ڕژێمی ئێرانی‌و نیەت‌و مەبەستی دوژمنایەتی‌و رەگزپەرستێتی ئەم ڕژێمە لەلای زۆر لایەن ، لەوانە ژمارەیەکی زۆر لەو رژێمەو دەسەڵاتدارە عەرەبانەی کە ئەم حەقیقەتەیان بەماناو وێنە ڕاستەقینەکەی ، لەوەپێش نەدەزانی ٠

● **ئێمە ژیان دروست دەکەین**

ئەوان ژیان بەجێ دەهێڵن‌و ئێمەش دروستی دەکەین ٠٠ ئەوان لەئاوەرۆکی ئایین دوور دەکەونەوە ، بەڵام ئێمە دەیسەلمێنین‌و دووپاتی دەکەینەوە ٠٠ ئەوان هەموو ڕەگەزێکی یارمەتیدەری پێکەوە نانی شارستانیەت دەڕووخێنن‌و ئێمەش پردەکانی شارستانیەت بەشێوەیەکی پتەو دروست دەکەین ٠٠

● ئەوان زانست تێك دەدەن‌و رۆشنبیری قەدەغە دەکەن ، ئێمە زانست پێکەوە دەنێین‌و زانست دووپات دەکەینەوە پەرە بەرۆشنبیری دەدەن ٠٠ ئەوان زانکۆو قوتابخانەکان دادەخەن‌و ڕۆڵەکانیان لەقوتابخانەو زانکۆو پەیمانگاکان دەردەهێنن ، ئێمە قوتابخانەکان فراوان دەکەین‌و قوتابخانەی نوێ‌و زانکۆی‌نوێ دروست دەکەین٠٠ کەواتە ، بەپشتیوانی خوا سەرکەوتن هەر بۆ ئێمە دەبێ ، ئەگەر وا نەبێ دەبێ هەموو یاساکانی زەمین‌و ئاسمان پێچەوانە ببنەوە ، ئەوەش بەهیچ شێوەیەك ڕێ‌ی تێ ناچێ کەیاساکانی ئاسمان‌وزەمین بەئارەزووی خومەینی‌و دەستەو تاقمەکەی هەڵبگەڕێتەوە ٠

● **پێوەندی لەگەڵ فەرەنساو جیهاندا** ●

بەریز وەزیر :

پاش هەڵبژاردنی سەرەك میتیران‌و سەردانەکەی لە (ئیسرائیل) جۆرە ناڕەحەتی‌یەك لای عەرەبەکان پەیدابوو ٠٠ ئایا ئەمە چ کارێکی‌کردە پێوەندی نێوان فەرەنساو عەرەب‌و ئایا لاتان‌وایە ئەم پێوەندی‌یە ئیستە لەژێر مەترسێدایەو لە مەترسیداپوە ٠٠ سیاسەتی فەرەنسا پێویستە لەمە ڕوون‌تربێ بەتایبەتی لەگەڵ عەرەب‌و لە بارەی کێشەی فەلەستین ٠ چی پێویستە فەرەنسا لەم‌بارەیەوە بیکا ٠٠ ئایا ئەفەرموون باسی پێوەندی نێوان فەرەنساو عیراقمان لە هەموو بارێکەوە بۆ بکەن‌و ئایا سەرۆکی بەریز هێشتا لاتان‌وایە عەرەب پێویستە بۆمبای ئەتۆمی‌یان هەبێ ٠٠

ئایا هاوکاری نێوان عیراق‌و فەرەنسان لە مەندانی ئەتۆمیدا گەیشتە کوێ ٠

فەلەستینی‌یەکان ڕووبەڕووی سۆپای (ئیسرائیل) وەستاون ٠٠ ئەگەر بارودۆخی ڕۆژئاوا تەشەنەی کرد ئامادەن بۆ ئەوەی سوپای ئیا بەکاربێنن ٠٠ سەردانەکەی ئەمدوایی‌یەی مەلیك حسین بۆ بەغداد چی‌بوو ٠٠ پێوەندی نێوان عیراق‌و یەکێتی سۆڤیەت‌و عیراق‌و ڕۆژئاوا چۆنە ٠٠ ئایا ئەکرێ باسی کۆنگرەی لووتکەی وڵاتە بێ‌لایەنەکانمان بۆ بکەن کە لە بەغداد دەبەسترێ ٠ سەرەکی بەریز ٠٠

ئێمە باسی ئەو بنچینانەمان‌کرد کە لامان‌وایە باشن بۆ پەرەپێدانی پێوەندی نێوان عیراق‌و فەرەنسا ٠٠ لەبەر ئەوە هەر لادانێك لەم بنچینانە ئەبێتە هۆی ئەوەی چ فەرەنسا چ عیراق چاوبگێڕێتەوە بەم سیاسەتەدا ٠ ٠ بەڵام لەبارەی پێوەندی نێوان عەرەب‌و فەرەنسا خۆتان ئەتوانن بگەنە ئەو ئەنجامەی بۆچی پێوەندی نێوان عەرەب‌و فەرەنسا لەم ساڵانەی دواییدا پەرەی‌سەند٠ لەپێش ئەو هۆیانەی کە بوونە هۆی پەرەسەندنی پێوەندی نێوان عەرەب‌و فەرەنسا ئەو تێڕوانینە تازەیەبوو کە لە چەرخی ژنرال دیگۆلەوە دوای ئەویش لە فەرەنسادا پەیدابوو بە شێوەیەکی ڕوون‌و ڕەوان ئەوەی دووپاتکردەوە کە (ئیسرائیل) دەستدرێژی‌کردوەتە سەر عەرەب‌و (ئیسرائیل) ئەیەوێ لەسەر حیسابی عەرەب مەودای خۆی فراوانکا لەبەر ئەوە هەر یارمەتی‌یەك کە پێشکەشی دەستدرێژی‌کەرەکە بکرێ وا لە دەستدرێژی‌لێ‌کراوەکە دەکا وا بیربکاتەوە کە ئەولایەی یارمەتی‌یەکە ئەکا پشتی دەستدرێژی‌کەرەکە ئەگرێ‌و ئەم هەڵویستەیش هەر ئەبێ ڕەنگی خۆی بداتەوە لە هەموولایەکی سیاسەتداو کاربکاتە سەر پێوەندی نێوان لە هەموو لایەکیەوە ٠ ئێمە هەندێ سرنجی سەرەکیمان بەسەر سەردانەکەی سەرەك میتیرانەوە هەیە بۆ (ئیسرائیل) ٠

لەپێش هەمووشتێکەوە لەوەتی (ئیسرائیل) دەستدرێژی‌یەکەی کردوەتە سەر عەرەب لە ساڵی ١٩٦٧ ٠ وە هیچ بەرپرسێارێکی گەورەی فەرەنسا سەری لە (ئیسرائیل) نەداوە کەچی سەرەك میتیران سەری لە (ئیسرائیل)دا هەرچەندە (ئیسرائیل) هێشتا هەر خاکی‌عەرەبی داگیرکردوەو هێشتا هەر تەمای ئەوەیە لە زەوی داگیرکراوی عەرەبدا بمینێتەوە ٠٠ لەبەر ئەوە ئەم سەردانە ڕەنگە وا بکا لە (ئیسرائیل) بە جۆرێ بجووڵێتەوە لای وابێ ئیتر جیهان بە دەستدرێژی‌کەری نازانێ‌و کردەوەکانی جێگای بێزاری نین‌و شایانی سەبرکردنی‌لارو جووڵانەوەی ناڕازی‌یانە نین ٠

شتێکی تریش ٠٠ لە کاتی سەردانەکەی سەرۆکی فەرەنسادا وا بڵاوکرایەوە کە فەرەنسا ئامادەیە هەموو پێویستی‌یەکانی (ئیسرائیل) جێ‌بەجێ بکاو یا بە چاوێکی ڕازی‌یانەوە سەیری داواکانی (ئیسرائیل) بکا لە بارەی شت‌و مەکی سوپایی‌و موفاعیلی ئەتۆمی‌و بیشیدا بە (ئیسرائیل) ٠٠ ئایا ئەشێ چەك بە دەستدرێژی‌کەربدرێ بۆ ئەوەی توانای دەستدرێژی‌کردنی زیاتر بکرێ ٠ بە تایبەتیش ئێوە ئەزانن (ئیسرائیل) چەکی زۆری هەیەو جۆرەکەیشی وا پێشکەوتووە ئەتوانێ بە هۆیەوە بیرە دەستدرێژی‌یانەکەی پێ جێ‌بەجێ‌بکا بەرامبەر بە وڵاتە عەرەبەکانی دراوسێ‌ی‌و بێجگە لەمەیش وای لێ‌بکا سووربێ لەسەر مانەوەی لەو زەوی‌یە داگیرکراوانەدا ٠

لەبارەی موفاعیلە ئەتۆمی‌یەکانەوە تاشکرایە (ئیسرائیل) چەندەها موفاعیلی ئەتۆمی هەیەو بۆ مەبەستی سوپاییش بەکاریان دەهێنێ‌و بۆمبای ئەتۆمیشی دروستکردوە کەچی فەرەنسا ئەڵێ ئامادەیە موفاعیلی ئەتۆمی بدا بە عەرەب بەڵام بۆ کاروباری ئاشتی‌یانە٠٠ بەڵام کە موفاعیلی ئەتۆمی ئەدا بە ئیسرائیل هێزی سوپایی (ئیسرائیلی) پێ پتەودەکاو وای لێ‌دەکا ئەتۆم بۆ مەبەستی سوپایی بەکاربێنێ ٠ لە ڕاستیدا ئێمە چاوەڕێی ئەوە بووین نەك هەر فەرەنسا بەڵکو گەلی فەرەنسایش زۆر بە توندی بەرامبەر (ئیسرائیل)و دەستدرێژی‌یەکەی بۆ سەر موفاعیلی‌ی تەمموزی ئاشتی‌یانە بێتە وەڵام چونکە ئەو دەستدرێژی‌یە کەم‌کردنەوەیەك‌بوو لە گرنگی‌و دەوری فەرەنسا لە نێو دەوڵەتانا ، ئەو موفاعیلە سۆڤیەتی یا ئەمریکایی بوایە ڕەنگ‌بوو (ئیسرائیل) نەتوانێ لێ‌ی بدا ٠

لەبەر ئەوە ئێمە لامان‌وایە لە پێناوی پتەوکردنی شەخسیەتی سەربەخۆی فەرەنساو پتەوکردنی شەخسیەتی فەرەنسا لەبەردەم ئادەمیزادی فەرەنساییدا پێویستە فەرەنسایی‌یەکان زۆر سووربن لەسەر ئەوەی بە زووترین کات موفاعیلێکی ئەتۆمی ئاشتی‌یانە دامەزرێنن لە عیراقدا٠

● **سەردانەکەی مەلیك حسین برایانەیە** ●

سەردانەکەی مەلیك حسین بۆ عیراق سەردانێکی برایانەیەو هەر بەینەنابەینێ ڕووئەداو هەمیشەیش مەبەست لێ‌یان باسکردنی کاروبارەکانی ئەتەوەی عەرەب‌و پێوەندی هەردوولامانە لە چوارچێوەی ئەرکی هاوبەشیمان‌و پێوەندی قووڵی برایانەماندا ٠ ئێوە ئەوە دەزانن بێجگەلە ئەوەی ئەردەن وڵاتێکی عەرەبە پێوەندی نێوانمان لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی ئاشکراو دیار پەرەی سەندوە ٠

● **بەرپرسیارین بەرامبەر مرۆڤایەتی** ●

پێوەندیمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا ئیستا باشە٠٠ بەڵام ئێوە شارەزان لە هەڵوێستمان بەرامبەر بەورووداوانەی کە لە ڕۆخی ڕۆژئاوادا ڕووەدەدا دژی گەلی عەرەبی فەلەستینمان ٠٠ ئێمە هەمیشە لەگەڵیاین لە مافیاو لە خەباتیا لە پێناوی ئازادی‌و لە پێناوی دەستکەوتنەوەی مافی زەوتکراویا ٠وەك هەموو ئەو گەلانەی جیهان کە لە پێناوی خاك‌و سەربەرزی‌و سەربەخۆیی‌و زەوی داگیرکراویان خەبات دەکەن‌و لە چوارچێوەی تێڕوانینی ئادەمیزادانەو بەرپرسیاری نیشتمانی‌و ئادەمیزادانەیانا هەوڵی دەستخستنی مافەکانیان دەدەن بە ڕێگایی سیاسی‌یەوە بەڵام ئەگەر نەیانتوانی بە ڕێگای سیاسی مافەکانیان دەستگیربکەن بێ‌گومان دەگەڕێن بە شوێن ڕێگای‌تردا بۆ دەستگیرکردنی مافەکانیان‌و ئەمەیش مافی ڕەوای هەموو ئادەمیزادێك‌و نەتەوەو گەلێکە ٠٠ ئێمە لەگەڵ خەباتی گەلی فەلەستینداین لە پێناوی مافەکانیا بە هەموو جۆرەکانیەوە بەو شێوەیەی بارودۆخ بڕیاری‌دەداو نەتەوە بڕیاری‌دەداو لە پێشیشیانەوە ویستی گەلی فەلەستینی ٠ ئێمە کە لەم لایەدا وەك هەموو لایەکی‌تر کە لە پێناوی مافەکانماندا خەبات دەکەین ئەرکی خۆمان بەرامبەر بە مرۆڤایەتی لەبیر ناچێ ٠ هەرکاتێ بارودۆخ وابێ بتوانین مافەکانمان بپارێزین‌و مافەکانمان بێنینەدی‌و لە هەمان‌کاتدا ئەوەی لەسەرمانە بەرامبەر ئاشتی جیهان بێکەین وا بەوپێ‌یە ئەجوولێینەوە٠

لەبارەی پێوەندیشمانەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا ٠٠ پێوەندیمان لەگەڵ هەموواندا وەك یەك نی‌یە ٠٠ لەگەڵ هەندێکیانا باشە ، وەك فەرەنسا ٠ لەگەڵ هەندێکیانا خراپەو لەگەڵ هەندێکی تردا ئاسایی‌یە ٠٠ بەڵام هەموو ئەو وڵاتانەی جیهاندا کە ڕێز لە مافە نەتەوایەتی‌و میللی‌یەکانمان دەگرن ئیتر چ ئەم وڵاتانە ڕۆژئاوایی یا ڕۆژهەڵاتی یا لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بن ٠

لەبارەی چەك‌و جبەخانەی سوپایی ئەوەی کە پێش شەڕ لەگەڵ فەرەنسادا ڕێك کەوتووین لەبارەیانەوە ئێوە ئەبێ لە فەرەنسادا قسەی بەرپرسیارە فەرەنسایی‌یەکانتان خوێندبێتەوە کە وتیان ئەو بەڵێنانەی کە داویانە جێ‌بەجێ‌ی دەکەن وەك هەر وڵاتێ قەدری خۆی بزانێ‌و لە هەرلایەکەوە بڕیاریان‌دابێ لەسەری ئەڕۆن ٠

بەخێربێن بەسەرچاو ٠

سڵاومان بۆگەلی فەرەنسا ٠ تکام وایە ئەوەی بتوانێ پشووی ئەوەی هەبێ درێژە بە سەردانەکەی‌بداو عیراقی ڕاستی ببینێ‌و بیەوێ سەر لەو شوێنانەبدا کە ئەیەوێ بەوجۆرەی کە ئارەزووی لێیەتی بیانبینێ‌و وا ئێمە زۆر بەمە دڵشادین ٠

Institut Kurde de Paris

ووتەیەکی گرنگی سەرەکی فەرماندە، صدام حسین، لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا ٠ بەشماوە ٠

چەکەکانتان لە خاکی عیراقەوە کەناوی زین القوسە شارەکانیان بۆردوومان کردوە بەڵام نەبوو ٠٠ هەڵوێستەکە وەڵام خێرا ئەگۆڕراو سووپا کێشکردن زۆربوو٠٠شط العرب‌یان بە تەقە داخستو ژمارەیەك کەشتی بێگانەو عیراقیان نوقم کردوو بۆردوومان کردن لەم شارانەوە گەیشتە شاری بصرە ٠٠ لە دەوروبەری شاری محمرەوە تۆپبارانی شاری بەصرەیان ئەکرد ٠٠ کەواتە جەنگ بەسەرماندا دەستی پێکردوو لەبەر ئەوەشی کە شەر لە لای لایەنێکی بێگانەیەکەوە دەستی پێکردو کەزیانی تۆی دەوێ لە دوو رێگەت زیاتر لەبەردەما نیە یان ئەبێ خۆت بەدەستەوە بدەیت یان ئەبێ شەربکەیت ٠٠ ئێمە کە عیراقین‌و بەرپرسیارین لەو جۆرە نین کە خۆمان بەدەستەوە بدەین‌و لەو جۆرەین کە جەنگ ئەکات بۆ بەرگری کردن لە رەوا٠٠ رێگەی ئاسمانی‌و شط العرب‌یان گرتوو شاری بەسرەو شارەکانیان بۆردوومان کردوو ئەمەشیان دووبارە کردەوەو مەبەستیان بۆردوومان کردنی ئەو شارانەش بوو کە توانای بۆمبای تۆپەکانیان هەیە بیگاتێ ٠٠ سووپایان زیاتر کۆبووەوە کەواتە ئەوە جەنگەو جەنگ دەستی پێکرد ٠٠ کاتێ کە شەر هەڵئەگیرسێ یەکەم شت پێش هەموو مافێکی دەستکەوتوو ، یان هەموو مەسەلەیەکی وەدیهاتوو بەهۆی جەنگەوە ئەبێت ، هەڵدەوەشێتەوە ، ئەو نیوەیەی شط العرب کە بە جەنگ ساڵی ١٩٧٥ لێمان داگیرکرا٠٠لە رووی کاریشەوە لەبەرئەوەی جەنگ هەیە ناکرێ شط العرب بەکار بهێزێ‌و عیراقی‌یەکان جەنگان٠٠ جەنگان بە شێوەیەك‌و بەو شێوەیەی کە هەرچەندە دەزگا راگەیاندنەکان ، هەر هەولی بدەن ، گرێی تری بۆ ئەو حافظ اسدە دروست کرد کە هەردەتوانێ هەفتەیەك بجەنگێ‌و ئیتر بشکێ ، جا دیارە ڕقی لەوانەیە کە ساڵێك‌و حەوت مانگ شەر ئەکەن‌و سەرئەکەون ٠ ئەوەی جولان بدات بەدەستەوە پێی ناخۆشە عیراق بەرگری لە خاکەکەی بکات‌و ئەوەی لە ئازادی خوازانی سوریا بدات‌و وێرانیان بکات‌و ژن‌و منداڵ بکوژێ ئەو کەسانەیان خۆشی ناوێ کە لە ناو گەلەکانیانا ئەژین‌و گەلەکەیان خەیاڵ بڵاو تەنانەت خوانەکات ئەگەر لە شەقامەکانی بەغداشدا شەر بکەین حکومەتی بەغدا ناروخێ چوونکە بەغداد حکومەت نیەو ئەگەر ئێمە وەکو ئەو ئەیووین دەمێك‌بوو کەوتبووین‌و بمبەخشن لەگەڵ رێژمدا بۆ حکومەتی عیراق من وشەی حکومەتی عیراقم بەلاوە خۆش نیەو ئەوە چوارده ساڵە وشەی حکومەتی عیراقم نەدرکاندووە ٠

ئێمە حکومەت نین تا بڕوخێین ئەگەر حکومەت بونیایە لە ئێستا بچوکتر ئەبووین لەماوەی ئەو وردبینیەی ئێستا

کردەوەکانی ڕژێمی حافظ اسد لە لەخێزی یەوە نیە بەڵکو بەڵگری بۆ لەخێزیەتی

بچوکتر ئەبووین ٠٠ حزبەکەمان بچوکتر ئەبوو ٠٠ گەلەکەمان کە دەوری داوین کەمتر ئەبوو ٠٠ تواناو تاقی‌کردنەوەکانمان کەمتر ئەبوون‌و چەند جار ئەوو داوودەستەکەی‌و هێزی گەورەو دەوڵەتی مەزن پیلانیان لێکردین ماینەوەچونکە ئێمە ئەو حکومەتە نین ٠٠ کە هێزی خۆی لەسەر سەد کەسێ ئەمن‌و پێنج هەزار کەسی مخابەرات دروستکردبێ ٠٠ ئێمە هێزی بنەڕەتیمان بە گەلەو هێزی بنەڕەتیمان بە خوایە ، چونکە ئێمە لەسەر حەقین ئەمەیە هێزە بنەڕەتی‌یەکەمان ٠٠ ئەتوانرێ ئەم هێزەی لێ بسەنرێتەوە ناتوانرێ ٠٠ ئەمەش لوتبەرزی نیە بگرە ئەمەیە ریگەی ساغ ٠٠ بۆچی شەرمان لەگەڵدا ئەکەن ٠٠ بۆچی جەنگمان لەگەڵدا ئەکەن ٠٠ هەر وەك پەندەکەی لادێ ئەڵێت ٠٠ گازندەی مەروماڵاتەکەیان ئەکەن دەستیان بۆ درێژکراوە ٠٠ خەڵکێکین ئەمانەوێ سەربەرز

بەحوکم راکانی تارانمان وت چاومان نە بڕیوەتە خاکتان و نامانەوێ زیان بە گەل و سوپاکەتان بگەیەنین بە دزم بە ربەچی دەستدرێژیە کانتانمان دایەوە

لە ویژدانیاندایەو ئەمەش ئەگەر بۆ ئەوە ئەو هەموو تبێنیانە نەچین کە ئەبودلف‌و هیتر باسی ئەکەن‌و سەبارەت بەورژێمە زانراوە ٠

ئەو رژێمە ئەگەر یەکرێگیراو نەبێ رۆژانە وێنە ناشیرینەکەی تیاتاناو لە هەریەکی لە ئێوەداو لە هەموو پاڵەوانێك لە بەرەداو لە عراقی‌یەکی دڵسۆزدا ئەبینێ کە بە شانازی‌یەوە بینای ئەم وڵاتە ئەکات ٠٠ رقی لە هەموو ئەو کەسانەیە گەلەکەی خۆش ئەوێ چونکە ئەو گەلی خۆش‌ناوێ‌و خاکی خۆش‌ناوێ‌و منداڵی خۆش‌ناوێ‌و ئەوەی شارەکان بێجیاوازی بۆردوومان ئەکات ئەوە خاکی خۆش‌ناوێ‌و ئەوەی مزگەوتەکان ئەروخێنی خوداوەندی خۆش‌ناوێ ٠٠ دیارە گرێکانی خۆی ئەبینێ‌و جا ئەگەر ئەو هەر هیچ بەکرێگیراو نیە ئەمی ئەم لایەو ئەمی ئەو لایە کەواتە ئێمەش چی‌بکەین ئەبێ ئێمەش گەلەکەمان بکوژین‌و شارەکانمان وێران بکەین‌و خۆمان لە کۆشکی کۆماری بخزینین تاوەکو ئەومان لێدێت‌و گرێمان تێ‌ئەکەوێ ٠٠ بەخوا ئێمە ناتوانین ئەوە بکەین چونکە مەسەلەی پەیوەندیمان لەگەڵ گەلەکەمان‌و لەگەڵ خاکەکەمان‌و لەگەڵ کەلەپوورمان‌و لەگەڵ مێژوومان‌و لەگەڵ نرخەکانماندا مەسەلەی حوکمداری‌و مەسەلەی هونەری نیە چونکە هەر وەك مەسەلەکە لە مێشکماندا چەسپاوە لە ویژدانیشماندا هەروایە ٠٠

براکانم رژێمی حافظ ٠٠ کردەوەکانی بە هیزی نیە، ئەو کردەوانەی پێ هیزی‌و لاوازی‌یەو ئێمە لێی بەرپرسیارنین‌و ئەو لێی بەرپرسیارەو ئەوەشی رێگەی چارەسەرکردنی لاوازی‌یەکەی نیە ٠

رێگەی چارەسەرکردنی لاوازی رێگەی پەیوەندی کردن بەگەلەو پەیوەندی کردنە بە نرخە چاکەکان‌و راستی‌و ئازایەتی پاك‌و ئینجایەن کۆئەبنەوەو بەرپرسیارێتی دابەش‌و بەش ئەکەن رژێمی ئێرانیش لە لای عەمارەوە هێرشی ئەهێنێ‌و عەمارە ئەگرێ‌و حافظ اسدیش کۆمەڵی خەڵکی گومان لێکراوو ناپاك لە شاخدا ئەجووڵێنێ‌و لەوێ ئەیانجووڵێنێ ، دوایی حکومەتی بەغدا ئەکەوێ ئەی

لە وڵاتەکەماندا بژین‌و ئەمانەوی لە خاکەکەماندا ئازاد بژین ٠

کەواتە ئەوەی دژی سەربەستی‌و دژی وڵاتەکەمان بووەستێ هەرکەسێك بێ شەری دژ ئەکەین ٠٠ ئەمەش لە باوەڕەوەو لە لوتبەرزی‌یەوە نا کەوابێ لەشەر کردن زیاتر لەبەردەی عیراقی‌یەکاندا زیاتر چی مایەوە ٠

بەرێگەی تریش کە ئەیدەن بە ڕاگەیاندن ٠٠ ئەویش ئەوەیە بەخوا سەرکردایەتی سیاسی ئەیەوێ بۆ چارەسەرکردن بگەڕێ ئەویش هەر چارەسەرکردنێك بوو کە لەگەڵ رژێمی ئێراندا باسمان کرد ٠

کاتێ کە ئێمە دەستدرێژی ئێرانمان لە گەلەکەمان ئەشاردەوە گەیشتینە ئەو رادەیەی کەوا تێبگەن ئێمە لاوازین‌و رۆژی ٢٨-٩-١٩٨٠ دوای شەرە فراوانەکەو دوای ئەوەی کە دەرکەوت ئێمە پارووەیەکی چەورنین بۆ کاربەدەستانی ئێران‌و وتمان ئێمە هیچ چاوێکمان لەزەوی ئێوەوە نیەو ناشمانەوی گەلەکەتان‌و سووپاکەتان ناشیرین بکەین بەڵام بەرپەرچی دەست درێژەکەتانمان دایەوەو خواش بۆ بەرپەچدانەوەی دەست درێژیتان یارمەتی داین ٠٠ چونکە دەست درێژی لێکردین‌و بۆ ئەوەشی رێ نەدەین ئێوەکانتان شارەکان بۆردوومان بکەن‌و لەبەر ئەوەشی کە شەر هەر بەرپایە ئەبێ لە خاڵێکدا بین کە بتوانرێ نەهێڵرێ بۆردوومانی شارەکانی عیراق بکرێ‌و لە عیراقەیەکان بگەڕێن کە بە ئارامەوە بژین ٠ ٠ کاوێژکەرەکەی کاربەدەستانی تاران مەتەڵی لێ دائەهێنایە ٠ ئینجا ضیاء الحق سەیرترین پێشنیاری بۆ هێنایەو پەسەندمان کردو ٠ برایانم لەسەرکردایەتیدا بە خەفەت‌و گومانێکی زۆرەوە پەسەندیان کردو وتی رای ئێوە چی‌یە ئێوە لە لایەن خۆتانەوە ئاشکرای ئەکەن ٠٠ ئێمە شەر بووەستێنین وتمان باشە ٠٠ لە لایەن خۆمانەوە شەر وەستان ئاشکرا بکەین‌و لەلایەن خۆمانەوە شەر وەستانمان ئاشکرا کردوو سەعاتەکەیمان دیاری کردو کەچی ئەوانیش لە جیاتی ئەوەی وەڵامی ئەم کەداره باشە بدەنەوە بەرەوپیرمان بە لێشاوی بۆمبا

خومەینی هەر لە یەکەم هەفتەی گەڕانەوەی بۆ تاران کەوتە پەلاماردانی عیراق

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، کاتێکیش جەنگ دەستی پێکرد ئەوان دەستیان کردە بۆردوومانکردنی ئەم شارانە ٠٠ خانەقین‌و ناوچەی نەوت‌و مندلی‌و زرباطیەو قوزەتووو شوینانی تریش ٠

کەواتە ، هەتاکو جەنگ بەردەوام بێت ، ئێمە پێویستە بەو پێیەی کە ئەتوانین ، مەسافەی خاك دەست خۆمان بخەین تاکو نەهێڵین سوپای ئێرانی لەسنوورمان نزیك ببێتەوەو شارەکان وێران بکات ٠

بەڵام ئەگەر ووتیان ، شەڕ کۆتایی پێ‌بێت‌و ، ئێمەش ڕێزی مافی خۆتان لەزەوی‌و ئاوەوی‌و ئاوتاندا دەگرین، ئەوە ئێمە یەکسەر دەکشێینەوەو هیچ شتێکی ترمان نی‌یە ٠٠٠

شتێکی تر هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە دەستیان کردووە بەوەی مەرجەکانی خۆیانمان بەسەردا دەسەپێنن ٠٠ یەکەم ، ئەبێ سوپای عیراق بکشێتەوە بەبێ هیچ مەرجێك ٠٠ ئەمەش واتا بێ ئەوەی بڵێین شەڕ دەوەستێنین ، بێ‌ئەوەی بڵێین دەست لەکاروباری ناوخۆ وەر نادەین ٠٠ بێ‌ئەوەی بڵێین ، شط العرب هی ئێمەیە ٠٠٠ لەهەمان کاتیشدا تۆپەکانی ئێران بۆردوومانی شاری بەسرەو شارەکانی تر دەکەن ٠٠ مەرجێکی تر ئەوەیە کەدەبێ عیراقی‌یەکان زیانەکان بژمێرن ٠ ٠مەرجی سێ‌یەمیان لیژنەیەکی موحاکەمە کردن پێك بهێنرێ ٠٠٠ باشە ئەوان نابێ لەپێشدا چاوەڕێی بڕیاری دادگاکردنەکە بکەن‌و تاکو دادگا داوای پێ بژاردن لەو لایەنە بکات کەلەپێشا دەستی وەشاندووە ٠٠ سەیرکەن چ هەڵەیەکە ئەوانە تێی کەوتوون ٠٠ ئێمە بەوانمان گوت کەچەندەها بەڵگەنامەمان لەلا هەیە ئەوە دووبات دەکەنەوە کەئێوە دەست درێژتیان کردووە ، بۆیە ئێمە ڕازین بەوەی کەلیژنەیەك بۆ دۆزینەوەی ڕاستی‌یەکان پێك بهێنرێ هەروەك لیژنەی کۆنگرەی ئیسلامی ئەمەی خستە ڕوو ٠ میحوەرەکەی تریش، ئەم سنوورەیە ٠٠

ئەمە ڕووباری کەرخەیە ٠٠ ئەمە دەیزەفولە ٠٠ ئەمانەش کەرت‌و هێزەکانمانن ٠٠ لێرە واتە لەدیزفول لەم ماوەیەی دواییدا شەڕێك ڕوویدا ، دەشێ پرسیاری ئەوەم لێ بکەن کەئەم شەڕەی دوایی چۆن‌و بەچی جیا دەکرێتەوە لەشەڕەکانی تر ٠٠٠ برایانم درێژایی سنوور ١١٨٠ کم دەبێ ٠٠ ئێمە سووریك لەسەر ئەوەی کەنەهێڵین ئێرانی‌یەکان لەسەر ئەو ١١٨٠ کم‌ەوە بەتۆپەکانیان شارەکان وێران بکەن ، یان بێنە خاکی عیراقەوە ٠٠٠ کەواتە پێویستمان بەوە هەیە کە تەشکیلاتی تازە دروست بکەین ، جگە لەو سوپایەی کە لەبنەڕەتدا عیراق هەیەتی‌و ڕاهاتووەو دەزانێ چۆن دەجەنگێ‌و کۆمەڵێ تاقیکردنەوەو هەڵس‌و کەوتی خۆی هەیە لەماوەیەکی درێژدا ٠

بروانە ل ٥

هاویشتن‌و قسەیەك درایەوە کە بۆنەیەك نیە ئەگینا دووپاتمان لەسەر ئەکردەوەو بەڵام کاتی دێ ٠

براکانم لەسەرکردایەتی گشتی‌و سەرکردایەتیدا پێیان وتم ئەم قسانەی تۆ کە هەمیشە بە جەنگاوەرەکانی ئەڵێیت ئەم زەوی‌یە هی ئێوە نیەو ئەمەش ورەی بەرزی جەنگاوەرەکان کەم ئەکاتەوەو تۆ پێیان ئەڵێیت ئێوە لە خاکێکدان پێویستە لەسەرتان شەری لەسەردا بکەن خوێنتان بەختکەن تا خاکەکەی پشتەوەتان بپارێزن‌و ئەمەش مرۆڤێکی ساکار بەرووتی تێی ناگات ٠ بەڵام ئاخۆ کەی کاربەدەستانی ئێران رێزیان لێ‌گرتوون‌و رێز لەزەوی‌یەکەتان ئەگرن‌و رێزلە نەتەوەکەتان ئەگرن‌و رێز لە وڵاتەکەتان ئەگرن‌و ئەم خاکە بەجێ‌ئەهێڵن ٠٠ بە بڕیارێکی سیاسی بێم وتن لەگەڵ ئەوەدا وتم ئێمە وا بیری لێ‌ئەکەینەوە ئەبێ چۆنە گەلەکەمان وای بزانێ ٠٠ ئەبێ جیهانیش هەمووی وەك ئەوەی لێ‌بزانێ کە ئێمە بیری لێ‌ئەکەینەوە ٠٠ هەموو دەست‌پێشکەری‌و هەموو لێ‌ئەیەك درووست کرابێ‌و هەموو دەست پێشکەری‌یەك داوای ئاشتی کردبێ‌ئێمە پێش هەمووان پشتمان گرتووەو ئەو رێ‌رەوو دەست پێشکەریانەی لێرەو لەوێوە سەری هەڵدابێ ئێمە پەسەندمان کردووە ٠٠ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئەگەر هاتوو لە خۆمان پرسی کەواتە بۆچی کاربەدەستانی تاران پەسەندی ناکەن ٠ ٠

پرسیارێکی ئاسان لەگەڵ ئەم هەموو روونبوونەوەیەدا کاربەدەستانی ئێران ئایا بۆچی پەسەندی ناکەن ٠٠ وەڵام ئەوەیە نایانەوێ‌خاکێ هەبێ لەبەردەمی سنووردا سووپای عیراقی لەسەر راوەستێ‌و عیراقیان هەموو ئەوێ‌و ئەمەشی راستیەکە ئەیانەوێ عیراق پارچەیەك بێ لەوان‌و ئەم کاربەدەستو ئەو کاربەدەستی تێیدا دابنێن‌و عیراق بەتەواوی ملکەچی وڵاتی فارس ببێ ٠٠ قسەکانیان هەموو رۆژێ ئەم مەبەستانەمان بیر ئەخەنەوە ، مەبەستیش لە رەفتاردا ئەناسرێ ٠٠ ئەتوانین بڵێین ئایا حکومەتی ئێران کوردەکانی خۆشی ئەوێ یاخود حوکم لە سوریادا کوردەکانی عیراقی خۆشی ئەوێ ٠٠ رەنگە یەکی بڵێ بەڵێ باشە ئەگەر کوردەکانی عیراقیان خۆشبوێ بۆچی لەناو ئێرانداو لەناو سوریادا کوردەکان ئەکوژن ٠

کەواتە ئەم جەنگە پێش بەرپایوونی هیچ چارەسەری‌یەکی نەبوو ئەوە نەبێ خۆمان دوورەپەرێزی بگرین‌و شتێکیش نەبوو کە جەنگ بووەستێنێ‌و هەر کەسە بە خۆشی‌و بەرزی‌یەوە بگەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی‌و پارێزگاری خاك‌و ئاوی خۆی بکردایە بەو مافەی کە لێی دواین ٠٠ چارەسەرکردن چی‌یە ٠٠ چارەسەرکردن دوو چارە سەرکردنە یان خۆمان بەدەستەوە بدەین ئێمەش ئەوە پەسەند ناکەین یاخود شەرکردن ئەمەش ٠٠ پشت بەخوا هەر لەسەری ئەڕۆین ٠

ڕەنگە پرسیار بکرێ‌و ئەم پرسیارانەشتان لەهەندەرانەوە بۆبێت دەربارەی ئەوەی کەئەم جەنگەی ئەگەر بەدەستمان بووایە ڕووی نەدایە ، کەی دەوستێ ٠٠ گەر بەدەستمان بووایە پاش شەش ڕۆژ هەڵگیرسانی دەوەستا٠٠٠ ئەم جەنگە لەکاتێکا دەوەستا ئیرادەی عیراقی‌یەکانیش بەپشتیوانی خوا هەر سەرکەوتووو کۆڵنەدەرانە دەبێت ، هەموو ئەوانەشی کەئێوە دەیانبینن‌و وای بۆدەچن کەعێراق بەجۆکدا دێت‌و زەلیل دەبێ ، ئەوانە خۆیان بەیارمەتی‌و پشتیوانی خوا زەلیل دەبن‌و ئەوان چۆك دادەن‌و عێراقیش بەسەربەرزی‌و پایە بڵندی دەمێنێتەوە ٠

ئەم کۆڵە وادەزانێت بەقەدەغەکردنی ڕۆیشتنی نەوتی عێراقی ئیتر عێراقی‌یەکان دەستی تەسلیم بوون بەرز دەکەنەوە ، گەر بێتو ئافرەتانی عێراق هان بدەین کە لەخەرجی ماڵەوە دەست بگرنەوەو منداڵانی عێراق هان بدەین کەلەخەرجی‌ی خۆیان دەست بگرنەوە ئەوە دەتوانین کەقەوارەی ئەو بۆری‌یە نەوتەی لەعێراقی بڕیوە دەست خۆمان بخەین‌و بیژمێرین ٠٠٠ ئەو گەلەی ژیانی سەربەرزانەی دەوێ ، ئەوگەلەی خوێنی ڕشت ، ئەوە نرخی نەوتیش دەدات ٠٠٠ عێراقی‌یەکان نرخی کەرامەتو سەربەرزی‌و سەربەستی‌ی خۆیان ماوەی ساڵێك‌و حەوت مانکە بەخوێن دەدەن ، ئێستاکە نرخی نەوتیش دەدەن ٠

عێراقییەکان ، پێش ئەم مێژووەو لەساڵی ١٩٧٢دا ، ئەو نەیتوانیوە سەریان پێ‌نەوەی بکات کاتێك بۆری‌ی نەوت داخراو چەند لایەنێك هەوڵێ ئابڵوقەدانێکی ئابووری‌یانەی عێراقیاندا ٠٠٠ پایەی ئابووری ئێستای عێراق لەنێو دەوڵەتاندا گەورەترە ٠٠٠ تواناو هێزی ناوخۆیی‌و هەروەها ئیمکانیاتی ئابووری لەبوارەکانی تردا زۆرترە ٠٠ گەلەکەی هوشیاریی زۆرترەو ، توانای زیاتری هەیە کەژیانێکی ئابووری بێ‌گرێ دابین بکات‌و عێراقی تێدا بژی ٠٠٠ زۆربەی ماڵەکانی عێراق توانای ئەوەیان هەیە کەدەساڵ بەتێرو تەسەلی بژین‌و پەکیان نەکەوێ ٠٠٠ زۆربەی ماڵە عێراقییەکان جۆرەها پێویستی‌ی تێدا بەدەست دەکەوێ‌و ئەمەش وایان لێ‌دەکات کەپێویستیان بەهیچ شتێکی نوێ نەبێ بۆماوەی چەند ساڵی داهاتوو ، بەڵام ژیانەکەی تریش ، ئەوەیان بەپشتیوانی خواو بەهێزو هیمەتی عێراقیەکان‌و یارمەتی خوا ، دەتوانین لەنێو چاوی باڵندەکانەوە بەدەستی بهێنین‌و رۆژێك لەڕۆژان بەپشتیوانی خوا نەبینە زەلیلی بەردەستیان ٠

بەپشتیوانی خوا ، ئەو ڕۆژە نابینین کە تیایدا عێراق لەزەوی‌یەکی بەرزەوە چۆکی داداوەو ئەو مەرجانەی بەسەرا

بسەپێنرێ کە نە کەسانی وەکو حافظ‌و نە خومەینی‌و

نەکەسانی تریش بۆیان نایەتەدی کاتێ وا بیردەکەنەوە کە لە توانایاندا هەیە چۆك بە گەلی عێراق‌و سوپای عێراق دابدەن ٠ ڕەنگە هەبێ بڵێت ، برایان دەشێ گوێ لەئیزگە جیهانی‌یەکان بگرن لەئیزگەی سوریاو ئێران گەرچی ئێستاکە هەردووکیشیان بوونەتە یەك ئیزگەو هەمان بەرنامە بڵاو دەکەنەوە ، گوێ بگرن لەوەی کە بۆچی عێراقییەکان لەزەوی‌یەکانی ئێران ناکشێنەوە داوە ، ئێمە لەم چرکەیەدا ئامادەین بکشێینەوە ، بەڵام کێ هەیە دڵنیایی ئەوەمان بۆ دابین بکات کەئەوان نەیەنە خاکمانەوە ، یان کێ دڵنیایی ئەوەمان بۆ دابین دەکات تاکو شەڕ دەوەستێنن ئەو دڵنیایی‌یە کامەیە کەئەوان لەشوێنی خۆماندا ڕێزمان دەگرن ٠٠٠ کێ هەیە ئەم دڵنیایی‌یانەمان بۆ دابین دەکات ٠

« پاشان سەرەکی فەرماندە واقیعی سەربازیی بەرەکانی جەنگی لەسەر نەخشە ڕوون کردەوەو ، ووتی » :

ئەمە هێڵی سنورەکانە ٠٠ ئەمە ئێرانەو ٠٠ ئەمەش عێراق ٠٠ ئێوە سەرنج بدەنە کەرتی باکوور لەدوو ناوچەوە ، دەبینن کەپێکهاتووە لەچەند جێگەیەك بواری بەرەوپێشەوە چوونیان تێدایە ، بەڵام زەوی‌یەکە بواری ئەوە دەدات کەتیایا بەرگری لەخاکی عێراق بکرێ لەسەر سنورەوە ، بۆیە لەسەر سنوورین ، با بێینە سەر کەرتی قەسری شیرین ٠٠ ئەمە قەسری شیرینە ، ئەمەش ئەوڕێگەیەیە کە دەچێتەوە سەر سەعدیە ، پاشان بۆ دیالەو لەوێشەوە بۆ بەغدا ٠٠٠ ماوەکە خۆی بەهێڵێکی ڕاستدا دێت لەنێوان بەغدادو سنووردا کەنزیکەی ١٢٠ کم دەبێ ، لەسەرەتای جەنگەوەو پاش ڕاونانی سوپاکەیان ، سوپاکەمان توانی کە ١١٠کم بچێتە خاکیانەوە ٠٠ ئیتر چی وادەکات کەبەغداد بکەوێتە ژێر چەکوشی تۆپەکانی ئێرانەوە ٠٠٠ بۆیە پێویستە کە بتوانین مەسافەیەکی وەها دەست خۆمان بخەین کەنەتوانن دەستی خۆیان لەم ناوچەیە بوەشێنن ٠٠٠ پاشان ئەگەر ئەوان لەم ناوچەیەدا بن ، ئەوا ئێمە گەلێ شارو دامەزراوی سەر سنوورمان هەیەو گەیشتنی ئەوانیش بۆسەر سنوور وا دەکات شەڕ کۆتایی نەیەت ، چونکە دەست دەکەن بە بۆردوومان کردنی شارو دامەزراوەکانی سەر سنوور

خومەینی هەر لە یەکەم هەفتەی گەڕانەوەی بۆ تاران کەوتە پەلاماردانی عیراق

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، کاتێکیش جەنگ دەستی پێکرد ئەوان دەستیان کردە بۆردوومانکردنی ئەم شارانە ٠٠ خانەقین‌و ناوچەی نەوت‌و مندلی‌و زرباطیەو قوزەتووو شوینانی تریش ٠

کەواتە ، هەتاکو جەنگ بەردەوام بێت ، ئێمە پێویستە بەو پێیەی کە ئەتوانین ، مەسافەی خاك دەست خۆمان بخەین تاکو نەهێڵین سوپای ئێرانی لەسنوورمان نزیك ببێتەوەو شارەکان وێران بکات ٠

بەڵام ئەگەر ووتیان ، شەڕ کۆتایی پێ‌بێت‌و ، ئێمەش ڕێزی مافی خۆتان لەزەوی‌و ئاوەوی‌و ئاوتاندا دەگرین، ئەوە ئێمە یەکسەر دەکشێینەوەو هیچ شتێکی ترمان نی‌یە ٠٠٠

شتێکی تر هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە دەستیان کردووە بەوەی مەرجەکانی خۆیانمان بەسەردا دەسەپێنن ٠٠ یەکەم ، ئەبێ سوپای عێراق بکشێتەوە بەبێ هیچ مەرجێك ٠٠ ئەمەش واتا بێ ئەوەی بڵێین شەڕ دەوەستێنین ، بێ‌ئەوەی بڵێین دەست لەکاروباری ناوخۆ وەر نادەین ٠٠ بێ‌ئەوەی بڵێین ، شط العرب هی ئێمەیە ٠٠٠ لەهەمان کاتیشدا تۆپەکانی ئێران بۆردوومانی شاری بەسرەو شارەکانی تر دەکەن ٠٠ مەرجێکی تر ئەوەیە کەدەبێ عێراقی‌یەکان زیانەکان بژمێرن ٠ ٠مەرجی سێ‌یەمیان لیژنەیەکی موحاکەمە کردن پێك بهێنرێ ٠٠٠ باشە ئەوان نابێ لەپێشدا چاوەڕێی بڕیاری دادگاکردنەکە بکەن‌و تاکو دادگا داوای پێ بژاردن لەو لایەنە بکات کەلەپێشا دەستی وەشاندووە ٠٠ سەیرکەن چ هەڵەیەکە ئەوانە تێی کەوتوون ٠٠ ئێمە بەوانمان گوت کەچەندەها بەڵگەنامەمان لەلا هەیە ئەوە دووبات دەکەنەوە کەئێوە دەست درێژتیان کردووە ، بۆیە ئێمە ڕازین بەوەی کەلیژنەیەك بۆ دۆزینەوەی ڕاستی‌یەکان پێك بهێنرێ هەروەك لیژنەی کۆنگرەی ئیسلامی ئەمەی خستە ڕوو ٠ میحوەرەکەی تریش، ئەم سنوورەیە ٠٠

ئەمە ڕووباری کەرخەیە ٠٠ ئەمە دەیزەفولە ٠٠ ئەمانەش کەرت‌و هێزەکانمانن ٠٠ لێرە واتە لەدیزفول لەم ماوەیەی دواییدا شەڕێك ڕوویدا ، دەشێ پرسیاری ئەوەم لێ بکەن کەئەم شەڕەی دوایی چۆن‌و بەچی جیا دەکرێتەوە لەشەڕەکانی تر ٠٠٠ برایانم درێژایی سنوور ١١٨٠ کم دەبێ ٠٠ ئێمە سووریك لەسەر ئەوەی کەنەهێڵین ئێرانی‌یەکان لەسەر ئەو ١١٨٠ کم‌ەوە بەتۆپەکانیان شارەکان وێران بکەن ، یان بێنە خاکی عێراقەوە ٠٠٠ کەواتە پێویستمان بەوە هەیە کە تەشکیلاتی تازە دروست بکەین ، جگە لەو سوپایەی کە لەبنەڕەتدا عێراق هەیەتی‌و ڕاهاتووەو دەزانێ چۆن دەجەنگێ‌و کۆمەڵێ تاقیکردنەوەو هەڵس‌و کەوتی خۆی هەیە لەماوەیەکی درێژدا ٠

Institut kurde de Paris

ووتەیەکی گرنگی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا «پاشماوە»

عیراقیەکان نرخی کەرامەت و سەربەرزیی و سەربەستی خۆیان بە خوێن دەدەن



ئێمە قەترەی خوێنی عیراقیەکانمان لاناژیزە

دەستمان کرد بەپێك هێنانی تەشکیلاتی نوێ ٠٠ تەشکیلاتی سەربازیی و تەشکیلاتی خۆ فیداکاران لەم ناوچەیەدا ٠٠ بێ‌گومان تائێرەو هەتاکو ئێمە بەرگری بکەین ئەوە دەست پێشکەریی بەدەست ئەوەیە کەهێرش دەکات ، وەکو تریش ئەوەی هێرش دەکاتو شوێنەکەش دەتوانێ ٠٠ هێرش کەر دەتوانێ کەکۆببێتەوەو ڕاهێنان بەهێزەکانی بکاتو لەهەموو شوێنەکانەوە بەدرێژایی سنوور بیانهێنێو لەناوچەیەکی دیاریکراودا کۆیان بکاتەوەو ئەو ناوچەیەیان پێ دیواربڕ بکات ٠٠ کاتێکیش دیواربڕی دەکات ، لەپشتەوەی کەرتەکانەوە دەبێت ٠٠٠ کەواتە ئەو کەرتانە بەشێوە ڕاهێنانێکی بەرز ڕاهێنراو دەبن‌و دەزانن چۆن بەرپەرچی دوژمن دەدەنەوەو چۆن هێرشەکەی پووچ دەکەنەوە ، کەواتە بەشێوەیەکی بەرز ڕاهێنراو دەبێ‌و خاوەنی هەڵس‌و کەوتی سەربازانەی خۆیەتی ٠٠٠ چارەسەری تەواویش ئەوەیە کاتێك دوژمن هەوڵ دەدات کەزاڵ بێت بەسەر ئەو کەرتانەدا ، ئەبێ ئەو کەرتانە لەجێگەی خۆیاندا بچەسپێن‌و ئیحتیاتی ناوخۆیی بەکار بهێنێ تاکو ئیحتیاتی گشتی دێتە ناوەوە ٠

جەنگی بەرگری خوازانە کۆتایی نایەت ، هەتاکو هێرشی بەرامبەر ڕوو نەدات ، ئەوسا ئەم هەڵس‌و کەوتە سەربازییانە سەرکەوتوو نابن‌و مومارەسەی سەربازییانە کە وەحدە ڕاهێنراوەکانی سوپای نیزامی بەشێوەیەکی بەرز ، دەیزانن ٠٠ وەحدە تازەکان نایزانن‌و تەنانەت هەندێ جار کاتێك دوژمن لەدوایانەوە دەبێ هەندێکیان دەشکێنێ ٠

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی ستراتیجی ئێستاکە چی‌یە ، تاکو بەتەواوی پێوەری سەرکەوتن‌و دۆڕان بزانین ٠٠ ئامانجی ستراتیجی بەشێوەیەکی ڕوون ئەوەیە کە نەهێڵین دوژمنی فارسی ئامانجە ستراتیجیەکانی بهێنێتە دی ٠٠٠ ئامانجە ستراتیجی‌یەکانی ئەویش ئەوەیەکەبێ خاکمانەوە ٠٠ شارەکانمان وێران بکات ، عێراق بخاتە بارو دۆخێکی پاشبەندەی ئێران ٠٠٠ تاکو ئێستا ئەمەمان هێناوەتە دی یان نا ٠٠ ئەوان گەلێك زەرەرو زیانیان لێکەوتووە کەلە بەیاننامەکاندا بڵاوکراونەتەوە ، ئێمەش زیانمان لێکەوتووە ، شەهیدمان داوە ، گرنگترین زیان کەلێمان کەوتبێ ئەو ئەسیرانەن کە لەوەحدە ڕانەهێنراوەکاندا بوون ٠٠٠ بەڵام من وەك ئێوە سەرم سوڕ دەما لەوەی کەوشەی ئەسیرم دەبیست ، بەڵام کاتێك بەرەو کاروبارە مەوزوعی‌یەکان دەگەڕێینەوە ، برایان دەبینین کە لەجەنگی جیهانی دووەمدا ژمارەی ئەسیرەکان بەهەزارەها بوون‌و ئەم ئەسیرانە لە هەردوو سوپای سەرکەوتوو وسوپای بەزیویش دەبوو ٠٠٠ زۆر جار لەجەنگدا پێچکردنەوەیەکی ئاسان دەبێتە هۆی ئەسیرکردنی کۆمەڵێك ، بەڵام لەهەمان کاتدا سوپاکە هەر سەرکەوتووەو لە بەرەوپێش چووندا ٠

ژمارەی ئەو دیلانەی لەم شەڕەو یا لە شەڕەکانی‌تردا داومانە بەپێی ئەو هەزارەها جەنگاوەرانەی لە بەرەیەکی ١١٨٠ کم درێژدا هەن بە شێتکی ئێجگار بچووك دادەنرێ ٠ ئەگەر ئێمە لە جێگای ئەوانا بووینایە لەم هەزارانەمان زیاتر بە چەند جارمان دیل ئەکرد ٠ ئێوە دیتان چۆن لە شەش ڕۆژی یەکەمدا کە سوپای عیراق هێرشی ئەبرد یانی دوژمنی ڕاودەناو کۆمەڵەکانی دوژمنی تێکدەشکاند لە یەکەم قۆناغدا چۆن هەزارەهای سوپای ئێرانمان بە دیل

هەموو خەڵکی عیراق مەردانە زانیان چۆن دژی دوژمن دەجەنگن

ئەوگەلەی ژیانی سەربەرزانەی دەوێت ئەوگەلەی خوێنی ڕشت نرخی نەوتیش دەدات

ئەگرت ٠ هێزەکانمان لێرەدایە ، ئەمە سنوورمانە ٠٠ تا لەم شوێنەیشدا کە کاربەدەستانی سوورياو تاران دەهۆڵ‌و زورنایان لێداو وتیان بەسەر عیراقی‌یەکانا سەرکەوتین ٠٠ بەچی ٠٠ ئەگەر باس زەوی‌یە ٠٠ بێ‌شەڕ ئامادەین زەوی‌یەکەتان بدەینێ ٠٠ ئێمە وتمان ئەم زەوی‌یە هی ئێوەیە ٠٠ ئەمە سنوورەو ئەمە کەرتەکانمانە ٠ لێرەوە لە سنوورەوە تا کەناری پێشەوەی کەرتەکانمان ٠٠ لێرەدا ١٥ کم لە قوولیداین کە بگەڕێینەوە ڕووباری دوریج‌و دواتریش لە نێوان ٦ـ٨ کم‌دا ٠ کەوابوو لەم شوێنەیشدا کە دەهۆڵ‌و زورنایان بۆ لێداو ژیانی هەزارەها کوژراویان لێکەوت‌و بوو بە گۆڕستان بۆ تانکەکانیان ٠٠ لەم ناوچەیەدا هێشتا هێرشی وەڵامەان بە هێزی سوپایی ڕێك دەستی پێنەکردوەو هێشتا هەر خەو بەوەوە دەبینن بگەنە عەمارە ٠

تاوەکو ئەبو سلێمان خۆی‌و تاقمەکەی لە سەرەوە بێن ٠٠ ئەمە قسەیەکی کۆنە ٠٠ لە سەرەوە بێن ٠٠ بۆ خەڵکی سەر ٠ دێڵن بێنە ناوەوەو بگەنە بەغدا ٠٠ دێڵن بگەنە سلێمانی ٠٠ ئەمە قسەیەکی کۆنی پێش ١٥ ، ٢٠ ساڵە ٠ ئیستە خەڵکی سەرەوە شەڕیان لەگەڵا دەکەن‌و نامێڵن بگەنە سلێمانی ٠ خەڵکی عەمارەیش زانی‌یان چۆن شەڕدەکەن‌و هەموو دانیشتوانی عیراق زانی‌یان چۆن شەڕدەکەن ٠

لەبارەی ڕاستیشەوە ئەگەر هەر هێزێ خوانەخواستە بێت‌و بێتە ناو خاکی عیراق لە هەر شوێنێکەوەبێ ئەچین بە گژیانا بۆ ئەوەی صدام حسین لە کۆشکی کۆماریدا شەڕیان لە گەڵدانەکا ٠

لەسەر سنوور شەڕیان لەگەڵ دەکەین‌و بە یارمەتی خوا سەردەکەوین بە سەریان ٠

ئەبو سلێمانیش ئەگەر بیەوێ بێتە ناوەوە ڕەنگە بپرسن خراپەی تری چی لاماوە ٠٠ ئەگەر بیەوێ بێتە خاکی عیراقەوە بابێت ٠٠ خاکی عیراق لەبەری ئەوانەوە فراوانەو ئەتوانین بچین بەگژی ئەوانەدا کە ناردوونی ئەگەر بچن بەگژ عیراقی‌یەکانا ٠ ٠ئافرەتانی ئەنبارو منالانی نەینەو دەنێرین ٠٠ ئافرەتانی عیراق بەسن بۆ بەگژا چوونی ئەوانەی دەیانەوێ ، لە سوپای حافظ اسد بچن بەگژ عیراقا ٠ سووریاییە ڕەسەنەکانیش ، ئەوەی سووریایی بێ‌و بیەوێ بێتە عیراقەوە نە خەڵکی سووریایەو نەعەرەبە٠٠لەو کاتەدا بە هەموو باوەڕێکەوە دەڵێم ئافرەتانی ئەنبارو نەینەواو منالان ئەتوانن بچن بە گژیاناو شەگەر ویستمان لەم خاکەدا بیهێڵین‌و ئەمەیش ئاسانە چونکە لەو خراپەیەیی کە کردی خراپتری لانی‌یەو ئەمە دواشتە لایی‌و دواکاریەتی ٠ بە هێزی خوا سەرکەوتنی مسۆگەر هی عیراقەو بە یارمەتی خوا هەر سەربەرزئەبن‌و ئەمە لە هەموو شتێ گرنگترە ٠ نەوت دێت‌و دەڕواو شتی تریش دێت‌و دەڕوا بەڵام هەرگیز بە یارمەتی خوا بە ملکەچی قایل نابین ٠ کەرتەکەی تریش کەرتی خوارووە ئەمە ئەحوازە ٠٠ لەبەر ئاو هێزەکانمان کشانە ئێرەو دامەزراندنەکەیمان ڕێك کردەوە بەو شێوەیەی بنکە بەرگری‌یەکانی لەسەر کەرخەی کوێر دامەزراندوە ٠

ئەمە کەرخەی کوێرەو ئەمەیش سنوورە ، لێرە لە خوارەوە شەتتول عەرەبە ٠٠ ئەمە بەسرەیە ٠٠ لە سەرکردایەتیدا من‌و براکانم ماوەیە لەمەوپێش بیرمان لەوەکردەوەو وتم پێیان ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ دواوە لە ترسی ئەوەی نەوەك هەندێ عیراقی‌ی ساویلکە لەم لێکدانەوە ئالۆزەی بوونیان لە پێشەوە تێنەگەن‌و هەرچەندە سنووریان لە دوایانەوەیە گیروگرفتێکی سەرەکی هاتەڕێیان ٠٠ ئەم ناوچەیە کە موحەممەرەیە‌و ئەمزەوی‌یە نزیکانە ئەو خاکەن کە لە موحەممەرەوە بەرگری‌یان لێدەکەین بۆ ئەوەی لەسەر گارۆن‌بین‌و ئەگەر هاتنە ئێرە بە تۆپ شاری بەسرە وێران دەکەن‌و ئەگەر لە ناوچەی قەسری شیرینەوە بێن ناوچەی خانەقین‌و مەندەلی‌و زەرباتیەو قۆرەتوو و ناوچەی نەوت وێران دەکەن بێ ئەوەیش بێنە ناو خاکی‌عیراقەوە ٠٠ وا دیارە حافظ اسدی

حوکمڕانی تاران دەیانەوێ عیراق بکەنە لەوەرگەیەکی خۆیان

مامۆستایان ٠٠ ئەڵێن ئێمە کە گەیشتینە سنوور ناچینە ناو خاکی عیراق ٠٠ بەڵێ ئەوان هێشتا نەگەیشتوون بەڵام ئەوەیان لەبیر چووە کە ئەوان دەستیانکرد بە شەڕکردن لەگەڵ خاکی عیراقداو ئەوەیان لەبیرچووە کە ئەوان دەستیانکرد بە بۆردمانکردنی شارەکانی عیراق ٠٠ لایان‌وایە عیراقی‌یەکان ئەمەیان لەبیر ئەچێ‌و ئەوەیشیان لەبیر ئەچێ کە هەرچەند جوولەکەکانی مامیان هەندێ ساروخی تۆپی ١٧٥ ملیمیان بدەنێ‌و بەفرۆکە ئەم ساروخانەیان بۆ بگوێزنەوە بەسرەی پێ بوردمان دەکەن ٠٠ کەوابوو برایان چار وایە کاتێ خاکەکەیان بۆ بەجێ‌بێڵین پاش ئەوەی ئەوەتان بۆ دڵنیابکەن کە ئیتر شەڕ بە خاك‌و ئاوتان نافرۆشن‌و شارەکانتان وێران ناکەن ٠ ئێوە گوێتان لە ڕاگەیاندنی سووریا دەبێ ٠٠ ڕاگەیاندنی جادووگەری هەموو گوێتان لێیان دەبێ دەڵێن ئێمە دژی عیراقی‌یەکانین چونکە عیراقی‌یەکان دژی ڕژێمێکن کە ئەڵێ لەگەڵ مەسەلەی فەلەستینداٴیە ٠

با لەم باسە بکۆڵینەوە ٠٠ ڕژێمێك دەڵێ ئێمە لەمەولا لە گەڵ گیروگرفتی فەلەستیندا دەبین بەڵام ڕژێمێك بە خوێن لەگەڵ گیروگفتی فەلەستیندایە ٠٠ ئەم هەڵوێستە وابڕیاردەدا کە ئەبێ یەکێ لەم دوولایانەی لە کیس‌بچێ من باسی ئەوە دەکەم کە لە دڵایە ئەمە هەمووی لەگەڵ ئەو هەڵوێستەدا دەگونجێ کە دەڵێ ئەو برایەت کە لە هەموو شەڕێکدا لەگەڵتابوو و خوێنی لەگەڵتا ڕژاند کەچی دێیت لەگەڵ تاقمێکدا ڕێ‌دەکەوی کە ئەڵێن ئێمە لەمەولا لەگەڵ مەسەلەی فەلەستیندا دەبین لەم کاتەدا بە براکەت دەڵێی ئەگر براکەت خەتایشی هەبوو پێی ئەڵێی تۆ خەتاباری ٠٠ یانی بە چەکی فارسی دەیکوژی ٠٠ با حافظ اسدو ئەوانەی پشتی دەگرن بزانن ئەگەر ئەو تازە هاتوەتە ئەم پیشەیەوەو ئەیەوێ ماو خەڵکی تریش ئەگەر مان ئەبینن چۆن گەلی عیراق ڕادەوەستێ‌و ئەوان چۆن بە سەرشۆڕی مێننەوە ٠٠ ئەمانەوێ ئێوە وەك نموونەبن ٠٠ ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی‌و کادیری پێشکەوتووی دەوڵەت‌و کادیری‌حزب‌و کادیری پێشکەوتووی حزبە نیشتمانی‌یەکان پێویستە نموونەبن لە کەم‌مەسرەفیدا چونکە ئێمە ئیستە پێمان‌ناوەتە قۆناغێکی تازە لە باری ئابووریداو هەمووشتێ ئاسان‌دەبێ ئەگەر گەلی عیراق سەربەرزو بەخشندەبێ‌و بە ئازادی‌و تواناوە لە خاکی خۆیدا بژی ٠

هیوای سەربەرزی‌و ڕاوەستان‌و پتەوی‌و بە هێزیتانمە لە باوەڕتاناو لە پێناوی بیروباوەڕتاناو بەخواتان ئەسپێرم ٠

بۆ حاکمی سوریا و ئاباشترەو ئەگەر ڕاست دەکات با بچێ جۆرەن ئازاد بکا پێش ئەوەی باسی ئازادکردنی فەلەستین بکات

Institut Kurde de Paris

ئەی عیراقی لوتکە
دەتبینم ، وەك کێڵگەیەکی سەوز
رووی هیلاکم دەشۆیتەوە ..
لە سێبەرتا گەورە دەبم
من عاشقمو
خۆشەویستیو پیرۆزی تۆ فیری عەشقیان کردم
ئەی بەغدای شیرین ..
ئاوی سازگاری دجلە ..
ئاوی مەتگی خۆشەویستی فورات ..
رووی ئەم خاکەتان
پیرۆزکردوە ...
بۆیە ، مردن لە پێناوتا ...
ئەی عیراق ...
ژیانی هەتا هەتایە ..

● خالد جابر ●

لەگەڵ دوکتۆر کامیل حەسەن بەسیر و نامیلکەی

ئافرەت لەنێوان هەندێ ئایەتی قورئانی و هەندێ ڕێبازی شیعریدا

محمدی مەلا کریم

لەم چەندانەدا لەلایەنکۆڕی زانیاری عێراقەوە نامیلکەیەکی تازەی دوکتۆرکامیل حەسەن بەسیر بە زمانی عەرەبی ، بڵاو بووەوە بەناوی «المرأة بین ایات قرآنیة واتجاهات شعریة » ،واتە : ئافرەت لەنێوان هەندێ ئایەتی قورئانو هەندێ ڕێبازی شیعریدا .

نامیلکەکە وەختی خۆی موحازەرەیەك بووە دوکتۆر لە هۆڵی مەلبەندی کولتووریی زانکۆی سلێمانی خوێندوویە ـ تەوەو بەشداریی لە ئاهەنگەکانی ساڵی ژنانی جیهاندا پێ کردووەو ، بە هاوکاریی یەکێتیی ئافرەتانی عێراقو زانکۆی سلێمانی بە ڕۆنیۆ لەچاپدراوەو ، وا ئێستاش سەرلەنوێ لەلایەن کۆڕی زانیاری عێراقەوە ، کە دوکتۆر یەکێکە لە ئەندامکانی ، وەکوو باسێکی ئەکادێمی بڵاو ئەکرێتەوە .

هەرچۆن بێ ئێمە کلەییمان لەم دووبارە بڵاو کردنەوەیە نییە ، چونکە لامان وایە مادەم بابەتێك شایانی بڵاو کردنەوە بێ ، ئەبێ بەپێی پێویست بڵاو بکرێتەوەو جارو دووجار مەبەست نییەو ، گەلەیی ئەکادێمیاو ئەکادێمیکەـ کان لەسەر خۆیانە ئەگەر باسێکی ڕاگەیێنانە (اعلامی) بکەن بە باسێکی ئەکادێمی ، یا بەپیچەوانەوە . ئەوەی قسەمان لەسەری هەیە ناوەرۆکی نامیلکەکەیە .

دوکتۆر بەسیر نیوەی نامیلکەکەی تەرخان کردووە بۆ باسی « تیوۆریی کریتیکیی ئێمەو شیعری دڵداری » و « ئافرەتو پیاو لە چەند تابلۆیەکی شیعری عەرەبیی پێش ئیسلامدا »و « مەسەلەی ئافرەت لە چەند دیمەنێکی ئایەتی قورئاندا »و « ئافرەت لەنێوان شیعری پیا هەڵدانی عەرەبیدا » . ڕاستەکەی هەر کام لەم بابەتانەی دوکتۆر شایانی پیاچوونەوەو لێهاتنە دەنگە ، بەڵام لەبەرئەوەی نامیلکەکە بە عەرەبییەو ئەم بابەتانەیش کە ناومان هێنان ڕاستەوخۆ پێوەندیان بە شیعری کوردیو ئافرەتی کوردەوە نییە ، بەڕاستی نازانین لێرەدا لێیان بێینە دەنگو ، ڕەخنەکەمان تەنها لە چوارچێوەی ئەو نیوەکەی نامیلکەکەدا ئەگونجێنین کە باسی « شیعری کوردی لەنێوان ڕەسەنایەتیو چاوـ لێکەرێدا » ی تیا ئەکا ، بێئەوەی بە تاقە وشەیەك چیە بۆمان ڕوون بکاتەوە ئەمەو چۆن « ڕەسەنایەت »و « چاولێکەری » ئەگا بۆمان دەسنیشان بکا ئەوە ئەم «ڕەسانەیەتی »و «چاولێـ کەری »یەی ئەو مەبەستیەتی لە شێوەدایە یا لە ناوەرۆکدا .

بەڵام بۆ ئەمەی دوایینان پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی ئەو نییە ، چونکە لە بابەتی نامیلکەکەلە خۆیەوە بەئاشکرا بۆمان دەرئەکەوێ مەبەستی لە ناوەرۆکە . هەر کامێکیشمان چەردەیەك شارەزاییی لە ناوەرۆکی شیعری عەرەبیو فارسیو تورکیی چەرخی پاش هاتنی ئیسلامو بڵاوبوونەـ وەی بە کوردستانا بێیو ، بزانێ شاعیری کوردی موسوڵمانیش کە پێوەندێکی کولتووریی پتەوی بە کولتووری ئیسلامیی گەلە دراوسێکانەوە هەیەو ، هەر لەو بازنەیددا ئەخولێتەوە کە شاعیرانی موسوڵمانی ئەو زمانانە وە تیا خولاونەتەوەو ، بیشزانێ مێژووی شیعری بە بە میراث بۆ ماوەی کوردیی پاش ئیسلاممان لەپاش مێژووی شیعری ئەو زمانانەوە دەستپێئەکا ، ڕاستەوخۆ ئەگاتە ئەو ئەنجامە کە ئەبێ مەبەستی دوکتۆر لە ڕەسەنایەتی ، بەشبەحاڵی شیعری کوردی، دەرچوون بێلە بازنەی بابەتەـ کانی شیعری ئیسلامی بە عەرەبیو فارسیو تورکیو ، بەپێچەوانەشەوە مەبەستی لە چاولێکەری سووڕانەوە بێ لەو بازنەیەدا . بەڵام بەداخەوە ئەم ویستە ، سەرەڕای ڕێبازە خۆزگەکاری (طوباوی) یانەکەی ، نیشانەی بێئاگاییشە لەو ڕاستییەی دەمێکە تەنانەت لەناو کۆڕو کۆمەڵە کۆنەکار (محافظ)ە کانیشا سەلمێنراوە کە ئەوەیە شیعریش ، وەك هەر چالاکیەکیتری هونەری ، شتێ نییە بەهەواو بێو لە عەرزەوە هەڵنەقوڵابێو ، ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ـ یە وپێداویستیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە . بەڕاستی مایەی داخە پاش ئەم هەموو پێشکەوتنە کولتووریەی لە جیهانو لە وڵاتەکەی خۆیشماندا هاتووەـ تەدی ، تازە پێویستمان بەوە بێ بۆ ڕۆشنبیرێکی وەك دوکتۆر بەسیری ئیسپات بکەین کەوا (بابەت) لە ئەدەبی هەر نەتەوەیەکدا پێوەندی بەو قۆناغە کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە ئەو نەتەوەیەی پیا ئەڕواو، بەو ڕاپەڕینە بیریەوە کە لەوانەیە جاروباریش لەبەر هەندێ هۆ پێش سەر هەڵدانی ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتییە سەر هەڵبدا کە ڕاپەڕینەکە نموونەیەتی . ئیتر هیچ ڕەسەنایەتیو چاولێکەرییەك لە ناوەرۆکی ئەدەبی هیچ نەتەوەیەکدا نییە ، ئەگینا ئەبوو شیعری هاوچەرخو بەڵکو شیعری شۆڕشگێریش هەر چاولێکەری بوونایە ، چونکە دیارە بەرلەوەی لە نەتەوەیەکدا بەیدا ببن ، وێنەیان لە نەتەوەیەکیتردا بەیدابووە ، بەهۆی ئەوەوە کە باری کۆمەڵایەتیی ناوخۆی ئەو نەتەوەیە پێویستی بەوە بووە .

ڕەنگبێ لێرەدا یەکێك بڵێ ئەم قسانە پێوەندیان بە شیعری سیاسیو کۆمەڵایەتیـ یەوە هەیەو بابەتی باسەکەمان لێ ئەگۆڕن . لە وەڵامی ئەمانەدا ئەبێ بڵێم ئەبێ لەگەڵ شیعری دڵداری ؟ چی ؟ بشێ دڵداریو یا ستری خۆشویستنی پیاوو تافرەتیش لە نەتەوەیەکدا شتێکی ڕەسەن بێو لە نەتەوەیەکیکەدا چاولێکەری بێ ، تا شیعری دڵداری لە نەتەوەی پێشوودا ڕەسەنو لە نەتەوەکەیتردا چاو ـلێکەری بێ ؟ تۆ بڵێی نەتەوەیوا هەبێ ، بۆ چاولێکەریی خەڵکیک ەنەبێ ، دڵداریی تیا نەبێ بە باو ؟

لە ئەدەبی کوردیدا کەسانی وەك کوردیو نالیو سالم بە تازەکەرەوەو داهێن دانراون،

بڕوانە ل : ٧

ئەمخاکە پیرۆزە ...
گوللەی ئەو تفەنگەی
بەرگی لە سەربەستی ئەم خاکە دەکا
پیرۆزە ...
لە نێوان دڵم ...
عەشقی تۆدا ..
خاکی عیراق ...
خۆشەویستی نەمر هەیە ..

* ● *

وەك مژدەی لە دایك بوون ..
لە سەرەتای هەموو
وەرزەکاندا ...
کێڵگەکان پڕ دەکەی لە گۆرانیو
خۆشەویستی ...
وڵاتەکەم ...
لە هەموو دڵێکا ..
لە هەموو چاویکا ...
پیروزی و ...
بەتۆوە سەربەرزین

● حمید موختار ●

قەفتەك ژهوزانێت نالبەندی

صادق بهاء الدین ئامێدی

شیای ب قێ شیای هژمارەکێ یان دەستکەکێ ژ هۆزانێت نەمر احمدێ نالبەند، کارەکێ بەرکەفتی و هێژایە ، جهێ پێ خوڕین ، سوپاس گوزاری و دەست خۆشیێیە ، خاسما بۆ نوێگەهەکێ خورت ، چست و چالەك وەکی سعیدێ دێرەشی ، یێ هێژ د قۆناغا شاگردینێدا شیای ب فێ شیای کریارا روشەنبیرێ و پیرۆز رابیت .

ب ئانەهیا خودێ هەکە هەر ل سەر فێ بزافی بمینت و خورتر لێ بکەت دێ شێت پاشەرۆژەکا روشەن و پڕ روناهی بۆ خو بەر دەست کەت ، ئەمازە هەکە چو تەنگستیا نەکەت و ل سەر کاری ڕژدتر بیت ، کێم و کورتیا بەرە بەرە د نفیسینێت خودا نەهێلت .

ب ڕێکا ڕێزمان خویندنێ، دگەل خویندنا چاپکری یێت کوردی خاسما ب زارێ کرمانجی و ژبەرکرنا هژمارەـ رەکا هۆزانێت هۆزانڤانێت کورد دگەل خویندنا فولکلورێ کوردی .

دەسویری ژ برادەرێ دێرەشی بیت چەند ئ ڕاستی یێت د پێش گوتنێ (بەراهێی)دا کو وچ ك ژێ بگەهت خوێندەڤانان و تو ژی خو ژێ دویر بێخی دێ ب ر رویەکین ل من نەگری .

أ ـ نەراستی یێت ڕێزمانی:

د بەرپەرێ (٨)ێ ژ نفشتا : **قەفتەك ژ هۆزانێت نالبەندی : روناهی یا دایە ... جوینا بەنیشتی یێت لێ هاتین ... یێ بو دانای ... یا هاتیە وەرگرتن . . . .. و کرنێت (فعلێت) وەکی وان .**

ئەڤ دەمێ کرنێ (سیغا فعلێ) کو دەمێ نێز بۆریە (مازیێ نێزیکە) د هند زارێت خو جهـ ل دەڤ را ب هدینا ب درستی ب کار تامێت . بو نمونە : دفێت ل شوینا بێژە گوتن :

(روناهی دایە) . ئەو (یادایە) راست نینە ، زێدەیە . وەکی و ئ: وەکی جوینا بەنیشتی یێت لێ هاتین ، بێتە **(وەکی جوینا بە نیشتی لێ هاتینە)** . ئ و یێت یا زێدەیە و لێ هاتین لێ هاتینە . وەکی وێ : یێ بو دانای دڤێ بێتە **(بودانایە)** . ئ و یێ بێ وج و دانای (دانایە) . وەکی وێ : یا هاتیە وەرگرتن دڤێ بێتە **(هاتیە وەرگرتن)** . ئەو (یا) دیسا بێوجە . خویندەڤان د جهدا دێ ڤێ پرسیارێ کەت ، گەلۆ چ نەراستی تێدایە ؟

د بەرسڤا ڤێ پرسیارێ ئەز دبێژم بنگ هێ (قاعدێ) دەرستکرنا دەمێ نێزبۆری (الماضی القریب) د زمانێ کوردی بلایێ گشکی ، ب سەرڤە ب ردانا (ئزاڤ کرنا) کرنا بوینا (فعل الکینونە) (٥ ، ن) ب سەر دەمێ بۆری یێ خوری (الماضی البسیطـ) کو : ئەز هاتم . دەمێ بۆری خوریە ، هەکە تە بڤێت دەمێ بۆری نێزیك ژێ درست کەی :

دێ بێژی : **ئەو** هاتمە . تو هاتی دێ بتە : تو هاتیی . ئەو هات ، دێ بتە : ئ و هاتە (هاتیە) . ئ ڤ زبو یەکینی (مفردی) ، ب لێ ژبو پڕینی (جەمعێ) : ئەم هاتن (هاتین)، دێ بتە : ئەم هاتنە (هاتینە). هوین هاتن : دێ بتە : هوین هاتنە ، ئەو هاتن ، دێ بتە : ئ و هاتن . وەکی : من نفیسی،دێ بتە : من نفیسیە. ئ نفیسی ، دێ بتە : وی تەنفیسیە وەی (وێ) نفیسی دێبتە (وێ) نفیسی مە نفیسی (نفیسین) دیبتە مە نفیسیە (نفیسینە). وە نفیسی (نفیسین) دێ بتە : وە نفیسیە (نفیسینە) . وان نفیسی (نفیسین) ، دێ بتە : وان نفیسیە (نفیسی) دێبتە وە نفیسیە ژ بلی هندێ ژی ، هەکە تە بڤێت تو پشتراست بی ژ ئ راستیا فی دەمێ کرنێ ئانکو دەمێ نێز بۆری ، کو ژ (هاتن) ئ ز هاتم ، نە (ئەزێ هاتیم) ، من نفیسیە نە (منێ نفیسی) هەر وەکی گەلەك نفیسەڤانێت کورمانجی ـ زار ب کار تینن ، فی دەمێ کرنی ب نەرینی ب کار بینە ئانکو (بنەفێ) دێ بێژی :

روناهی دایە . ب ئ رینی (اثبات) ، روناهێ ئ دایە . ب ئ رینی (ئ فی) . هەکە خو تە گوت : (روناهی یا دای) هەر وەکی گەلەك نفیسەڤانێت بەهدینا ددەنە کاری ب ئەرینی ، دیسا ب نەرینی (نەفی) دێ بێژی : روناهی ئ دایە . کەس نابێژیت روناهی ئ یادای . هەر وەسا : وەکی ب نیشتی لێهاتیە . ب ئ رینی (اثبات) دێ بتە وەکی بەنیشتی لێ نەهاتیە ب نەرینی (نەفی) . بۆ دانانە . ب ئەرینی ، د دێبتە : بۆ نەدانایە . ب نەرینی . ئ رینی ، دددێ بتە : هۆزانا هۆزانا وی گرێدایە . ب وی نەگرێدایە . ب ئ رینی . ب وەختیڤە هاتیە وەرگرتن . ب ئەرینی ، دێ بتە : ب وەختیڤە نەهاتیە وەرگرتن . ب نەرینی . ئەو زێدە یێت پێڤە گرێدای : .

١ ـ یا دایە ، ل شوینا (دایە) .

٢ ـ یێت لێ هاتین ل شوینا (لێهاتینە) .

٣ ـ یێ بو دانای ل شوننا (بودانایە) .

٤ ـ یا گرێدای ل شوینا (گرێدایە) .

٥ ـ یا هاتیە وەرگرتن ل شوینا (هاتیە وەرگرتن) .

ئەو هەمی زێدەیی وەکی ڕۆژا نیڤرو دیارن کو ئەڤەنە : (یا ، یێت ، یێ ، یا ، یا)، یێ وجن ژ بنگەهی (قاعدەی) زێدەنە . گرۆڤ ژی هەر وەکی ب درێژی هاتیە ڕوهنکرن ، د نەرینی (نەفێ)دا ئالافێ ئ رینی ل پێشیا کرنە ئێتێتە دانان کو ژ ئاوایی ئ رینی (اثباتێ) بێتە ئ رینی (ئ فی). دێ بێژی : سەردار هات . ب ئەرینی ، ب نەرینی دێ بتە . سەردار نەهات . سەردار هاتیە . ب ئەرینی ، دێ بتە : سەردار نەهاتیە . ب ئ رینی . هەکە تە گوت : سەردار یێ هاتی هەر وەکی ب لەنگی ل هندەجهان ل بەهدینا ل کارە، ب نەرینی دێ بتە : (سەردار نەهاتیە) وەکی بنگەهێ گشکی (قاعدێ عام) .

د بەرپەرێ (١٢)یێدا : الامینێ) راست نینە . دڤێت: **(بو خاترا فی سورا ابن** الامینی) بێت ، ژبەرکو هۆزانڤان ب خویە کو نێرە دڤێت نیشانا نێرینی (ی) ب سەرڤە بێتە بەردان نەنیشانا مێیینی (ێ) .

د بەرپەرێ (١٢)یێدا . گەلەك کارێت د هزر و بیرێت وەدا کری ، دڤێت نفیسینا : **(گەلەك کار د هزر و بیرێت وەدا کریە) ،** ژبەرکو دەمێ نێز بۆریە . ژبەرکو نێز بۆدیە .

هەر د وی بەرپەرەدا گۆتنا وی : ل ـ ر فیانێ یێت گەهاندین ، ژ گەلەك لافە نە دجهێ خو دایە .

١ : هەر وەکی هاتیە ڕوهنکرن د کرنا نێزبۆریدا دڤێت نفیسیا :

(ل سەر ئەڤێنێ قەهاندینە) .

٢ : دڤێت (ئەڤین) بێت نەکو (فیان) . براەدەرێ دێرەشی هەر وەکی دیارە (ئەڤینێ) ژ (فیانێ) جودا ناکەت ، ئەگەرچی وی ژ پێش کۆتنا دیوانا نالبەندی یا یەکێ ل دەڤکی هاتیە چاپکرن وەرگرتیە کو ژ لایێت نالبەندی هۆزان بێ فەهاندین ئەڤینە .

(ئەڤین) ناڤەکی ئەبترەکتی (معنوی)یە هەڤبەری (عشق)ە ب زمانێ عەرەبی . دێ بێژی : گرێ ئەڤینێ دژوارە مرۆڤی بێ هش و شەیدا دکەت . بەلێ (فیان) زێدە (مصدر) ە ب رامان و پەژنا ئانکو مەعنا (رغب یرغب) ب زمانێ عەرەبی و وەکی زێدەرێت دی، هەمی دەمێت کرنێ (صیغ الفعل) ژێ تێنە درستکرن . ئەگەرچی ئەڤ کرنە (فعل) ە د کرمانجیدا نەراست رێزانە (شاذە) . ژبو نەراست رێزانیا فێ کرنێ دێ دەمێت وێ ل بەر چاڤان دانین :

١ : دەمێ بۆری خورێ : من فیا ، تە فیا ، وی فیا ، وێ فیا ژبو یەکینی .

مە فیا (فیان) ، وە فیا (فیان) وان فیا (فیان) ژ بو پرینی .

دەمێ نهو (حازر) : من (دڤێت) تە دڤێت ، وی (وێ) دڤێت مە دڤێت ، وە دڤێت ، وان دڤێت .

دەمێ پاشی (مستقبل) : من دێ ڤێت ، تە دێ ڤێت، وان دێ ڤێت .

نەراست رێزانی د ڤێ چەندێ دایە ، کو دەمـ ێنهو و پاشی دگەل جوینا (مجموعا) یەکێ ژ جهانڤێت کەسی : **نادەتێ »** دگەل هندەکێت (ئەز ، تو ، ئەو ، ئەم ، هوین ، ئەو) تێنە کێشان ژ بلی فێ کرنێ (فیان) و (هەبون) دەمێ دەربارە بۆری ئەبن .

دێ بێژی : من دیت دیەکینیدا ژ بو کەسێ نەکێ ئاخڤتنکەر (متکلم) دکرنا بۆریدا . بەلێ د کرنا دەمێ نهو بەرچاڤ دێ بێژی : ئەز دبیم . ژ بو پرینێ (جەمعێ) ، کرنا دەمێ بۆری : مە دیت . بەلێ کرنا دەمێ نهو دێ بێژی . ئەز دبینم . هەر وەسا د دەمێ پاشی (مستقبل) ژیدا : ئەز دێ بینم . ئەم دێ بینین .

د بەر پەرێ (١٣)یێدا : **نالبەندی ژیانا ... نالبەندی دژیانا خو . ... ئەڤ هەر** دو گۆتنە دیسا ب من وەرە نە دجهێ خو دانە ، ژبەرکو (ژیان) ل جهێ (ژینێ) ب کار ئیتایە.ژین د کرمانجیدا هەڤبەری (حیاه) ، ب زمانێ عەرەبی ب کار تیت . پیتری زمانزانێت کورد وەکی پروفیسور قەناتێ کوردو و جەلادەت بەدرخان دبێژن (ژیین) بنگەهێ راستێ (ژین)ە . دکرمانجیدا (ژین) وەکی زێدەری (مصدری) هەمی دەمێت کرنا نەدەرباز (صیغ الفعل اللازم) ژێ تێنە درستکرن .

١ ـ دەمێ بۆری خوری (سادە) : ئەز ژیم . نەم ژین . هوین ژین . هتد .

٢ ـ دەمێ نیز بۆری : ئەز ژیمە(ا) . ئەم ژننە . تو ژیی . هوین ژینە . هتد .

٣ ـ دەمێ بۆری ب سەرڤە چۆیی : ئەر دریم . ئەم دژین. هوین دژین . هتد .

٤ ـ دەمێ دویربۆری : ئەز ژی بوم . ئەم ژی بون . تو ژی بوی . هوین ژی بون . هتد .

٥ ـ دارخازە بۆری : ئەز ژیبام . ئەم ژیبان . تو ژیبای . هوین ژیبان . هتد.

٦ ـ دەمێ نهو : ئەز دژیم. ئەم دژنن . تو دژی . هوین دەژین هتد .

٧ ـ دەمێ پاشی : ئەز دێ ژیم . ئەم دێ ژین . تو دێ ژی . هوین دێ ژین . هتد .

بەلێ (ژیان) کو ب کرمانجی ب (ژیار) ژی تێتە زارکرن ، کو (ر) جهێ (ن) دگریت هەر وەکی د بێژەیا (ژرمام)دا کو ژ بنگەهی (ژنمامە) ژنا مامێیە ، ئەڤ بێژەیە ب کرمانجی ب مەعنا (معیشه) د زمانێ عەرەبیدا د دەت و دەمێت کرنێ وەکی سۆرانی ژێ نامێنە درستکرن. تو نا بێژی ئەز ژیام . بەلێ دێ بێژی ئەز ژیم . تێتە گۆتن : خو ئەڤە نەژینە

١ ـ ل هندە درا ل بەهدینا : ئەزێ ژیم :

ئەژیارە (ژیانە) تو دژی .

د بەر پەرێ (٣١)ێ نسیڤ مالکا هۆزانی : «**حاصل نەکر من چ مقصد** » د بەر پەرێ

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

لە بەرووناکی رووداوەکاندا

لەنگاوی خیانەتکارانەی رژێمی بەکری گیراوی سوریا بەرامبەر وڵاتە تێکۆشەرەکەمان لە سودی کێ یە؟

دەڵێین ، دار هەڵبڕە ، سەگی دز دیارە ، رژێمەکەی حافظ اسدی بەکری گیراو ، لای ئێمە دەمێکە راستی هەڵویستی خیانەتکارانەی بەرامبەر سەرجەمی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی عەرەب بە تایبەتیو بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ناوچەکە بە گشتی ئاشکرایەو ئێمە دەمێکە دەزانین ئەو تاقمەی خۆیان بە سەر گەلی سوریا سەپاندووەو جۆلانیان دایە دەست زایونی دوژمن رۆژی لە رۆژان لەگەڵ سەربەستیو سەربەرزی گەلداو لەگەڵ ئاواتو خواستەکانی نەتەوەکەیان نەبوونو بەدەیان پەیوەندی گومان لێکراو بەستراون بە دوژمنانی ئەو خواستانەوەو لە سوودی ئەوان کار دەکەن ٠

بەڵام ، ئەم راستیانە ، لەوانەیە لای هەندێ لایەن بە تەواوی ئاشکرا نەبووبی ، چونکە ئەو رژێمەو ئەو تاقمە بەکرێ گیراوە خۆیان بە هەندێ دروشم دەشاردەوە کە هەندێ لایەنیان پێدەخەڵەتان ، تا شەڕی نێوان عیراقو ئێران رووی داو سەرکەوتنە مەزنەکانی سوپای دلێرمان نەك هەر رکێفی سوریا ، بەڵکو سەرجەم دوژمنانی لە ناوچەکەدا خستە سەنگیمەحەکەوەو ئیتر ماوەی نەدا لەوە زیاتر خۆیان لە ژێر پەردەی بریقەداری پێشکەوتنو بە تەنگەوە هاتنی خواستەکانی نەتەوە بشارنەوە ، لە پێشەوەی ئەو هیزە گومان لێکراوانە رژیمی سوریا بوو ، کە بە ئاشکرا پشتی فارسە رەگەز بەرستە قین رەش لە دڵەکانی گرتو بە ئاشکرا دژی عیراق وەستا کە بەرگری لە مافی رەوای نیشتمانی خۆیو مافی رەوای نەتەوە دەکات ٠ ئەم رژیمە لەگەڵ زایونی دوژمن لەیەك سەنگەر وەستان لە یارمەتیدانو پشت گرتنی فارسە رەگەز بەرستەکانداو هەردووکیان کەوتنە باربوو کردنی بەڵکو بتوانن لەو نوشستیانە رزگاری بکەن کە دەستی مەردانەی سوپای ئازای عیراق توشیهات ، بەڵام ، سودی نەبوو ، عیراق نادی بە هیز دەبێو ئەوان تا دێ دەشکێن ، ئیتر حافظ اسد ئەوەی بە ئاشکرا دژی وڵاتەکەمان بوستێو سەرئەنجام دژی خواستی نەتەوایەتیش بوەستێ کە گدایە ئەویش بەرگری لێدەکات ٠ ئەوەبوو لە هەفتەی رابوردودوتردا سنووری لەگەڵ عیراق داخست ، ئینجا قەدەغەی کرد نەوتی عیراق لە خاکی سوریاوە بروات، تا بەمجۆرە بۆ هەموو دنیا ئاشکرابوو ، بۆ هەموو بە ویژدانی ئاشکرابوو کە سێقولیەکی چەپەڵ پیلان دژی عیراقو شۆڕشە مەزنەکەی دەگێڕن : ئیمپریالیو زایونیو رژێمی فارسی رەگەز پەرستو بەکرێگیراوی وەك حافظ اسد لە ناوچەکەدا ، راستەوتویانە دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە ، سەرکەوتنە مەزنەکانی جەنگاوەرە ئازاکانمان پەردەی لە رووی هەموو نۆکەرو بەکرێگیراوان دڕیو لە بەردەم جەماوەر خستینە رو ، کار لێرەشدا ناوەستێ کاروان بەردەوام دەروات ، تا بەتەواوی هەموو ئەو چەپەڵانە : ئیمپریالیو زایونیو خومەینیو حافظی بە کرێگیراو سزای خۆیان بە دەستی جەماوەر وەر دەگرن ، ئەوانە ناتوانن لە بەرزی بالای سەرکەوتنی عیراقو شۆڕشەکەی کەم بکەنەوە ، بەڵکو ئەنجام سەرنگوم کردنی خۆیان دەبێت ٠

دیمەنی خۆپیشاندانی جەماوەری گەلەکەمان دژی ناوانەکانی رژێمی حافظ اسدی خائن ٠

سەروتار ـ پاشماوە

لەگەڵ زایۆنیزم دەکات ٠٠٠ بەڵام نازانێ چۆن ئەمە بەدی بهێنێ » ٠

بێگومان ئەمەش دوای بڕیارەکەی زایۆنیزمی دوژمن بە داگیرکردنی خاکی جۆلان ٠٠ بوو ٠٠ وە دوای ئەوەی کە ـ حافظ اسدی سەرەکی رژێمو دارودەستە نەفامەکەی بڕیاریان دا کە «خۆڕاگرتن» ی رژێمی خومەینی پتەوبکاتو دوژمندارێتی دژی عیراق فراوانتر بکات ٠

لە هەمان کاتیشدا ، وەزیری دەرەوەی رژێم ، لە تاراندا لەگەڵ مەلاکانی قوم کۆبووەوەو ئامادەبوونی رژێمەکەی ، بۆ راپەڕاندنو بەجێکە یاندنی گشت پیلانەکانیانو پێشکەشکردنی جۆرەها چەكو جوبەخانەو هەموو پێویستێکی تری بۆ رژێمی رەگەز پەرست سەرلەنوێ کردەوە ٠٠٠٠ ئەوەشی دووپات کردەوە کەوا رژێمی ـ حافظ اسد ـ ، ئامادەیە گشت پیلانو داوێکی خومەینیو دارودەستەکەی ، بێ سێو دوو ، رایپەڕێنێت بە مەرجێ دژی ئاوو خاكو وولاتی عیراقو لێدانی شۆڕشی جەماوەری عیراق بێتو بەهۆیانەوە دوژمندارێتی رژێمی ئێران دژ بە عیراق فراوانتر ببێت ٠

بەڵێ ٠٠ وادیارە کە رژێمی دیمەشق باوەڕی وایە کە بە داخستنی سنووری نێوان سوریاو عیراقو قەدەغە کردنی تێپەڕبوونی نەوت بە خاکی سوریادا ، گوایە دەتوانێ کار لەو سەرکەوتنە مەزنانە بکات کە خوێن گەرمە نەبەردەکانی سەدەی بیستەم بەسەر سەر شۆڕانی تاقمی خومەینی وەدەستیان هێناوە ٠

گەر ئەمەی مەبەست بێ ، ئەوە بە هەڵەدا چووەو ٠٠ خۆیشی چاك دەزانێ کە بە هەڵەدا چووە ٠

سبەینێ گەر بمێنێ ـ ، لەگەڵ خومەینیدا پەنجەی بەشمان دەگەزنەوە ٠

رووداوەکان بە وێنە

خۆپیشاندان دژی سیاسەتی رێگان

نزیکەی دە هەزار کەس لەبەردەم میوانخانەی هیلتۆن لەشاری نیویورك خۆپیشاندانێکیان سازکردوە دژی سیاسەتی رێگان لە سلفادۆر لەو کاتەدا رێگا مەدالیای سەرکردایەتی پێدەدرا لەهەمان میوانخا

خومەینی ـ پاشماوە

بەرگریو ڕوخاندنی رژێمی حوکم لە تاران ، سازدرابوو ٠

جا رالف جۆزیف نەوەشی ددوپاتکردەوە کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە رۆژی چواری ئەم مانگەدا ڕایانگەیاند کە هێزەکانی سەرزەویان لە سەر ماڵی خومەینی بەهەڵە تەقەیان لە فڕۆکەیەکی ـ ووەو وایانزانیوە فڕۆکەی عێراقی یە ، تا ئێستاش چارەنووسی فڕۆکەکە دیارنییە ٠ هەروەها وتی رۆژی پێنج شەمووی ڕابردوو دەسەڵاتدارانی ئێرانی صادق قطب زادەی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێرانیان گرتووو رژێمی خومەینی ئەوەشیان هەوالی گرتنەکەشیان بۆ ماوەی (٤٨) سەعات دواخست، ئەم دواخستنەش بۆ ئەوەبوو کە زۆربەی ئەو کەسانە بگرن کە پەیوەندییان بە کۆدەتاکە هەبوو ٠ کە بۆ ڕووخاندنی رژێمی خومەینی سازدرابوو٠ هەروەها سەرچاوە ئێرانی ـ یەکانیش ئەوەیان دووپات کردەووە کە ئەو کەسانەی بەم بۆنەیەوە گیراون ژمارەیان دەگاتە سەد کەسو سێ ئەفسەری گەورەی ئێرانییان لەگەڵدایەو ژمارە ـ یەکی تریش بۆ شوێنی نادیار ڕایانکردووە ٠

هەروەها دەسەڵاتدارانی رژێمی خومەینی ئەوەشیان ئاشکراکرد کە ماوەیەکە هەستیان بەم کارە کردووەو بە تەلەفۆنیش لەگەل سەر ـ دردەکانییان دووان ٠

هەندێ سەرچاوەی ناڕەسمی لە تاراندا وتیان ئەوانەی هەوڵەکەی ئەم دوایییەیاندا بۆ ڕووخاندنی حوکمی خومەینی پێوەندییەکی تایبەتییان لەگەڵ عەلی ئەمینیدا هەیە کە سەرەك وەزیرانێکی پێشووی ئێرانەو ئیستە لە پاریس دەژی ٠

لە بەرلینیش تەیموور شەریفی حەجی کە کونسوڵی پێشووی ئێرانبوو لە بیدەو ئیستە لە دۆزەخی رژێمی خومەینی ڕایکردووە بەلاوی کردەوە کە چووەتە بەر جووڵانەوەی بەرهەلستیکردنی ئێرانیو ئامادەیە بۆ خەباتکردن لەپێناوی ڕووخاندنی جانەوەرو خوێناوی تاراندا ٠

فڕۆکەیەکی ـ پاشماوە

لە ئەندامانی شورای باڵای کەنزیکەی ٢٥٠ کم لەرۆژئاوای مەسقەتەوە دوورە نیشتۆتەوە ، شایانی باسیشە کە تاقمەکەی لەهێزی دەریایی ئێرانیدا دەکەن ٠

هەروەها بەیاننامەکە ڕوونی کردۆتەوە کەدەسەڵاتدارێتی میریی دەستی کردۆتە توێژینەوە لەگەڵ تاقمی فڕۆکەکەدا ٠

قەفتەك ـ پاشماوە

(١٨٦)ێ نیف مالکا هۆزانێ : « **کەس چ جابا** دژی ب لەنگی نقیسی‌نە ٠ راستیا وان ئەفەیە ٠ « **حاصل نەکر من چو مقصد** » و « **کەس چو جابا نادەتێ** » ٠

نەف ژێك جودا نەکرنا (چ) ژ (چو) پێتر ژ ٨٠٪ ژ نیسەـ قانێت کرمانجی‌زار ل عیراقێ د نقیسینێت وانداهەیە ٠ دیارە (چ) کو جهنافێ یا ئالافێ پسیارێ (ئەداتێ استفهامێ)یە ژ (چو) کو ب عەرەبی ب مەعنا (لاشیء) ژێك جودانە دێ بێژی : ئەو چ یە ؟ ئەو چ تشتە ؟ ئەو چ کەسە ؟ ٠ د بەرسڤا فان پرسیارادا ب نەرینی (نفی) دێ بێژە : ئەو چو نینە ٠ ئەو نەچو تشتە ٠ ئەو چو تەرس نینە ، هەکە دابەرەدانیا خو کەت ٠ د سەرهاتیادا : **چبچینی دێ وی هەلینی ٠ چ بکەیە کووارێ ئەو دێ هێتە خارێ** ٠ چو هەر دکەل نەرینی (نفیێ) ب کار تێت ٠ بەلێ ژ زاراف و کۆنێت نە دجهێ خودا ٠ (**رامیاری** ل جهێ سیاسی ب کارئینان ب من وەرە باشی نەبیت ژبەرکو بێ بنیاتە ٠ (**بەرچوم کرن**)ل جهێ پێڤەنان ، پێڤەنویساندن دیسا نە دجهێ خو دایە (**بنەمالا باگێرا ؟**) دویری راستیێیە ژبەرکو باگێر گونده ، هەکە تە پاشتپرتا (ی) یا جهواریێ (نسبێ) ب سەروە بەردا دێ بە : **باگێری ـ باگێری** ٠

ئەو دەنگی (أ) دیارە کورتیا (اَ)ە کو نیشانا پرینیێنە (جەمێ) ، دڤێت ژ بو گەلەك مالان نەکو مالەکێ ب کار بینن ٠

دەنك (**لەیزینین**) دکرمانجی‌دا هەیە ٠

نینە ٠ دەنگخو (**زلزلاندن**) لەیزین مەعنا یاری کرنە، دکرمانجیا بوتان پێتر ل کارە٠ دبێژن : ئەز لەیزیم ٠ دێ بلەیزە ٠

هەژار : دیارە دکرمانجی‌دا ژارە ٠ دبێژن : ژارەکێ رویت و قویتە ٠ دەستێ فەقیر و ژارا بگەرە ٠

رێك و پێك د کرمانجی‌دا ب کار ناهێت ، ل جهێ وێ : (**بسەرو بەر**) ب کار تێت ٠ دبێژن : مالا ب سەر و بەر مرۆڤی بەختیار دکەت ٠

دەمێ سیپەلا وێ ڤەدرەسیت٠٠٠

ئەڤ گۆتنە ب من وەرە راست نەبیت ، ژبەرکو سیپەل نافەرەسیت ، بەلێ ئاما ژ بلندی بەر نزمیێڤە فەدرەسیت کو دبێژنێ (سویلاڤ) هەکە ب کەفرا کەفت فەدبەشیت ، بەلێ هەکە ب گەرەکا ئانێ کەفت دبیتە سیپەل یا سیپەل ژێ درست دبیت ، ژبەرکو سیپەل یان (سویپەل) شەرگەها (مەرکەزێ) بێلێت ئافێنە یێت وەکی خرکا (دائرا) ژ نیەکێ ژ جهێ ئاڤ فەرەسیانێ بەر رەخاڤە دچن ٠ ژبەر هندێ دڤێت گۆتبا : **دەمێ سویلاڤ فەدرەسیت ب گەرەکا مەزن دکەیت دبیتە سویپەل** ٠

کول و کۆفانێت خو دداریتە سەر کاغەزێ ، راست نینە ژبەرکو (داریتن) هەڤبەری (صب یصب) ب عەرەبی ٠ کورد دبێژن : کول و کۆفان (دەرمانکرن) ٠ یان کول و کۆفان دەرکرن ، ئانکو نشتەرکرن و کێم و زۆخ ژێ ئینان دەر ٠

چیغلتەکێ بلند : راست نینە ٠ دبێژن : چیا و و چەلغتە ٠

ب چیا و چەلغتا کەفت ٠ راستی : **چەلغتەکێ بلند** ٠

دویماهیێ ب من وەرە ملێ نالبەندی دان ب ملێ سەیدایێ خانی و حاجی قادری ، ژ راستیێ دویرە خاسما خانی یێ کو ملەتێ کورد کریە ئەفیندارێ خو ، هێز و فەژەن و دەستهاتنا خو د رێیا راست نیشاندان و دەژین و هایدارکرنا وی مەزخاندیە ، کرۆڤ ژی مەم و زینا وییە ، چیرۆکا سەربەستیا وی ٠ حاجی قادر ژی یێ رێکا خانی گرتی و ل سەر چوی بێ گومان ملەتێ کورد هشیار کرنە ٠ نالبەند خو نابتە شاگردێ ، شاگردێ وان کوردپەروەریێدا ٠

د ... ئەی دژ ... ٠٠ پاشماوە

چونکە ئەمان بوون لە ناوچەی بابانداو قوتابخانەی شیعری بابانیان دانا کە بە بەدەنگەوە چوونی پێداویستەو دولتوورییەکانی ژیانی ئەو قۆناغەی کورد دانراوە٠ کوردیو نالیو سالمو ئەوانەی بەدوایاندا هاتن ، یەکەمین کەسن لەم ناوچەیەدا شیعری کوردییان لە شێوەی فۆلکلۆری میللییەوە بۆپێشەوە بردو شیعری لەسەر شێوەی عەرووزی عەرەبیو بەپێی ڕێبازەکانی قوتابخانە جیاوازەکانی شیعری فارسی ـ یان هێنایە ناو ئەدەبی کوردەوە ٠ ئەمانە بەوەشەوە ئەوەستان کە هەر لە بابەتی دڵداریو پیاهەڵدانو شۆڕە ـ سواریو ئایینو شەڕو شۆڕو شتیوادا شیعر بڵێین ، شیعری ئەتەوەییو کوردایەتەیشیان دانا ، هەرچەندە دیارە ئێمە ئەمڕۆ بە مێشکێکی تەرەوە لەم زاراوەیە ئەگەین ٠ لە مەیدانی تازەکایدا شتێك نەگەیشتبوە ناوچەکە ئەمان پێی بزانن‌و لێی ئەدوێن ٠ کەچی دوکتۆر کامیل پاش ١٥٠ ساڵو پێش ئەوەی تەنانەت ئەمڕۆیش کۆمەڵ بەڕاستیو بەتەواوی دان بە هاوسانیی پیاوو ئافرەتدا بنێ ، دێو ئەیەوێ بەوە تاوانباریان بکا کە وەك ئەمڕی هوشیارەکانی دۆزەڵ بیریان لە مەسەلەی ئافرەت نەکردوەتەوەو، هەر لەو ڕووانەوە لە ژن دواون کە شاعیرانی موسوڵمانی پێش خۆیان لێیانەوە لێی دواون ٠ لێرەدا ئەوەم بەخەیاڵا دێ بایم خۆزگە دوکتۆر لەگەڵ ئەو ڕەخنەیەیدا بۆی باس‌بکردینایە خۆی چۆن لە مەسەلەی ئافرەت گەیشتووەو ، دان بە کام ئازادیی ئافرەتدا ئەنێو ، چ فەلسەفەو بیروباوەڕێکی لەم مەیدانەدا پەسەند کردووە ، تا بمانزانیایە ئاخۆ خۆی لە چۆقۆناغێکدایەوو ، تا چ ڕادەیەك لەم ڕووەوە مانی ڕەخنەگرتنی لە خەلك هەیە ؟

ماویەتی

Institut Kurde de Paris

به هەزاران هاوولاتی لە ولاتی نەمساهوینەری هەڵپەڕکی و موسیقای کوردی دەبینن

ناظم دلبەند
نووسینگەی هەولێر

تیپی هونەرە میللییەکانی هەولێر کەسەر بە دەزگای گشتی سینەماو شانۆیە گەڕایەوە وولات ، دوای ئەوەی کە خۆپێشماندانێکی هونەری فراوانی لە وولاتی (نەمسا) سازدا بە گشتیو شارەکانی (فیەناو سالزبورغ) کە جێکەی سەرسوڕمانی جەماوەری ئەو وولاتە بوو ،

شەش تابلۆی هەمەجۆریان پێشکەش کرد ، لەمانە (نەورۆز ، کوێستان ، شوان، دروینە ، لورکێ ، بەهدینان

لەگەڵ چەند دیمەنێك لە پێشکەش کردنی گۆرانیو موسیقای فۆلکلۆری کوردیمان، ئەم تیپە توانیویەتی لە ماوەیەکی کورتدا خۆی بە ناوەو دەرەوەی وولات بناسێنێو بەرنامە بەچێژەکانی ، خۆی لە دڵودەروونی هەموو خەڵك جێگیر بکاتو لە سەرانسەری کوردستانا بەنجەی ئافەرینو رێزیان بۆ رابکێشرێ ...

بۆ ئەم مەبەستە کاك صابر عبدالرحمن بەرێوەبەری تیپەکە قسەی بۆ رۆژنامەکەمان کردو وتی :ـ

ـ ئەوەی راستی بێ لە ٢٣ مانگی ئادارداا ، تیپەکەمان توانی زۆر بە رێكوپێکی یەوە یەکەم بەرهەمی خۆی پێشکەش بکات لە (فیەتا) لە سەر شانۆی (صوفیانا سێلن) کە (٣٠٠٠) کەس هاوبەشی کرد لە بینینی بەرهەمەکانمانو بەڵگەشمان بۆ ئەم راستییە ئەو (کاسێتە ڤیدیویە) کە ئێستا لەگەڵ خۆمانا هێناومانەتەوەو ئەگەر گونجاش بڵاوی دەکەینەوە ، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە بەر لە چوونمان بەهۆی رۆژنامەکانی (نەمساو)ـیەوە گەلێك بڕۆپاگەندە بۆ تیپەکەمان کرابوو ، ئەو پرۆپاگەندەیە بەردەوام بوو لە رۆژانی پێشکەش کردنی بەرهەمەکانمان ، کە جێگەی مەرسوورماتی هەموولایەك بوو ، بەڵام ئەوان وا تێنەگەیشتبوون کە ئەم تیپە ئەوەندە بەرێكوپێکی یەوە دێتە سەرشانۆ گرنگی یەکی تەواوی پێدراوە ، هەر وایان دەزانی کە چەند کەسێکنو بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە هاتوون بەرهەم پێشکەشدەکەن ، کەچی کە بەم شێوەیە تیپەکەیان بینی ، بە جۆرێکیتر بیریان کردەوەو رۆژنامەنووسەکان بۆ رۆژی دوایی زۆر بە گەرمەوە باسیان کرد ..

هەروەها لە کۆتایی هەر پێشکەشکردنێکا دانیشتوان خۆشەویستی خۆیان دەردەبڕی بە پێشکەش کردنی چەپکەگوڵ بۆ سەرۆك و ئەندامانی تیپەکەو رێز لێنانیان لەلایەن هونەرمەندە (نەمساو)ی یەکانەوە ، کە هەموویان بە گیانێکی هونەری بەرزەوە دەیانڕوانیە هونەری کوردی لە کوردستانی عیراقدا .

لە بەرەبەیانێکی بەهاری رۆژی ٢٦ـ٣ـ١٩٨٢ گەیشتینە شاری (سالزبورغ)و لە هۆڵێکی ژیکەلانە کە ناوی (کۆنگرس هاوس) بوو ، هەمان بەرهەمان پێشکەش کردو نزیکەی (٩٠٠) کەس بینیان ، بڕوابکە بۆ ماوەی دوو ، دەقیقە چەپڵە رێزان بوو بۆ رێزلێنانی هونەرمەندەکان ، گرنگ توانیمان جارێکی تریش هونەری کوردی ئاشنای بێگانەکان بکەینەوە.

هونەروجەنگی مێژوویی

شێرزاد عبدالرحمن :
نووسینگەی هەولێر

ئەو جەنگە مێژوویی یەی کەوولاتەکەمان بەرامبەر بە تاقمە نەزانەکەی تاران دەیگێڕێ کاری کردۆتە سەر هونەر ، تەنانەت هونەرمەندانی کورد لە گۆرانیو مۆسیقاو تابلۆکانیاندا ئەم هەستەپاکەی خۆیان دەربڕیوە ...

هونەرمەندی لاو محمدولی ماوەیەکە خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ کردنەوەی پیشانگایەکی تایبەتی دەربارەی سەرکەوتنەکانی سوپای دلێرمانو بەو بۆنەوە لە وەڵامی پرسیارێکدا کاك محمدولی ووتی :

× هەر لەگەڵ هاتنە سەرتەختی دەسەڵاتو بەردەوام تا ئێستا ، رژێمە بۆگەنەکەی تاران ویستوویەتی ئازاری گەلانی ئێران بە گشتیو گەلی کورد بەتایبەتی بدات ، تەنانەت ئەم زۆردارییەی رژێمی ئێران کاری کردە سەر هونەرو هونەرمەندانی کورد بە راستگۆیی دەنگی نالەو ئازاری گەلانی ئێرانیان خستە روو ... بیری ئەم پیشانگایەی منیش لێرەوە دروست بو ، پاشان ئەوەی کە بەشداری ئەم مەسەلەیەم کردووە لە چەندپیشانگایەکی تری هاوبەشدا بە بۆستەری سیاسی .

● بەو بۆنەوە دەمانەوێ بزانین چۆن دەستت پێکرد ؟

× لە ساڵی ١٩٥٨ لە قوتابخانەی سەرەتایی عاشقی وێنەکێشان بووم ، بەتایبەتی مامۆستا ئەسکەندەر عثمان یارمەتی کردمو لەو ساڵەشدا بەشداریم لە چەند پیشانگایەکی هاوبەشی قوتابخانەکەماندا کردووە .

● تابلۆکانت زیاتر چی دەرئەبڕێ ؟

× لە منداڵیەوە عاشقی سروشتو جوانی بووم ، تەنانەت سەراپای تابلۆکانمئەم لایەنە دەرئەبڕن بەتایبەت لە گوند دامەزرابو .

چۆن سەرنج ئەدەیتە توانای لاوەکانمان ؟

× بەلای منەوە نەوەی ئێستامان بەرەو دووا رۆژێکی گەش هەنگاو دەنێت ، بەڵامخۆزگە ئەوەندە خۆیان بە بابەتی، لاسایی کردنەوەخەریك نەدەکردو هەوڵی خۆیی گەیاندنیان ئەدا .

● ئەی مەسەلەی کەلەپوور ؟

× بایەخ پێدانی فۆلکلۆرکارێکی پڕ داهێنانە ، بەڵام نەك بە دەربڕینی فۆلکلۆرەوەك خۆی ، بەڵکو دەرخستنی بە شێوەیەکی هاوچاخانەودوور لە سواوی دووبارە کردنەوە .

چاپکراوی نوێ

چەپکێ وەنەوشە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی کۆمەڵی شیعری «صەبریی یە نووری قادر ـ داپکی سۆلاف » دەرچووە بەناوی «چەپکی وەنەوشە »وە ٠ کە بریتی یە لە (٧١) پارچە شیعری ساڵانی پەنجاکان بەدواوەی شاعیر لە ٢٢٤ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا ٠

* ● *

تە چ ڤیاو من نەئانی

دیسان لە چاپکراوەکانی دەزگاکەمان دیوانی شیعری شاعیر خلیل محمد بەناوی « تە چ ڤیاو من نەئانی » بریتی یە لە کۆمەڵە شیعریکی شاعیرو لە ١٣٦ لاپەڕەی قەوارە مام ناوندی ٠

ئەو هونەرمەندانەی کەکاریان تێکردووی ؟

× لە دەستو پەنجەی هونەرمەندان « فائق حسن »و « محمد عارف »ی هونەرمەندفێری زۆر شت بووم ، لە هەموویان گەورەتر عەشقی هونەرو جوانی ٠

● لە وەڵامی پرسیارێکی تردا ووتی :

× هیوام زۆرە کە تەقەللابدرێ مۆزەخانەیەکی تایبەتی بۆ پیشاندانی هونەری تەشکیلیکوردی تەرخان بکرێ بۆ پاراستنو کەلك لێوەرگرتنوەك سەرچاوەیەکی مێژوویی ، بۆ لێکۆڵینەوەو دەرخستنی رووی گەشی هونەری کوردی٠

جیهانی سینەما

ماریا شنایدرو فلیمێکی نوێ

● ماریا شنایدر ، کچە ئەکتەری سینەمایی فەرەنسی ، ئێستاکە خەریکی بینینی دەوری پاڵەوانێتی ئەو فلیمە ئیتالی یەیە کەدەرهێنەری ناسراو « لویجی کومنشینی »دەری دەهێنێ ٠

ئەم فلیمە ، بایەخێکی گەورەی هەیە لەلای ماریا ، چونکە دەور بینینی لەم فلیمەیدا گەڕانەوەیەکە بەرەو دەرکردنی فلیمی چاك و بەسوود ، پاش ئەوەی دان بەوەدا دەنێ کە زۆربەی فلیمەکانی لەوەوپێشی لە ئاستێکی نزمو خراپدا بوون ٠

بروك شیلدز : بەناوبانگترین بووکە شوشە

● بروك شیلدز ، کچە هونەرمەندی جیهانیو پاڵەوانی فلیمی «منداڵە جوانەکە » بۆتە یەکێك لەبەناوبانگترین ئەکتەرەکانی ئەمڕۆ ٠

لەپێش بڕکێیەکدا ، کەتەلەفزیۆنی ئەمریکی سازی کرد ، جەماوەر بڕۆکیان بەجوانترین ئەکتەری کچ هەڵبژارد ...

ئەم ئەستێرە سینەمایی یەی کەتەمەنی نەگەیشتۆتە حەفدە بەهار ، لەگەڵ کۆمپانیایەکی دروستکردنی بووکە شووشەی منداڵاندا کەناوی (ئێل-جی)یە ڕێکەوت لەسەر ئەوەی کە ئەم کۆمپانیایە چەند بووکە شوشەیەك لەشێوەی برۆکدا دروستبکاتو هەر ناوی ئەویشیان لێ بنێ ٠

تەونزاوە بۆمنداڵ

ئۆپەرێتی نوێ بوونەوە

« عوسمان هەورامی »

١ ـ وا سپێدەی بەیانە
وەك گزنگی دڵی من
خەندە دیاریی ئاسمانە ،
بەهرەی دڵی پەلەوەور
کلپەیە ، چاوەی هونەر ،
٢ ـ ئەم کێو و دەشت و دەرە
ڕازی نوێیان لەبەرە ،
هەر پێتی هەزار جۆشێ
وەك گڕ ـ بە گیان ئەبەخشێ ،
٣ ـ گوڵ و گوڵاڵە و چیمەن
خورپەیەکی زۆر دەگەمەن
ئەخەتە دڵ و هەناو
هەستی ئەبێ بە هەتاو ،
١ ـ هاژەی بەفراو و تاقگە
سۆز و ئاواز و بانگە
بۆ ڕامانینی ژەنگە
٢ ـ هەناسەی نوێی تەمەن
سروەی بەیاتی ڕوونە
تین و توانای ڕەسەن
جریوەی گەشی گەردوونە ،
٣ ـ چەخماخەی ئەشقی بەهار
تیشکی ئەکا بە هەزار ،
تارای نەورۆز هەمە جۆر
گزنگ ئەبەخشێ بە خۆر ، ....

کۆرس هاوبەشیی ئەم بەیانە
نوێبوونەوەی ژیانە ،
لەم بوارە سازەدا
گەرمەی گوژم و تەکانە ،
هەرچی نوێ نەبێتەوە
ئەڕوات و ئەتوێتەوە ....

گۆنای شکر

حیدر طالب

Institut Kurde de Paris

هاوکاری
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد / شەقامی الخلفاء / مەیدانی خەلانی
تەلەفون ٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت

هاوکاری
التضامن

شرقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ ژمارە زیادە

ڕۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

● پێنج شەممە ٢٢ی نیسان ١٩٨٢ ژمارە ٦٣٤ ●
● الخميس ٢٢ نيسان ١٩٨٢ العدد ٦٣٤ ●

ڕۆژگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی

بریاری میژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاک و ئاوەکەمان و بە توانای لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەدەستێن بەربەستی ئەم بریارە میژوویە ڕەوایەبکات .
سەرەکی فەرماندە
صدام حسین

سەرەکی فەرماندە: خەزێنەی عێراق لە وێڕدانی عێراقی یەکاندایە

بەرێز سەرەکی فەرماندەصدام حسین ئەوەی دووپات‌کردەوە کە شۆڕشی حەفدەی تەموز بۆ ئەوە هات تا ئابڕووریز پێشکەش بە عیراقیەکان‌بکات لەوڵاتەکەیاندا و ئەهوەنی‌و هیمنی بۆ خۆیان‌و منداڵەکانیان‌و دڵنیابوون لە پاشەڕۆژی‌خۆیان‌و ئەوەکانیان‌و تا شۆڕشی عیراق بۆ هەموو عیراقیەکان بێت .



سەرەکی فەرماندە ، پێری عیراق بێت ، دەبینین بە شەپۆل دێن‌و ئامادەن بچن بە گژ لەشکری دوژمندا .

بەرێزی وتی : ئەوانەی وا دەزانن کە میزانیەی عیراق بە بڕینی بۆری‌و نەوت بەتاڵ دەبێت،خۆیان‌و هاوسوێندە ـ کەیان حافظ ئەسەد خەیاڵیان خاوە ، چونکە خەزینەی عیراق ئەوە نیە لە وەزارەتی دارایی دانراوە ، بەڵکو لە وێژدانی عیراقیەکاندایەو دەتوانن وابکەن توانا‌و وزەی وا پاشەکەوت بکەن بۆ وڵاتەکەیان هەتا سەربەرز بمێنتەوەو توانای زامنی خێری هەبێت بۆ خۆیان‌و ئەوەی داهاتوو مرۆڤایەتیش.

سەرەکی فەرماندە دووپاتی کردەوە کە ئەگەر بگەینە بەردەم ئختیاری نێوان خوێن‌و عیراق ، خوێن وەك ڕووبار دەدەین‌و عیراق نادەین بە دەستەوەو جەنگ‌و بیناکاری یە هەمان هیمەت‌و توانای بەرەو سەر بەردەوام دەبێت تا دوژمن ڕێزی عیراقیەکان‌و سەربەرزیان لە سەرخاک‌و ئاویان دەگرێت .

ئەمەو لە کۆتاییدا ، هاوڵاتیەکان ئامادەیی تەواویان پیشان‌دا بۆ بەرگەگرتنی هەموو بەرپرسیاریەك بۆ پشتوانی جەنگی پیرۆزمان دژی فارسە ڕەگەز پەرستەکان هەتا مل‌کەچی خواستە ڕەواکانمان دەبێت .

لە چاوپێکەوتنەکەدا بەرێز طارق حمد العبدالله ئەمینی سری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و سەرەکی دیوانی سەرەکایەتی کۆمار بە وەکالەت ئامادەبوو .

ئاڵای سەرکەوتن بەرزدە شەکێتەوە

جەنگاوەرە ئازاکانی عێراق لێدانی توند ئاراستەی دوژمنی ڕەگەزپەرست دەکەن

جەنگاوەرە دلێرو نەبەردەکانی سوپای عێراقی مەزن ، بەردەوامن لەدەست وەشاندنی کاریگەرانەیاندا دژی دوژمنی فارسە ڕەگەز پەرستەکان بۆبەرگری کردن لەخاك‌و ئاوی عێراق‌و پارێزگاری‌وڵاتەکەمان لەدەست درێژی فارسی ترسنۆك‌و ناچارکردنی‌بەدان نان بەمافی ڕەوای گەلە قارەمانەکماندا .

لەماوەی هەفتەی ڕابوردوودا ، زیانەکانی فارسی‌دوژمن بەپێی ئەو بەیاننامانەی کەسەرکردایەتیی گشتی هێزە چەکدارەکان دەری کردوون بەم جۆرە بوون :

● ١٥ـ٤ـ١٩٨٢ :
١٢ کوژراو‌و دوو شەڵ‌و یەك ڕوانگە‌و بنکەیەکی تەقەمەنی .

● ١٦ ـ ٤ ـ١٩٨٢ :
٦ کوژراوو دوو لۆری‌و بنکەیەکی تەقەمەنی‌و یەك ڕوانگە .

● ١٧ـ٤ـ١٩٨٢ :
١٦ کوژراوو دوو تانك‌و پێنج‌لۆری‌و یەك تۆپ‌و یەك شەڵ‌و دوو بنکەی تەقەمەنی‌و ڕووانگەیەك .

● ١٨ـ٤ـ١٩٨٢ :
٢٣ کوژراوو حەوت لۆری کە شەشیان پڕبوون لەسەربازو یەك تۆپ‌و بنکەیەکی تەقەمەنی‌و چوار ڕووانگە .

● ١٩ـ٤ـ١٩٨٢ :
٢٤ کوژراوو دوو تۆپ‌و دوو بنکەی تەقەمەنی‌و هەروەها فڕۆکە ئازاکانمان بەردەوام بوون لەهێرشبردن‌و بۆردوومان کردنی بنکە‌و مۆڵگاکانی دوژمن لە هەردوو کەرتی ناوەڕاست‌و خوارووو زیانی سەرو مالی زۆری پێگەیاندن‌و هەمووش بەسەلامەتی گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان .

● ٢٠ـ٤ـ١٩٨٢ :
١٩ کوژراوو یەك تۆپ‌و یەك شەڵ‌و دوو بنکەی تەقەمەنی‌و چوار ڕوانگە‌و فڕۆکە ئازاکانمان بەردەوام بوون لە بۆردومانکردنی بنکە‌و مۆڵگاکانی دوژمن‌و زیانی زۆریان پێگەیاندن‌و هەموویان بەسەلامەتی گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان .

● ٢١ـ٤ـ١٩٨٢ :
٦٩ کوژراوو ژمارەیەك بریندارو گیراوو هەڵتەکاندنی دوو دەبابە‌و یەك سەرباز بەری مودەرەعە‌و دوو لۆری‌و یەك قازیفەی ئەنبوبی‌و یەك شەڵ‌و یەك بنکەی تەقەمەنی‌و دەست بەسەرا گرتنی چەکێکی زۆری سووك کە بۆ بەکارهێنان دەشێن .

بەرپرسیاریکی فەلەستینی لە کاروباری دەروانەی زایۆنیەکان دەدوێ

ئەمان : بەرپرسیارێکی فەلەستینی بڵاوی‌کردەوە کە نزیکەی ٤٠٠ هەزار گیراوو دیلی فەلەستینی لە دەستدرێژی‌یەکەی ١٩٦٧ەوە چوونەتە بەندیخانەو گرتووخانە زایۆنی‌یەکان‌و بە شێوەیەکی هەمیشەیی نزیکەی ٥٠٠٠ یان لە بەندیخانەدان ، ئەمە بێجگە لەوانەی کە بە فەرمانی

بڕوانە ل : ٧

ئاژانسی دەنگوباسی ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا :

سەرەڕای بارودۆخی جەنگ بزوتنەوەی بنیاتنان لە عێراقدا بەردەوامە

● بۆن : ئاژانسی‌دەنگوباس ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا ووتی ، بزووتنەوەی بنیاتنان‌لەعێراقدا وەك خۆی بەردەوامەو ئەمەش بەڵگەیەکی‌سەلێنەرە کەجەنگ ڕێڕەوی پێشکەوتنی عێراق ناگۆڕێت.

هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا کەلەشاری بەغداوە نووسیویەتی درێژەی بەقسەکانی داوەو ڕای‌گەیاندووە کەوا بەغدای پایتەخت ئەوەی پێوە دیارنی‌یە کەپایتەختی وڵاتێك بێ ماوەی بیست مانگە لەجەنگدایە.

جگە لەمەش ، نوێنەری ئاژانسەکە هەموو ئەو گۆڕانکاریەی کە لەبەغدا ڕوویان داوە بەرچاوخست‌و

بڕوانە ل : ٧

نوێنەرەکانی ئەنجومەنی‌پەرلەمانی نێودەوڵەتان :

کاربەدەستانی تاران بەرامبەرکردەوەکانیان دژی مافی مرۆڤایەتی گوناهبارەکات

لاگۆس : ئەو نوێنەرانەی بەشداری‌یان لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارلەمانی نێودەوڵەتاندا کرد بێزاری خۆیان بەرامبەر بە دەستدرێژی‌یەکانی کاربەدەستانی تاران دەربڕێ دژی مافی ئادەمیزادو ئەوهێرشە جانەوەرانەی کە دەیبانە سەر خەڵکی‌و دەیانگرێ‌و لە سێدارەیان دەداو دادگای ساختە دادەمەزرێنێ بۆ تۆڵەسەندنەوە لە هێزە بەرهەڵستکەرەکانی ئێران .

بەرێز ئەندریۆتی کە سەرۆکی لیژنەی سیاسی‌یە لە پارلەمانی نێو دەوڵەتاناو سەرەك وەزیرانی پێشووی ئیتالیایە لەو وتارەیا کە دای وتی ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕوودەدا وا دەکا کەس ڕێزی ڕژێمی ئێران نەگرێ .

وەفدی ڕژێمی ئیرانیش لەهەر خەریکی ئەوەبوو خۆی لەو پرسیارانە دەربازکا کە وەفدەکان ئاراستەیان دەکرد دەربارەی دەستدرێژی‌یەکانی ڕژێمی ئێران بۆ سەر مافی ئادەمیزاد .

ئەنجومەنی پارلەمانی نێودەوڵەتان لە کۆتایی کۆبوونەوەکانیا هەندێ بڕیاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و بڕیاری سەربە مافی ئادەمیزادی دەرکرد . ئەم بڕیارانەیش دەخرێنە بەر کۆنگرەی یەکێتی پارلەمانی کە لە ئەیلوولی داهاتوودا لە ڕۆما دەبەسترێ بۆ وەرگرتنیان . ئەنجومەنەکە داوای چەکدامالینی‌و پتەوکردنی ئاشتی جیهان‌و یارمەتیدانی جووڵانەوە

بڕوانە ل : ٧

هیندستان چەك لە فەرەنسا دەکڕێ

● پاریس : وەزارەتی بەرگری فەرەنسا ڕایگەیاند کەهیند لەگەڵ فەرەنسادا ڕێك کەتووە بۆکڕینی ٤٠ فڕۆکەی جەنگیی لەجۆری میراج ـ ٢٠٠٠ ، بۆئەم مەبەستەش فەرەنسا ماوەیەکی‌تر دەست دەکاتە بەرهەمهێنانی ئەو فڕۆکانە . شایانی باسە وەزارەتەکە نرخی کڕینی ئەم فڕۆکانەی ئاشکرا نەکرد ، بەڵام

بڕوانە ل : ٧

لە ڕۆژی ڕۆژنامە نووسی کوردیدا

وشەی کوردی لە خزمەتی بەدەکردنی یەکێتی عێراق و بەتێکردنی گیانی سەرکەوتندا

هەموو ساڵی لە ٢٢ی نیساندا ، ڕۆژنامە نووس‌و ڕۆشنبیرانی گەلی کوردمان، ئاهەنگی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی دەگێڕن ، یادی ئەو ڕۆژەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی « کوردستان »ەوە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا لە قاهیرە دەرچوو . ئەمساڵ کە ٨٤ ساڵ بەسەر ئەم بیرەوەریەدا تێدەپەڕێت‌و وڵات‌و گەلەکەمان بە بارێکی ئاسکی تری خەبات‌و قوربانی داندا دەروات ، ئەم یادە ، لە بەردەم چەند نیشانەیەکی ڕووناکدا وەستاندنی شانازی دەمانوەستێنێ .

یەکەم : دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ٨٤ ساڵ لەمەوبەر ، لە پایتەختی‌وڵاتێکی عەرەبیدا کە لە ناوچەی نیشتەجێی ئەتەوەی کورد دورە نیشانەیەکی باڵاو ڕووناکی تێکەڵی بەڵکو پێکەوە نووساوی خەبات‌و تێکۆشانی گەلی کوردو عەرەبە لە پێناوی سەربەستی‌و سەربەرزی‌و دژی ئەو هێزە نارەوایانەی مەبەستیان لە چەوساندنەوەو دەست بەسەراگرتنی ناوچەکەو هەر چارەنووسی گەلی کوردو عەرەب چاوبرسیەتی‌و دوژمنایەتی کاری بووە ، دیسان نیشانەی ڕووناکی ئەوەیە کە هەر لە دێر زەمانەوە ، ئەتەوەی عەرەب بە چاوی پڕ باوەری مرۆڤایەتی سەیری گەلی کوردی کردوەو هەڵویستی ڕەگەز پەرستی بەرامبەر بە خواستە ڕەواکانی نەبووە بەڵکو بە پێچەوانەوە پشتیوانی کردوە، چونکە میژووی خەباتی ناو کۆیی کوردو عەرەب دەیسان بەڵگەی پێکەوە بەستراوەیی‌چارەنووسرانی تۆمار کردوە . کە دواییەکەی بەو هەڵویستە پڕ باوەرە مرۆڤایەتیە رازایەوە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست وەك رابەرێکی پێشڕەوی شۆڕشی نەتەوەی عەرەب ، کە لە عیراقدا ١٧ـ٣٠ تەموز شۆڕشی بەرپا کرد ، باوەری بە مافە ڕەوا نەتەوەیی‌و ڕۆشنبیری‌یەکانی گەلی کورد هیناو بەم لایەنەدا دڵسۆزانەو بە باوەڕەوە کاری کرد .

دووەم : وەبە پێی ئەم بنەڕەتە پتەوەی برایەتی کوردو عەرەب ، گەلی کورد ، هەمیشەو بە درێژایی میژوو هەڵویستی وەفاداری نواندوەو چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی خەباتی نەتەوەی عەرەبەوە بەستوەو دڵسۆزانەو ئەمکدارانە بەشداری لەم خەباتە داکردوەو هەر لە ڕاپەرینەکانی گەلی عیراقەوە دژی داگیر کارە چاوبرسیەکان‌و دوای حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ئەڵقە لەگوێی ئیستعمار کە گەلی کوردو عەرەبیان وەك یەك دەچەوساندەوە ، هەتا ئەوەی بە دەیان ڕۆڵەی

بڕوانە ل : ٧

شۆڕشگێڕە کوردەکانی کوردستانی ئێران

ئاگری شۆڕشەکەیان بەتین دەکەن

ڕۆژبەڕۆژ شۆڕشگێڕەکوردەکانی کوردستانی ئێران ئاگری شۆڕشەکەی خۆیان‌بەتین‌تردەکەن دژی خومەینی‌و ڕژێمەکەی . ئێستگەی‌تارانیش نەیتوانیوە دان بەمەدانەنێ بەڵام وای‌باس دەکاکە زیاتر لە سەد شۆڕشگێڕی کورد لەو جەنگانەدا کوژراون‌کە لە شارەکانی بانەو مەهابادو سەردەشتدا ڕوویان‌داوە ..وهیچ باسی ئەو زیانانە ناکا کە تووشی پاسدارەکانی‌خومەینی بوون .

ئەم ڕادیۆیە وتی ئەو شەڕو بەگژاچوونانە کە لەم ناوچانەدا دەستیان‌پێ‌کرا لەم دواییەدا بەرەو شارەکانی‌تری هەرێمی کوردستانی ئێران بڵاوبوونەوە بە شاری سنەبشەوەو (٧٥) شۆڕشگێڕی تیا کوژراو (٣٠) کەسیی تری تیا بریندار‌بوون‌و جۆرەها چەك‌و جبەخانەیان تیا گیرا .

بە پێی واتەی ئێستگەی تاران پاسدارەکانی خومەینی پاش دوو ڕۆژ جەنگی گەرم توانیویانە شۆڕشگێڕە کوردە ـ کان چەند کیلۆمەترێك لەو سەرەڕێگا سەرەکی‌یانە دوورخەنەوە کە لە ژێر دەستەڵاتیانا بوون . ئەمەیش ئەوە دەردەخا پاسدارەکانی خومەینی نەیانتوانیوە هیچ سەرکەوتنێکی وا گرنگیان دەستکەوێ بەسەر ئەو شۆڕشگێڕانەدا کە هەوڵی ئەوە دەدەن مەودای چالاکی‌یە جەنگی‌یەکانیان لە هەرێمی کوردستانی ئێراندا فراوان بکەن .

لە لایەکی تریشەوە قسەکەرێك بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی‌یەوە لە ئێراندا بە ئاژانسی ڕۆیتەری گەیاند کە شۆڕشگێڕە کوردەکان زیانێکی زۆریان گەیاندووە بە کەس وشتومەکێ ڕژێمی فارسی‌و وتی شۆڕشگێڕەکان چوار ئۆتۆمۆبێلی سەربازبەریان لە ڕێگایەکی نزیك شاری ورمێوە تێکشکاندوەو لە مەڵاسکەیەکیشدا کە لە نزیك شاری سنەوە ئامادەکرابوو (٢٨) پاسداری خومەینی‌یان تیاکوشتوە .

ئەم بەرپرسیارە کوردە وتی شۆڕشگێڕە کوردەکان کە ژمارەیان نزیکەی (١٢) هەزار چەکدار دەبێ ئازایانەو بە جەرگەوە بەرهەڵستی ئەو هێرشانەبوون کە هەفتەیەکە هێزەکانی ڕژێمی فارسی

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

بەردەوامی ناڕەزایی دەربڕینی کۆمەڵانی خەڵك دژی کردەوە ناڕەواکانی ڕژێمی حافظ اسدی بەکرێ گیراو

جەماوەری خەڵکی کوردستان پشتگیری بەهێزی جەنگی ڕزگاریخوازی و یەکگرتوی یەکێتی نیشتمانی عێراق

لە هەموو شوێنێکی وڵاتەوە دەنگی توورەیی و ناڕەزایی بەرزدەبێتەوە دژی هەنگاوەنامەردانەکەی حافظ اسد بە داخستنی سنوورو قەدەغەکردنی ناردنی نەوتی عێراق بەخاکی سوریادا ٠

هەولێر :

جەماوەری ناحیەی کۆیە لە پارێزگای هەولێر ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە ئاواتە نامرۆڤانەکەی ڕژێمی خاین لە دیمەشق دەربڕی ٠ ئەویش لە کۆبوونەوەیەکیاندا لەپێش بارەگای ڕێکخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە ناحیەی گوێر دووپاتیان کردەوە کە لەدوای سەرکردایەتی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین بوەستنی بۆ بەرگری لە خاکی نیشتمان ٠ هەروەها ئامادەبی خۆیان نوێکردەوە بۆ چوونە بەرەکانی جەنگ و بەشداری کردن لە جەنگی شەرەف و کەرامەت جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆز

هەروەها لە ناحیەی خەبات لە پارێزگای هەولێر مەسیرە یەکی جەماوەری ئەنجامدراو لەپێش بارەگای سەرکردایەتی فرقەی قادسیەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کۆبوونەوە ٠ لە کۆبوونەوەکەشدا هاوڕێ ڕازگری فرقەی قادسیە دوانێکی پێشکەش کردو تیایدا کەم و کورتی یەکانی حافظ اسدی ڕوون کردەوەو ئەوەشی دووپات کردەوە کە هەموو عێراقیەکان توانای ئەوەیان هەیە ڕووبەڕووی هەموو پەلامارداناێك بوەستن کە بیەوێ زەفەر بە شۆرشەکەمانو دەستکەوتە بەنرخەکانی ببات ٠

● **سلیمانی :**

جەماوەرانی قەزاو ناحیەکانو مەلبەندی پارێزگای سلێمانی بەتوندوتیژی بەرپەرچی هەڵوێستە نالەبارەکەی ئەم دوایی یەی ڕژێمی حافظ اسدی تاوانباری دایەوە ٠ ئەمەش لە خۆپیشاندانێکی گەورەدا بوو کە لەڕۆژی ١٣-٤-١٩٨٢دا لە پارێزگای سلێمانیدا کرا بەبۆنەی داخستنی سنووری نێوان عێراق و سووریاو قەدەغەکردنی تێپەڕبوونی نەوت بەناو خاکی سوریادا

لەلایەن حافظ اسدی تاوانبارەوە ٠ شایانی باسە لەم خۆپیشاندانەدا کە لەکۆتاییی یەکەیدا لەبەردەم بارەگای سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا کۆبوونەوە ، بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی ووتارێکی خوێندەوەو تیایدا ووتی ، دوای تێپەڕبوونی ١٩ مانگ بەسەر جەنگی ڕەوامانداکەڕژێمی بۆگەنی تاران لەسەرەتاوە تاکو ئێستا بەسەرمانیاندا سەباندووە ، کەچی سەر لەنوێ حافظ اسدی خوێن ڕێژ مۆری ناپاکی بەناوچەوانی خۆیەوە دەنێتەوەو نایەڵێ ئەوەتی وڵاتەکەمان بەناو خاکی سووریادا تێپەڕێت بەڵام اسدی نەزان نازانێت کەهەر وەك سەرەکی فەرمانده صدام حسین لەووتارە بەنرخەکەیدا کەبۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی فەرموو کەئێمە دەتوانین ئەو زیانەی سووریا دەیەوێ بەئێمەی بکەیەنێ ئێمە لەڕێگای ژیانی ڕۆژانەی خۆمانەوە پڕی بکەینەوە ٠ ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ووتارێکی خوێندەوەو تیایدا ووتی ، دوای تێپەڕبوونی ١٩ مانگ بەسەر جەنگی ڕەوامانداکەڕژێمی بۆگەنی تاران لەسەرەتاوە تاکو ئێستا بەسەرمانیاندا سەباندووە ، کەچی سەر لەنوێ حافظ اسدی خوێن ڕێژ مۆری ناپاکی بەناوچەوانی خۆیەوە دەنێتەوەو نایەڵێ ئەوەتی وڵاتەکەمان بەناو خاکی سووریادا تێپەڕێت بەڵام اسدی نەزان نازانێت کەهەر شێوەیەك هێزو بڕوای پتەوی ئێمە نالەقێنێ دوای نەمیش لەلایەن کاك فایق تاهیر ڕەشیدەوە سەرۆکی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی دووبارەی نالەباریی ئەم هەڵوێستەی حافظ اسدی کردەوەو ئەوەی ئاشکرا کرد کەلوتکە بەرزەکانی چیاکانی کوردستان هەروەك چۆن بوونەتە شورایەکی پۆلایین بەرامبەر بەلەشکری داگیرکەری خومەینی جادووگەر بەو شێوەیەش بەرامبەر بەدەست درێژی کردنی حافظ اسدو بەکرێ گیراوەکانی بەهەمان توانا وە ڕادەوەستێ ٠

دهۆك :

لە قەزای زاخۆ لە پارێزگای دهۆك خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجامدراو لەپێش بارەگای فرقەی قادسیەی سەریە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کۆبوونەوەو تووڕەیی و ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر پیلانگێرانی حافظ اسدی نۆکەرو دەستوپێوە ندەکانی بە داخستنی سنووری نێوان سوریاو عێراق و قەدەغەکردنی تێپەڕبوونی نەوتی عێراق ، دەربڕی ٠ لە کۆبونەوەکەشدا هاوڕێ ڕازگری سەرکردایەتی شعبەی دهۆك دوانێکی پێشکەش کردو تیایدا لایەنە دوژمنکاریی یەکانو پیلان گێرانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو فارسە ڕەگەزپەرستەکانو خاینە بەناو ئەعەرەبەکان بەئامانجی تەگەرە - خستنە پێش پێشکەوتنو گەشەسەندی شارستانیەتی وڵاتەکەمانی ، ڕوونکردەوە٠

یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بەشداری لە سوپای میللی دا

هەڵوێستی نازایانەی گەلی عیراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهەموو کۆمەڵو ڕێکخراوە جەماوەریی یەکان لایەکەوە گەشەکانی مێژوو دەنەخشێنێ٠ هەموو ڕۆژێك بێچاوەڕوانی لێکردن ، لە منالانی باخچەی ساوایان بگرە تا دەگاتە پیری نەوەد ساڵانەو نابینا کان داوای چەك هەڵگرتن دەکەن لە ریزەکانی سوپای میللی بۆ بەشداری کردن لە جەنگی ڕەواماندا دژی ڕژێمی خومەینی بە کرێگیراو ٠٠

قوتابیانی کوردستان لە پارێزگای هەولێر ، دوای ئەوەی کە سەرکەوتنی مەزنیان وەدەستهێناوە لە خوێندندا ، ئینجا ئێستا لە یەکێ لە ئۆردوگاکانی پارێزگای هەولێر بە سەدان قوتابی ڕاهێنان لە سەر چەك دەکەن تاکو بچنە ریزەکانی سوپای نەبەزمان لە بەرەکانی جەنگدا ٠٠٠

لەم ڕوانگەیەوە چاومان بە بەڕێز (بدر مصطفی عباس) سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی هەولێر کەوت تاکو لەم ڕووەوە باسی ئەو هەموو چالاکی یانەمان بۆ بکات کە یەکێتی ئواندوویەنی و دەنوێنێو بە تایبەتی لە بیرەوەری سی و پێنجەمینی دامەزراندنی پارتی سەرکردە حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی ٠٠٠

● **بە ڕێزی وتی :-**

ئەوەی ڕاستی بێ گەلی عیراق بە کوردو عەرەبەوە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە پیرۆزە کە ڕژێمی فارسی ڕەگەز پەرست نەك هەر تەنها باوڕی بە ئاشتی و ئاسایش نیە لەو ناوچەیەدا ، بەڵکو باوەڕی بە خۆی و گەلانی تیرانیش نیە ، بۆیە هەموو کەسێك لەو وڵاتەدا چەکی پاراستنی خاکی لە شانە ، ئەو ورە بەرزەش ڕۆژبەڕۆژ لە لە دڵو دەروونی هەموو عیراقیەك زیاد دەبێو گڕی بەرزتر دەبێتەوە ، ئێمەش وەك پێشرەوێکی قوتابیانی کوردستان لە پارێزگای هەولێردا ، دەرکمان بەوە کردووە کە دەبێت سەرەڕای سەرکەوتنمان لە خوێندنو خوێندەواریو پەخش کردنی شۆرشی ڕۆشنبیریەتو هۆشیاریەت چەك هەڵگرین شان بەشانی سوپای نەبەزو دلێرمان ، بۆیە توانیمان هەرلە سەرەتای جەنگەوە وەك پارێزگاکانی تری وڵات ئەوە پەیڕەو بکەین کە خۆشەویستی ئەم خاکە لە هەموو سامانو سەروەتێك پیرۆزترەو پێویستی بەوە هەیە خۆمانی بۆ بەخت بکەین ٠٠

ئەوەبوو ئۆردەگایەکی فراوانمان کردەوە بۆ ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر چەکو

بروانە ل : ٧

کارەساتی ئێران و درێژەدانی تاقەکری خومەینی

ئەوەی شایانی باس و چێژلێکەی لێدوانێکی ڕاستەقینە بێت ، ئەوەیە کە ئێستاکە گەلانی ئێران لە ژێر ئاگری جەورو ستەمی خوێنڕژانی ڕژێمی بۆگەنی ئێراندا دەناڵێنن ٠٠ خومەینیو ، نایەتەکانیو ، پاسدارە خوێنڕژەکانی ، ئەمانە هەموو تاقمێکن کەبە هیچ شێوەیەك هەستی مرۆڤایەتیو نایینبەروەری یان نیادا بەدی ناکرێت٠٠٠ ئەمەش بەڕوونی لە کردەوەکانیاندا دیارە ، کاتێك بە سەدەها بێتاوان لە بەردەم دادگای کارتۆنیدا تاوانبار دەکەن٠٠٠ ئەو ئاگرەی خومەینی لە ناو ئێراندا کردوویەتیەوە گەلانی ئێرانی گرتۆتەوە ، بە جەماوەرێکی زۆری هەموو گەلانی ئێرانی گرتۆتەوە ، چەشنێك کە ئێران پلەیەکەمی درایە لە لیستەی ناوی ئەو دەوڵەتە دیکتاتۆرانەدا کە دڕەندەیی و ستەم بەرامبەری گەلەکانیان بە کاردێنن ٠٠ هەروەك کۆمیتەی بەرگری لە مافی مرۆڤایەتی لە ئێراندا بڵاوی کردۆتەوە ، لە ٥٠٪ی تێکڕای لە سێدارە دراوەکانی جیهان لە ساڵی پێشودا لە ئێراندابوون ! ئەمەیە ساڵی گرفتاریو بەسزمانیی مرۆڤ !! ئەوانەن گەلانی بەسزمانی گیرۆدە بووی دەست خومەینی و تاقمە دڕەندەکەی !

سەیرتر لەوانەش ، خومەینیو دەستەو تاقمە تاوانبارەکەی یاسایەکی نوێیان هێنایە کایەوە لەبواری دڕەندەیی و ستەمکاریدا ، ئەویش ئەوەبوو کاتێك بەرهەڵستکارانی یان گوللەباران دەکرد ، نرخی گوللەکانیان لە کەسی و کاریان دەستاندەوە ! ئەمە سەرباری ئەوەی ، کە نرخی ئەو گوللانە لەوەوپێش قارەمانانی بەرهەڵستکار خۆیان داویانە ، ئەویش بەوەی کە لە پێش گوللەباران کردندا ، لە بەندیخانەی (ئیفین) خوێنیان لە لەشیان دەرهێناوە ، برمەبەستی ئەوەی کە پاش گوللەباران کردنیان خوێنەکەیان بەفیڕۆ نەڕوات٠! تاقمەکەی خومەینی خۆیان پەردە لەسەر ئەم ڕاستییە هەڵدەماڵنو باسی دەکەن ، چونکە شانازی بەم کردەوە چەپەڵەیانەوە دەکەن !

لە نامەیەکدا ، هاونیشتمانیەکی ئێرانی نووسیویەتی ، ئەڵێ ٠٠ لەم بەندیخانەیەدا ، ڕۆژانی سێ شەممە تەرخان کراوە بۆ ئامۆژگاریی ئەو منداڵانەی کە بەند کراون ٠٠ دووجەللادی خومەینی پێش ئەوەی بیانکوژن ، ئامۆژگاری یان دەکەن ! بەڵێ ٠٠٠ پێش ئەوەشی بیانکوژن ، خوێنی گیانیان هەڵدەمژن ٠٠ !! خوێنەکەیان دەدرێتە ئەو پاسدارە چەپەڵانەی کە بریندار کراون !!

لە لایەکی تری نامەکەیدا دەڵێت :- ڕۆژانی مەینیش تەرخان کراوە بۆ ئەو بەندکراوانەی کە دەیانەوێت بۆ ڕۆژی قیامەتی خۆیان شتێك دابین بکەنو ، پێش کوشتن لە گوناهەکانیان پەشیمان ببنەوە ، تاکو لە قیامەتدا ، بە بەهەشت شاد ببن ٠٠ !!

ڕۆژانی شەممەش ، تایبەتە بۆ ئەوانەی کە میوانی نوێی بەندیخانەکەن ٠ ٠٠ پێش ئەوەی هیچ تاوانێکیان بدرێتە پاڵ ، لە پێشدا پەنجەکانیان دەبڕنەوە ٠٠ !

ئەمانە ، گشتیان کۆمەڵێك وێنەی ڕاستەقینەی ئەو ڕژێمە دڕندەیەن ، کە لە پاڵ پیرۆزیی و گەورەیی نایینداە ئەیانەوێت ببنە لەکەیی ناوچەوانی مرۆڤایەتی ٠٠ !

کاکەی جاف

لە بیرەوەری ٨٤ ساڵی جەژنی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا

ئاوات و خواست بۆ سبەینێی پێشکەوتوتری ڕۆژنامەی کوردی

ئەمڕۆ یادی گەورەترین یادگارمان دەکەینەوە لە ژیانی ڕۆژنامەنووسی کوردا ، دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین لەم یادەدا گەلێك قۆناغی سەرکەوتوانە بڕاوە بۆ ئەوەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کورد بگات بەم ڕۆژە ٠٠٠ جا لە بیرەوەری (٨٤) ساڵەی ئەم یادگارە شیرینە ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسان ئاماوەی گفتوگۆیەکی فراوانی ڕۆژنامەکەمان بوون، لە پێشدا بەڕێز عبدالغنی علی یحی ئەدیبو ڕۆژنامەنووس دەربارەی تاقی کردنەوەی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردیو تاکە ڕێگا بۆ سەرکەوتنی وتی : -

بەرای من بوار هەیە بۆ دەرخستنی یان بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردی ، یەکەم باشترین بەڵگەشمان ئەوەیە کە ڕۆژنامەی (برایەتی) لە کاتی خۆیدا ئەم دەورەی بینیو (٢٨) ژمارەی بە ڕێکو پێکی لێدەرچوو لە ساڵی ١٩٧٣دا ، کەچی ئێستا زیاتر بارو دۆخ ڕەخساوە بۆ نوسەرانو ئەدیبانو ڕۆژنامەنوسان تا بتوانن ئەم کارە پیرۆزە مەیسەر بکەن ، جگە لەمەش خوێندەواری کورد ئێستاکە گەلێك لە جاران زیاترە ٠٠ ٠

دەزگا ڕۆشنبیری یەکان دڕێغی ناکەن لە بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی بابەتی کوردی ، چ دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی بێیان بەشی کوردی لە کۆڕی زانیاری عیراق یان ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوانی ناوچەی کوردستان یان کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی ٠ بەردەوام بەرهەمیان خستۆتە بەرچاوی خوێندەواران بە هەموو لایەنەکانیەوە ٠٠٠

کەواتە دەتوانین بە یارمەتی هەموو لایەك هەوڵ بدەین بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردی ٠٠٠ بە پێویستی دەزانم کە ئەو ڕۆژنامەیە دەربچێ ، چونکە ژیان لە عیراقدا لە پەرەسەندنو پێشکەوتندایە ، ڕۆژنامەی هەفتانە یاخود مانگانە ئەو چێژە نابەخشێ کە هەندێ شت هەیەو ڕوودەدا بە کۆنی باس بکرێ، وەك وتمان ژمارەی خوێندەواران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زۆر بوونایە ٠٠ ٠ دیسان ئاواتم ئەوەیە کە بە زووترین کات ئەو ڕۆژنامەیە بە زمانی کوردی ببینمو وادەزانم نوسەرانیش قەت دڕێغی لە پێگەباندنو بەخێوکردنی ئەم کۆڕیە نازدارە ناکەن ٠٠٠ دواجار سوپاستان دەکەم ٠٠ ٠٠

● پرسیارێکی تر هاتە کایەوە ، کە ئارامستەی کاکی ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری کرا ٠٠٠ ئەویش ئەوەبوو ٠٠ (ئەو یادگارانەی کە لەگەل ڕۆژنامەنووسی کوردیدا خۆشەویستی چین ٠٠٠ ؟

- پیشەی ڕۆژنامەنووسی یان ژیانی ڕۆژنامەنووسی لای ئەو کەسانەی خۆشیان دەوێ ، ژیانێکی زۆرخۆشە ، بەڵکو زێرینەو پیرۆزە ، بەتایبەتی ئەوانەی بە دوای ڕاستی دەگەڕێن ٠٠ ژیانی ڕۆژنامەنووسی ، چونکە دوو جۆرە، واتا (نهێنیو ئاشکرا) بەڵکو تاکە دەستەڵاتە زۆربەی سەربازەکانی هەمیشە ماندوونو چارەنووسیان بزرە ، بەتایبەتی خاوەن قەڵەمە ڕەسەنو چاونەترسەکان ، کە هەردەم کۆمەڵانی خەڵك سەنگەریانن ، لە خواستو قسەی ئەوان کۆمەڵانی خەڵك دەرناچن ٠

لەوڵاتی ئێمەشدا ، وابزانم ژمارەیەك لە نووسەرەکان ، بەتایبەتی کۆنەکان لە هەردوو جۆرەکە کاریان کردووە ٠٠ بێگومان کە هەریەکەیان خاوەن کۆمەڵەك یادگاری یادگاری خۆش و ناخۆشن ٠

هەروەکو لە سەرەتاوە گوتم ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنوسەکان هەردوو جۆرەکەی نهێنیو ئاشکرا ، چوارەم دەسەلات کاریان کردووە ، منیش یەکێکم کە بە خزمەتی هەردوو جۆرەکە گەیشتووم و لە نهێنییەکەیدا زۆر یادگاری بە نرخو خۆشەویست چۆتە ناخمەوە ٠٠ هەردەم شانازییان پێوە دەکەم ، بێگومان لێرەدا نابێ بەم دەمودەستە بیان درکێنم ، بەڵام جارێ هەر ئەوەندە دەڵێم ئەو یادگارانە وای لێ کردم ، کە ژیانی ڕۆژنامەنووسی زیاتر لام پیرۆزبێتو ووشەی ڕەسەنو پاك چەند مەزنبێ٠٠ بەڵکو قەڵەمی ڕۆژنامەنووسی دەبێ هەردەم دارەدستێکی کۆمەڵانی خەڵك بێت لە پێناوی ڕاگەیاندنی (ڕاستی)٠ لە سەردەمی کاری ڕۆژنامەنووسی ئاشکراش ، بێگومان کۆمەڵە یادگارێك هەن ٠٠٠ یەکێك لەوانە ئەوەبوو کە شتێکم دەنووسیو بڵاو دەکردەوە ، پێم دەگەیشتەوە کە خەڵکی بەگشتی لێم ڕازین ، ئەو ڕازی بوونەش باجو یادگاری خۆی پێ بەخشیووم٠٠

● ئەمریو سەربەرزی بۆ سوارچاکانی ڕەوتی مێژووی ڕۆژنامەنوسی کوردی ٠٠٠

● بیرەوەری جەژنی ڕۆژنامەنووسی کوردی هەر زیندووبێ ٠

● ووشەی ڕەسەنو پاکی کوردی پرشنگدارتر بێ٠٠

Institut kurde de Paris

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرەکی فەرمانده

ڕۆشنبیرانی کورد بەڵێنی بەوەفایی دووپات دەکەنەوە

ڕۆشنبیرانی کورد دلسۆزی خۆیان بۆ سەرەکی فەرمانده صدام حسین نوێ دەکەنەوە بەبێن سەرلەنوێ ئەدمن کە سەربازێکی بەوەفابن بۆ بەرگری کردن لە خاکو ناوی پیرۆزمان ٠

ئەمەش لەو بروسکەیەداهات کە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بۆ سەرەکی فەرمانده صدام حسین ناردووەو ٠٠ تاوانباری ڕژێمی سوریای بەکرێ گیراویشیان دژی شۆڕشەکەمان کردووەو ئەمەش دەقی بروسکەکەیە ٠٠

سەرەك کۆمار مهیب روکن صدام حسینی بەڕێز سەرکردایەتی یە مێژووی یەکەتان نایاب ترین سەرکەوتن دژی ڕژێمی فارسی ڕەگەزپەرست وەدەست ئەهێنن بۆ بەرگری کردن لە ئاوو خاکی زەوت - کراومان لەوجەنگە کە عیراق لەگەل ئیراندا ئەیکاتو کە ڕژێمی نەژاوو دواکەوتووەکانی تاران نزیکەی بیست مانگێك ئەبێ بەسەر عیراقی شۆڕشیاندا سەپاندو حافظ ئەسەدی بەکرێ گیراو هات سنووری سەر خاکو ئاسمانی لە عیراق داخستو قەدەغەی ئەوەی کرد کە نەوت بە خاکەکەیدا بڕ وات بەمەهات نەخشەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکاییو زایۆنیزم ڕاپەڕێنێ تاوەکو ڕژێمی فارس لە کەوتن دوورخاتەوەو درێژە بە شەڕی عیراقو ئێران بداتو کۆسپ بخاتە ڕێگەی هەموو ئەو جۆرە ڕەفتارە باشانەی کە ئەکرێ بۆ شەر وەستاندنو هێمنیو ئاسایشی ناوچەکەو [illegible] بەمەبەستی خایاندنی پرۆژەکانی ئیمپریالیزم کە لەناوچەکەدا وەدی بهێنێ ٠

لەم قۆناغە ناسکەدا کەوڵاتی عیراقمانو شۆڕشە مەزنەکەمانی پیدا تێپەڕ ئەبێ بە ناوی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی یەوەو بە ناوی هەزاران ئەندا میەوە ئەی سەرەکی بەڕێز پەیمان تازە ئەکەینەوە کە بۆ بەرگری کردن لە ئاوو خاکی پیرۆزمان سەربازی بەوەفا بین ٠

کۆمەڵەی
ڕۆشنبیری کوردی
بەغدا

باسی مەشخولیکی ترد مەشخول لەگەڵیکی تری رۆژنامەی کوردی

سالح قەفتان زانستی و... زبان

دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول

١ ــ جبار محمد جباری ــ تأریخ الصحافه الکردیه فی العراق ٠ بغداد ، ١٩٧٥ ٠ ص ٣٩) هەروەها (جمال بابان ٠ مقال «صالح قفطان»، ج ٠٠ التأخی ٠٠ ع ١٢٥٩ ، ١٥ شباط ١٩٧٣) ٠

ڕۆژنامەی (زبان) شایانی لێکۆڵینەوەو لە سەرنووسینو

بڕوانە ل : ٧



١ ــ

کارێکی پەسندو بەرزەهەموو ساڵێك چەند تاوێك و بەشێك لە کۆششو چەند لاپەڕەیەك بەم یادگارە پڕشکۆیە دەبەخشین ٠

مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی تەواو لەگەڵ مێژووی نەتەوەدا جووت بوومودیمەنێکی تری تێکۆشەریو هەوڵدانی ووشەی کوردیووشە نووسان دەردەخا ٠ هەرساڵە دەتوانین بە بەرهەمی ساڵی تازەدا بچینەوەو چەند ناوو بەرهەمو لاپەڕەی گزنگداری تر بخەینە سەر هەڵوی ئەو خەرمانەی ڕەگی لە زەویدا ماوەتەوە ٠

ــ ٢ ــ

بۆ ئەم ڕۆژە ، دەبێ ووشەی تازەمان پێبێت ، یا بڵێین دیاری تازەو سڵاوی تازەمان پێبێت ٠

لە پارەوەو هەر لەسەر لاپەڕەی ئەم ڕۆژنامەی (هاوکاری) یەی ئەرکی جەژن گێرانی بۆ ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی ، بە ژمارەی تایبەتی دەرکردن گرتۆتە ئەستۆ ، هەراسە پارەوە ، وورده وورده هەندێك لاپەڕەی کۆن هەڵدانەوەمان کرد بە دیاری بۆ یاد کردنەوەی ئەو مێژووە گەشە ٠

هەر ئەوسا ووتمان : بە رابوردوودا چوونەوە کانێ کارێکی ڕەوایە ، کە ئەو ڕابوردووە ببێتە دەرس و مەشخەل بۆ ئەمڕۆو سبەینێ ٠ هەر لەم کونجی جیهان بینی یەوە ، سەرلەنوێ چاپکردنەوەی هەندێك بەرهەمی کۆنمان ، کە گەردەلوولی زەمان لە بەردەستدا لایداونو نەیهێشتوون کارێکی باشە ، ئەگەر بەپێی پلانێکی پتەو بێتو نەخرێتە دەستە ڕێکەوتو چاپکردنەوەی کۆن جێی چاپی تازەنەگرێت هەر شتەش جێگەی خۆیو هەقی خۆی بدرێتێو (کاڵا لە لە قەد باڵا بێت) ٠

منیش وەك عەودالێك ووشەی کوردی ، بە وونزاو (واتە ــ فۆلکلۆر) و نووسراو (واتە ــ دەسنووس)و چاپکراوی یەوە ٠ لەم ساڵانەی تەمەنی تێکەڵ بەم نووسینەدا گەلێك شتم لا گرد بۆتەوەو گەلێك شتم بۆ بەجێماوە ٠ هیوادارم توانای بڵاوکردنەوەو خستنە ڕوویانم بۆ بڕەخسێ ٠

ــ ٣ ــ

پار وێنەی گۆفاری «بانگی کورد» مان بڵاو کردەوەو هەندێك لەو گۆفارە دووانە ٠ وا دیاریی ئەمسالیش وێنەی لاپەڕەی یەکەمی تاقە ژمارەکەی گۆفار یا ڕۆژنامەی (زانستی) یە کە تا ئێستا ناوی نەبراوەو باسی نەکراوە یا ڕەنگە نەبینرابێ ٠

ئەم وێنەیەی لەگەڵ ئەم ووتارەدا بڵاو دەکرێتەوە وێنەی لاپەڕەی یەکەمی ئەو گۆفارەیە ، ئەسڵی گۆفارەکەم لە کتێبخانەی « دەستگای فاسینی ڕۆژهەڵات یەکەمجار ئەو ڕاستیەی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نووسیوەو سەرچاوەکانی تری پاشی ئەویش هەر ئەوەیان تۆمار کردۆتەوە ٠ دیارە ئەو ژمارەیە نە ماوەو نەبینراوە ، لەبەرئەوە بێجگە لەو تۆماری ڕۆژی دەرچوونە زیاتر باسی تری لێنەکراوە ٠ هەرچی خاوەنەکەیەتی :

سالح قەفتان ، ئەوە ناوێکی ناسراوو درەوشەدارە لە مێژووی بیر ڕووناکی و خوێندەواریی کوردیدا :

ــ ساڵی ١٨٨٥ لە سلیمانی لە دایك بووە ٠ ڕوشەبیەی عەسکەریی سلیمانی و ئەعدادیی عەسکەری بەغدای تەواو کردووەو بۆ خویندنی عەسکەریی بەرز تەواو کردن چووەتە ئەستەمووڵو بووە بە ئەفسەر ٠

وەك زۆر لەو ئەفسەرە کوردانەی سەردەمی عوسمانی هاتۆتەوە وولاتو قۆڵی خزمەتکردنی نەتەوەی لەچەند مەیداندا لێهەڵکردووە ٠ ٠

لەمەیدانی خوێندەواری بڵاو کردنەوەدا ڕێگەی مامۆستایی گرتووەو لێهاتووانە گەلێك ڕۆڵەی نیشتمانی پێگەیاندووە ٠

لەمەیدانی نووسیندا ڕووی کردە مێژوو نووسین ٠

(بەراوردێکی مێژوویی) و (بەندی تەئریخی) ی نووسیوەو لە ساڵی ١٩٥٩ دا بە نامیلکەیەکی بە نرخ لەسەر بنەچەی کورد هاتەوە مەیدانی نووسینو بەرگری لە نەتەوە٠

بۆ کۆڕی ئەدەبیاتیش ٠٠ لە (وولاتی گولزەنبەفسی سپی یا) ی وەرگێراوە ٠ ئەمەیان لەگەڵ گەورەترین یادگاری (مێژووی گەلی کورد) پاش خۆی لەلایەن دوکتۆر کاوس قەفتانی برازایەوە بە چاپ گەیندرا ٠

ئەمە بێجگە لەگەڵیك ووتارو نووسین لە ڕۆژنامەکانی کاتی خۆیدا ٠

سالح قەفتان لە ڕۆژی ٣٠ ئابی ١٩٦٨ دا لەگەڵ نەمراندا بە خاکی سەیوان سپێررا ٠

بۆ ئەمڕۆو ڕۆژی ڕۆژنامە گەریی کوردی ٠ لەبەر ئەو تاکە ژمارەیەی (زانستی) دا ــ ئەوەی بۆ تۆمار دەکرێت ، کە لە دامەزرێنەرانی (بانگی کوردستان) ی ساڵی ١٩٢٠ بووە٠ هەروەك سەرنووسەری گۆڤاری (زبان) بووە ٠

دەربارەی (زبان) ئەوەی لەسەرچاوەکاندا نووسراوە ئەوەیە کە :

(ڕۆژنامەیەکی کوردیی هەفتەیی بووە ٠٠ ڕۆژانی یەکشەمە لەلایەن شارەوانی سلیمانی یەوە دەرچووە ٠ سالح قەفتان سەرنووسەری بووە ٠ ژمارەی یەکەمی لە (١٢)ی نیسانی ١٩٣٩ دا دەرچووە ٠ ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆلی خۆی لە بەرەوپێش بردنی ئەدەبیاتی کوردیو ژیاندنەوەی سامانی نەتەوەیی گەلی کوردا بووە (١) :

ئەگەر ژمارەیەك دەر نەکات ئیمتیازەکەی لێبسێنرێتەوە٠ لە سلیمانی ئەو دەمە دوو چاپخانەی بچووك هەبووە ٠ چاپخانەی بەلەدیەو چاپخانەی (ژیان) ، یا (ژیوە)ی پیرەمێرد ٠ خاوەنی (زانستی)، بۆ ئەوەی ئیمتیازەکەی لە کیس نەچێت ، هیچ نەبێ بەو پەلەیەو بە سەرپێیی ئەو ژمارەیە دەرکات،کە چاپخانەی شارەوانی نەیپەڕژاوە هیچی بۆ بکات ، پیرە مێرد مەردانەو بە خۆڕایی ئەو ژمارەیەی بۆ چاپ کردووە ، بەوجۆرە واکراوە چەند مانگێکی تر تەمەنی گۆڤارەکە درێژ بکرێتەوەو دەرفەت بدرێ بە خاوەنی تا شوێنو دەرفەت بۆ دەرکردنی ژمارەی تر بدۆزێتەوە ٠ بەڵام دیارە هەرئەو ژمارەیە بوومو ئەو ئەستێرەیە کوژاوەتەوە ٠

ئەبێ لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ، چەند ڕۆژنامەو گۆڤارمان هەبێ ،کە ڕێگەیان پێدراوەو دەرفەتی چاپیان بۆ نەدۆزراوەتەوە ، یا هەر ژمارەیەك یا دووی لێچاپکراوە ٠

من چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی وام لەبیرە ، کە ناویان بووەو روونا کیان نەبوبێ ٠ خۆزگە ئەوانەی بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی تۆمار کردنەوە خەریکن چەند لاپەڕەیان بۆ ئەم بامەش تەرخان دەکرد ٠

ــ ٤ ــ

«زانستی» ، هەر ئەو ژمارەیەی لە (٢٥)ی شوباتی ساڵی ١٩٣٨دا لێدەرچووە ٠ مامۆستا عەلائەدین سەجادی ئەو کارەی پەسندو بەرزەهەموو ساڵێك چەند تاوێك و بەشێك لە کۆششو چەند لاپەڕەیەك بەم یادگارە پڕشکۆیە دەبەخشین ٠

مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی تەواو لەگەڵ مێژووی نەتەوەدا جووت بووەو دیمەنێکی تری تێکۆشەریو هەوڵدانی ووشەی کوردیووشە نووسان دەردەخا ٠ هەرساڵە دەتوانین بە بەرهەمی ساڵی تازەدا بچینەوەو چەند ناوو بەرهەمو لاپەڕەی گزنگداری تر بخەینە سەر هەڵوی ئەو خەرمانەی ڕەگی لە زەویدا ماوەتەوە ٠

ــ ٢ ــ

بۆ ئەم ڕۆژە ، دەبێ ووشەی تازەمان پێبێت ، یا بڵێین دیاری تازەو سڵاوی تازەمان پێبێت ٠

لە پارەوەو هەر لەسەر لاپەڕەی ئەم ڕۆژنامەی (هاوکاری) یەی ئەرکی جەژن گێرانی بۆ ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی ، بە ژمارەی تایبەتی دەرکردن گرتۆتە ئەستۆ ، هەراسە پارەوە ، وورده وورده هەندێك لاپەڕەی کۆن هەڵدانەوەمان کرد بە دیاری بۆ یاد کردنەوەی ئەو مێژووە گەشە ٠

هەر ئەوسا ووتمان : بە رابوردوودا چوونەوە کانێ کارێکی ڕەوایە ، کە ئەو ڕابوردووە ببێتە دەرس و مەشخەل بۆ ئەمڕۆو سبەینێ ٠ هەر لەم کونجی جیهان بینی یەوە ، سەرلەنوێ چاپکردنەوەی هەندێك بەرهەمی کۆنمان ، کە گەردەلوولی زەمان لە بەردەستدا لایداونو نەیهێشتوون کارێکی باشە ، ئەگەر بەپێی پلانێکی پتەو بێتو نەخرێتە دەستە ڕێکەوتو چاپکردنەوەی کۆن جێی چاپی تازەنەگرێت هەر شتەش جێگەی خۆیو هەقی خۆی بدرێتێو (کاڵا لە لە قەد باڵا بێت) ٠

منیش وەك عەودالێك ووشەی کوردی ، بە وونزاو (واتە ــ فۆلکلۆر) و نووسراو (واتە ــ دەسنووس)و چاپکراوی یەوە ٠ لەم ساڵانەی تەمەنی تێکەڵ بەم نووسینەدا گەلێك شتم لا گرد بۆتەوەو گەلێك شتم بۆ بەجێماوە ٠ هیوادارم توانای بڵاوکردنەوەو خستنە ڕوویانم بۆ بڕەخسێ ٠

ــ ٣ ــ

پار وێنەی گۆفاری «بانگی کورد» مان بڵاو کردەوەو هەندێك لەو گۆفارە دووانە ٠ وا دیاریی ئەمسالیش وێنەی لاپەڕەی یەکەمی تاقە ژمارەکەی گۆفار یا ڕۆژنامەی (زانستی) یە کە تا ئێستا ناوی نەبراوەو باسی نەکراوە یا ڕەنگە نەبینرابێ ٠

ئەم وێنەیەی لەگەڵ ئەم ووتارەدا بڵاو دەکرێتەوە وێنەی لاپەڕەی یەکەمی ئەو گۆفارەیە ، ئەسڵی گۆفارەکەم لە کتێبخانەی « دەستگای فاسینی ڕۆژهەڵات



لە ئەدەبی جەنگ

جەنگاوەر...



کاتێ لەژێر پێیە پتەوەکانتدا ٠٠٠
پشکۆی کوژاوەی مەجوسی یەکان
بەر دەبنەوە
کانیاوەکان لەگیانتا دەبنە گۆڕەپانێکی
پڕ لەمیهرو خۆشەویستیو گۆرانی ٠٠٠
کاتێ ڕوانینی منداڵەکان
لەگیانتا دەبنە ئاڵایەکی ڕازاوەی
پڕ سەربەرزیی و شکۆو گەورەیی ٠٠
لەم کاتەدا ،
بەیانی یەکان ، لەبەردەمتا ڕادەوەستن
باوەش بۆ دڵی تەنۆدەکەنەوە
ئەو دڵەی کەخۆری عێراقو هەڵهاتنی
پڕ لەتیشکی ،
دەگرێتە ئامێزی خۆی ٠٠

● × ●

جارێکی تریش دێ ٠٠
لەناو خوێنیا ، هەرچی ڕووناکی ژیان هەیە
دەژێتەوە ٠٠
لەم لوتکەیەدا دەبێتە ئەستێرەیەك
دەبێتە دەنگێ
بێدەنگیو گەڕانەوە ناناسێت ٠٠
جارێکی تریش دێو
خەو لەچاوەکانی خۆی دەتارێنێ
پێش بڕکێی خەمەکان دەکا ٠٠
بەرەو ئەو چاوانە دەچێ
کە بە گەورەیی عێراقو
درەختی پەلك ئەستوورو
جوامێری ، گەشاونەتەوە ٠٠

سلاوی وەفاداری بۆ سوارچاکەکانی سەرەتای کاروان

لەم ڕۆژەدا ، ڕۆژی جەژنی ڕۆژنامەنووسی کوردیو وەك وەفایەك بو ئەوانەی لە ڕێگەی خزمەت کردنی ئەم پیشە پیرۆزەدا عەوڵوتەقەلایان داوەو هەمیشەیی خەریکی ئەوە بوون وەك هەشخلێکی پێشکەوتنو ژیان لەبەردەمی ڕۆشنبیرانی کوردداا روونا ك بکەنەوە ، بۆیە بەپەسەندمان زانی لەمڕۆژەدا کورتە باسێکی دەربارەی سێ شۆرە سواری نەمریان یاد بکەینەوە :

● پیرەمێرد ●

ــ تۆفیق کوڕی مەحموود ئاغای کوڕی هەمزە ئاغای ناسراو بەمەسرەف ، نازناوی پیرەمێرد بووە ٠

ــ لەساڵی ١٨٦٧دا لەگەڕەکی گوێژەی شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە ٠

ــ تەمەنی لەحەوت ساڵان تێپەڕی نەکردبوو کە لەقوتابخانە ئایینی یەکاندا خەریکی خوێندن بوو ٠

ــ مەتا کۆتایی ساڵی ١٨٩٨ لەشاری سلێمانیو ناوچەکانی دەوروبەریدا فەرمانبەری میری بووە ٠

ــ لەساڵی ١٨٩٩داو بەفرمانێکی سولتانی گرایە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵا لە ئەستەنبول ٠

ــ لەساڵی ١٩٠٥دا بڕوانامەی حقوقی وەرگرت ٠

ــ لەساڵی ١٩٠٧دا ڕۆژنامەیەکی بەناوی (کوردا)وە لەشاری ئەستەنبول دەرکرد٠

ــ لەساڵانی ١٩٠٩ــ١٩١٨دا پایەی قایمقامێتی لەچەند ناوچەیەك دراوەتێ کە ئەمانە بوون : (جولە میرگ) و (ترموورس)و (بالاوا)و (بیت الشباب)و (گومۆش کوی)و (اتا بازاری) ٠

ــ لەساڵی ١٩١٨دا بووە پارێزگاری شاری (اماسیە)٠

ــ لەساڵی ١٩٢٤دا گەڕایەوە بۆشوێنی لەدایك بوونی خۆیو لەوێ نیشتەجێ بوو ٠

ــ لەساڵی ١٩٢٦ەوە تاکو ساڵی ١٩٥٠ کەساڵی کۆچی دواییەتی ڕۆژنامەی « ژیان »و « ژین »ی لەشاری سلێمانی دەردەکرد ٠

ــ لەڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠دا کۆچی دوایی کردو ، لەگردی « مامەیارە »ی سلێمانی بەخاك سپێررا ٠

ــ لەماوەی ئەو ژیانە درێژەیدا سەرقالی هۆنینەوەی شیعرو نووسینی چیرۆکو ووتاری ڕۆژنامە گەرێتی ــ بوو ، ئەمە سەرباری ئەوەی کە (٦٤٤٨) پەندی کوردی لەشێوەی بەیتی شیعریدا داڕشت ، هەروەها (٢٦) ساڵی لەمەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کاری کرد ٠

بەرهەمە بڵاوکراوەکانی :ــ

١ ــ پەندو نامۆژگاریی ، کە (٦٤٤٨) پەندو نامۆژگاری دەبێ ٠

٢ ــ چیرۆکی «مەمو زین» لەهەردوو شێوەی شیعرو پەخشاندا ٠

٣ ــ هەردوو چیرۆکی « دوانزە سوارەی مەریوان»و « مەحموود ئاغای شێوەکەل» ٠ شایانی باسیشە کەچیرۆکی یەکەمیان وەرگێردراوەتە سەر هەردوو زوبانی عەرەبیو ڕووسی ٠

٤ ــ بابەتی پێکەنینو نامۆژگاریو کورتە چیرۆکی کوردی لەدوو بەشدا ٠

٥ ــ کەمانچە ژەن ، چیرۆکێکی ئەڵمانی یەو وەرگێڕ ــ دراوەتە سەر زوبانی تورکیو ئەمیش لەتورکی یەوە کردوویەتی بەکوردی ٠

● نەجمەدین مەلا ●

ــ نەجمەدین مەلای کوڕی مەلا غەفوری کوڕی مەلا ئیبراهیم ٠

ــ لەساڵی ١٨٩٨دا لەشاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە ٠

ــ لەو ساڵەدا کەنەخۆشی ی ڕشانەوە لەشاری سلێمانیدا بوو باوکی لەبەر ئەم نەخۆشی یە ناردی یە گوندی (ڕەشەکان)و چەند ساڵێك لەوێ مایەوە ٠

ــ لەتەمەنی چواردە ساڵیدا، دەرسو زانیاریی ئایینی یەکانی لەلای باوکیو حاجی شێخ مستەفای قازیو قوتابخانە ئایینی یەکانی شاردا خوێندووە ٠

ــ ماوەیەك فەرمانبەری میری بووە لەرانیە ٠

ــ لەساڵی ١٩٢٦ بەشداری نووسینی گۆڤاری (زاری کرمانجی) کە لەڕەوانداز دەردەچوو ، کردووە ٠

ــ نەجمەدین مەلا،ژوورێکی هەبوو،کردبوویە قوتابخانەیەك بەچەشنی قوتابخانە ڕەسمی یەکانی ترو تیایدا منداڵانی فێرە خوێندنەوەو نووسینی کوردی دەکرد ، هەر لەو ژوورەشدا کۆچی دوایی کرد ٠

ــ هەموو ژیانی خۆی بەنووسینی چیرۆکو شیعرو ووتارو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو مێژوویی یەوە بەسەر برد ، هەروەها سەرقالی توێژینەوەو بوختەکردنو نووسینەوەی دیوانی شاعیرە کۆنەکان بوو٠

ــ مێژووی ژیانی سەدەها شاعیری کوردی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە هەفتانەکەی (ژین) نووسیو پەخش کرد ، هەروەها گۆشەیەکی هەفتانەشی لەهەمان ڕۆژنامەدا هەبووو بەناوی (چیرۆکی منداڵان)ەوە٠

ــ لەڕۆژی ٥ی مایسی ساڵی ١٩٦٣دا ٠ کۆچی دوایی کردووە ٠

● حسێن حوزنی موکریانی ●

ــ سەید حسێنی کوڕی سەید عەبدول لەتیفی موکریانی یەو نازناوی «حسێن حوزنی » بووە

ــ لەڕۆژی ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٨٩٣دا لەشاری (مەهاباد) ، ساوجبیلاق لەدایك بووە ٠

ــ هەر لەسەرەتای لاوێتی ــ

بڕوانە ل : ٧

بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی یەوە :

چەند پێشنیهادێك بۆ بەرگری لە نەفەوتانی ڕۆژنامەوگۆڤارە کوردیەکانا

محمدی مەلا کریم

لەناو سەرچاوەکانی کەلەپووری کولتووریی کورددا ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی یەکان شوێنێکی باڵاو دیاری یان هەیە٠ ڕۆژنامەنووسیی کوردی کە ئەمڕۆ پێ ئەنێتە ٨٥ ساڵەی ژیانی ، وەك شرینێکی سینەماباری ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتووریی ئەم دەیان ساڵەی کوردەواریمان ئەخاتە بەردەستو ، بۆ ئەوانەی بەدوای لێکۆڵینەوەی هەرکامەلەم بارانەی ژیانی کوردەواریدا ئەگەڕێن ، سەرچاوەیەکی ئەوتۆن هیچ سەرچاوەیەکی تر جێگایان ناگرێتەوە ٠

بەڵام ئەوەی بووە بە کۆسپی گەورەی ڕێگای کەڵك وەرگرتنی ڕاستەقینە لەم سەرچاوەیە ، ئەوەتە کە ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە لە هیچ کتێبخانەیەکی کوردستانو جیهاندا بەتەواوی دەسگیر نابنو لە هیچ وڵاتێکدا کەس ناتوانێ دەرفەتی کەڵك وەرگرتن لە هەموو ئەم سەرچاوانە بخاتە دەستی خۆی ، بەڵکو تا ئێستاش ئێمە لەوە دڵنیا نین کە هەموو ژمارەیەکی هەرچی ڕۆژنامەی گۆڤاری کوردی دەرچووە ، لە هەرلایەك ببێ هەیەو زۆری لێ نەفەوتاوە ٠ لەمە زیاتریش ئەتوانم بڵێم : ئەو دوو سێ ڕۆشنبیرەش کە بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی یان نووسیوە، نەیانتوانیوە لەبارەی هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە لای کەمی هەواڵی پێویست پێشکەشی خوێندەواران بکەن ، بەتایبەتی ئەو شتە گەورەو بایەخدارەیان پێ نەکراوە کە ئەوەتە بۆمان دەسنیشان بکەن ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە لەکوێ دەسگیر ئەبن ٠

ئەمە مەترسی یەکی گەورەیە لەڕێی دواڕۆژی ڕۆژنامە ــ نووسیو مێژووی کورداو ، تا ئێمە ئەبێ ١٥ ساڵی تر نامەنگی تێپەڕبوونی مەدەیەك بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا بگێڕین ٠ گەورەترین دیاری ــ یەك لەوڕۆژەدا پێشکەشی گەلی کوردو ڕۆژنامەنووسیی کوردیو گیانی پاکی ڕۆژنامەــ نووسانی کۆچ کردووی کوردی بکەین ، ئەوەیە کارێك بکەین لە شوێنێکی وەك ئەم کوردستانی عێراقەی خۆماندا کتێبخانەیەکی ئەواوی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی بکەینەوە هەموو ژمارەکانی ئەم دەیان ساڵەی ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەی ئێدابێو ، هەموو ئاگاداری یەك دەربارەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بخەینە بەردەستی خوێندەوارانو ئەوانەی عەوداڵی دوای لێکۆڵینەوەو توێژ هەڵدانەوەن ٠

بۆ ئەم مەبەستە من پێشنیهاد ئەکەم دەزگای کوردیی کولتوورو بڵاوکردنەوە (دار الثقافه والنشر الکردیه) پرۆژەیەکی دە ساڵی دانێ بۆ گەڕان بەدوای ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی یەکانداو سۆراخ کردنیان لە هەرکوێ دەسگیر ببنو بۆ کڕینیان یا بە کرێ وەرگرتنیان بە مەبەستی لەچاپدانەوەی هەمۆیان بە نۆفسێت بە قەوارەی خۆیان یا کەمێ گەورەتر یا بچووکتر بەپێی پێویست ، هەریەکە بە هەزار دانەیەکو دابەش کردنیان بەسەر زانکۆو دەزگا کولتوورییە گەورەکانی وڵاتی خۆمانو وڵاتانی دراوسێو جیهاندا ، بۆ ئەم مەبەستە بانگەوازی زۆر بە زمانە زیندووەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارە گەورەکانی جیهاندا بڵاو بکرێتەوەو هاوکاری لەگەڵ ئەو شوێنانە بکرێ کە لەوانەیە هەندێك لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەیان لا هەبێ ، تەنانەت با پەوجۆرەش بێ کە ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە لەو وڵاتانە خۆیاندا لەچاپبدرێنەوە کە تیایاندا هەن ، یا بە یارمەتی دانی ئەو شوێنانە بێ بۆ

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

دەربارەی دوا پێشانگای ئیسماعیل خەیات

خۆی دەدوێت و خەڵکیش بیروڕایان هەیە

سەرگوڵ تەیمور

ـ لە ٩ـ٣/١٧ پێشانگای هونەرمەند ئیسماعیل خەیات بە چاودێری بەڕێز جێگری وەزیری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە هۆڵی ڕەواق کرابەوە ٠ ئەم پێشانگایە بیست و پێنج تابلۆی گرافیکی نیا پیشاندرا٠

ـ لە چاوبێکەوتێکدا لەگەڵ کاك ئیسماعیل خەیاتدا ئەم چەند پرسیارەمان لێ کرد ٠

ـ ئایا ناوەڕۆکی تابلۆکانت لە کوێ وەردەگری و تا چ ڕادەیەك ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژیی کاری تێ کردوبت ؟

ـ یەکەم جار کە دەستم کرد بە وێنە کێشان لەسەر ڕێبازی واقیعیەت دەڕۆیشتم بەڵام هەندێ وێنەو شت دەهاتە بەرچاوم ڕەنگە ئەوسا نەم توانیبێت باش دەری ببڕم، ڕەنگە شکڵی دەرەختێك جگە لەوەی کە ڕووەکە شتی زۆر قوڵترم بۆ ڕووناك بکاتەوەو ببێتە باسی تابلۆیەك جگە لەمە مەسەلە مرۆڤایەتیەکە زۆر کاری تێ کردوم و ژیانی ڕۆژانەو ئازارەکانی هەمیشە هەر لە پێش چاومە ، ڕەنگە وێنەیەك لە منداڵیدا کاری تێ کردبم و کاتی خۆی نەم زانیبێت چۆن دەری ببڕم ، ئێستا ئەوە دەبەستمەوە بە چەند هۆیەکی ترەوەو دەیکەمە تابلۆیەك ٠

بەنسبەت ژیانی ئەو ناوچەیەی کە تێیدا دەژیم ، واتە کوردستان شاخ و داخی دەشت و دەری ، دەرختی بەرزی سەوزی ، لە دوور بینێکی تایبەتی وە سێر دەکەم ٠ هەر زەڕەیەك لەم خاکە لەلای من ناوەڕۆکی تابلۆیەکە ، بەکورتی ناوچەی خۆمان زۆر کاری تێ کردوم چ لە ڕووی تەکنیکەوەو چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ٠

ـ هونەری تەشکیلی لە کوردستاندا چۆن دەبینی ؟

بە شێوەیەکی گشتی هونەری تەشکیل لە عیراقدا هەمووی نە وەك هەر کوردستاندا ، بەڵام بەداخەوە دەتوانم بڵێم کە هونەرمەندی کورد لەم ڕووەوە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوەو لەو بڕوایەدام کە دە ساڵی ڕابوردوو هونەری تەشکیلی لە کوردستاندا لە ئێستا پێشکەوتو تر بوو ، ئەویش ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ هەندێ لە هونەرمەندان وازیان هێناوە هەندێکی تر هەر ئەوە دەزانن کە لە قوتابخانە فێری بوون و پەرەیان بە خۆیان نەداوە ، ئەمە لە لایەك لە ڕەکی تریشەوە لەو بڕوایەدام کە هونەرمەندی باش ئەوەیە توانای خۆی دەربخات و وا بکات کە خەڵك لێی نزیك ببێتەوە ٠

ـ باشە تا چ ڕادەیەك بە دەنگەوە هاتنی خەڵکی هەیە لەگەڵ ئەم جۆرە ڕێبازەدا ؟

● هەر وەك چەند جارێکی تر ڕوونم کردووتەوە بینەری کوردی زۆر بە دەتگەوە دێت بەڵام ئێمە ئەوەمان دەوێ کە خۆی لە هونەرەکە تێبگات و خۆی زیاتر لێ نزیك بکاتەوەو بە ساکاری سەیری نەکات و متمانە بکاتە سەر خۆی بۆ لێك دانەوەی ناوەڕۆکی تابلۆکان ، لە جیاتی ئەوەی داوا بکەن کە هەموو باسی پێشانگاکان ڕوون بکەینەوە ، ئەمە تا ڕادەیەکیش لە ناو گەنجانی ئێستادا بەدی دەکرێت ٠

ـ بینەرانی بەغدا ئەم پیشانگایەیان چۆن بینی ؟!

هەرەکێ لە ئێمە بیروڕایەکی تایبەتی خۆی هەیە بەرانبەر بە هەموو شتێك هەندێ جار یەك دەگرن و هەندێ جاریش زۆر لە یەك دوور دەکەونەوە ٠

بە نیسبەت پیشانگای ئەمجارەی کاك ئیسماعیلەوە هەر چەندە تەمومژێکی زۆری پێوە دیار بوو ، لەگەڵ کەسێ کە تاقەتی هونەری هەبێت و تۆزێ بەقوڕتی سەیری بکات لە هەریەکێکیان دەیەها باسی بۆ دەردەکەوێت ، ئەمە سەرەڕای ئەو هاتیەی کە بە گشتی ڕووی هەموو تابلۆکانی داپۆشیوەو بنچ و بنەوانی ئەم خاکە دەگەڕێت و ئەیبەشێتەوە بە مرۆڤ و ژیانەوە ٠

ئەوەی زۆر کەوتە بەرچاوم لەم پیشانگایەدا ئەو بایەخە بوو کە هونەمەند دەیدا بە دەمو چاو لە سەرەتای تابلۆکانیدا ، وەك بیەوێت هەموو شت بە هۆی دەمو چاوو گۆڕانی دەربڕینی ـ یەکانیەوە بگەیەنێتە بینەرە بەڵام ئەوەندەی بێ ناچێت دەگاتە لای بەشەکانی تری لەشیش و لە زۆر تابلۆیدا جێگای هەر بۆ سەر نەهێڵاوەو بە جۆرە تراژیدیایەکەوە کە لە پارچەکانی لەشدا بەدی دەکەین توانیویەتی مەیەستەکانی خۆی بگەیەنێت ، هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش چێژێکی تایبەتی داوەتە تابلۆکان ، بۆنموونە : تابلۆی (وور دبوونەوە لە خاك) زۆر شتی بچووکی ناو ئەم سەر زمینەمان پیشانیدەدا کە ڕەنگە ئێمە بە ئاسانی بەدی نەکەین و هەروەها دەزانین پارچەیەك لە خاکی خستۆتە ژێر میکرۆسکۆپێك وەهەزارەها شتی وون بووی سەدەها ساڵی لەمەوپێش دەدۆزێتەوەو تێکەڵی دەکات بە شتی هاوچەرخ و وەك شرێتێکی سینەمائی ژیانی کۆن و ئێستای مرۆڤ و ژانەکانی و خۆشەویستی بە یەکەوە تێکەڵ دەکات و هەموو شتێکی بچووك و گەورە نرخی تایبەتی خۆی دەداتێ ٠

مامۆستا محمدی مەلا کریم دەربارەی ئەم پیشانگەیە پێی ووتین :

من لە هونەردا لە لایەنگرانی هونەری ڕیالیستیم ، ئەو ڕیالیستیەیە نا کە هەر تەنها وێنەی ژیان ئەکێشێ و ئیتر هیچ ، هەرچەندە تەنها دەس نیشان کردنی واقیعیش بە ئاگادار کردنەوەی خەڵك دانەنرێ لێی و ، هەنگاوێکە بەرەو پیشاندانی ڕێگای گۆڕینی ئەو واقیعە بە واقیعێکی باشترو ٠٠ هەر بەم چەشنە تا ئەڕوا ٠ لەگەڵ وێنەکێشانی واقیعدا ئەبێ ئیشارەت بۆ ئاواتیش ٠٠ بۆ واقیعی باشتری سبەینێیش هەبێ ٠

بێ گومان ئەم کارە لە هونەردا ئەبێ خاسیەتی هونەری پشت گوێ نەخا ، وەك چۆن لە ئەدەبدا ئەبێ نەبێ بە شێوەی وتاری ڕاستەو ـ خۆی ڕۆژنامە ٠ لێرەدا دەرنەکەوێ یەکخستنی هوشیاری و هونەرمەندی چۆن ئەبێ ٠

لە پیشانگاکەی کاك ئیسماعیل خەیاتدا ناتوانم بڵێم ئەمە نیە ، چونکە هیچ نەبێ کاك ئیسماعیل ، وەك من من بیناسم ، لەوانە نیە هونەرو ژیان لەیەك جوێ ئەکە ـ نەوە ٠ بەڵام ئەوەندەی من تێی گەیشتبم ، خۆم هیچم بۆ ساغ نەکرایەوە ٠ برادەرێك کە ئەڵێ لەم جۆرە هونەرانە ئەگا ، دوو سێ تابلۆی بۆ لێکدامەوە ٠ ئەگەر ئەوەی ئەم برادەرە وتی ، لای کاك ئیسماعیلیش مەبەست بووبێ، دیارە زۆر ورد بۆ مەسەلەکە چووە ، هەرچەند تێگەیشتنی لە تێگەیشتنی شیعری نالی ئەچێ بۆ خوێندەواری مام ناوەندیی ئەمڕۆ ٠٠

لەگەڵ ئەوەشدا ، لە نیگای هونەری ڕووتەوە ، ئەوەی ئەم پیشانگایەی دیبێ ناتوانێ دان بە هونەرمەندیی بڵند پایەی کاك ئیسماعیلدا نەنێ ٠٠ بۆیە دیارە کاك ئیسماعیل بە سەرمایەیەکی گەورەوە چووەتە ناو پیشانگای هونەری « نوێ » ئەم جۆرە هونەرە بێ ٠

شتێکی کەیش ٠٠ بەداخەوە ، لە پێچی جامانەیەك بەولاوە کە بە لە دوورەوە تێڕوانینی نەبێ بۆم جیا نەکرایەوە ، نیشانەیەکی کوردەواریم لە پیشانگاکەدا نەدی ٠ بەڵام ئەم ڕەخنەیەیش هەر بەر ڕەخنەی پێشووم ئەکەوێ ، چونکە لە ژیانی ئەمڕۆی ئێمەدا کوردایەتی تەنها « شکڵ » نیە ، « ناوەڕۆك »یشە ٠

هەرچۆن بێ ، لەگەڵ ئاوات خواستنی بەدلی سەرکەوتنی پتری کاك ئیسماعیل خەیاتدا، هیوای ئەوەیشم هەیە زیاتر لە هونەرەکەیا لە ژیانی کوردەواری ، لە ئاواتەکانی گەلی کورد ، لە مرازو مەبەستەکانی ڕەنجبەرانی کوردستان بەتایبەتی و سەرانسەری عێراق بەگشتی ، نزیك کەوێتەوەو ، ناچاری ئەوەیش نەبێ « هونەر » بکا بە قوربانی « واتا »و ، ئەو جەدەلیەتەی باش بە بیر ئاشنا بێ کە لەنێوان شێوەو ناوەڕۆکدا هەیە ٠٠

چەند تێبینیەك دەربارەی شانۆی "بەندی و شێتخانە !"

دیسانەوە لە هۆڵەخنجیلانەکەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی سدا لەبەغدا کۆمەڵێ قوتابی کورد بە یارمەتی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی وەیەك کەوتن و بە بۆنەی ڕۆژی شانۆی جیهانەوە شانۆگەریەکیان بە ناوی (بەندی و شێتخانە)وە لەنووسین و دەرهێنانی (کمال ڕۆوف هەنجیرە پێش کەش کرد ٠

برادەران ئاسۆ عمر دەوری کاکەمەندداو حمە شوان داوەری یەکەم و حیکایەتخوانی یەکەم، بهادین نوری داوەری دووەم و حیکایەتخوانی دووەم و خوشکێکیش کە حەزی نەکرد نە ناوی بێنین نە وێنەی بگرین بۆ ڕۆژنامە ، لە دەوری نازەنینداو ئەم برادەرانەشی هاوبەشیان کردبوو لە پێکهێنانی شانۆگەریەکەدا ٠٠٠ سەربەرز عبدالغنی ، سوارە محمد صالح، ئاسۆ کریم ، شیرین محمد امین ، بەیان سلمان ، سەلام نەورۆز ، جەواد محمد ،سەناء قاسم کوردی ، فەرهاد ڕەحمان ، بەهزاد حسن ، نەوزاد عمر ، چیا عمر محمد، احمد مرزوق ٠

ئەوەی شایانی باسە شانۆگەریەکە باسی ژوانم وژۆرو چەوساندنەوەی گەلی کوردە لە کوردستانی ئێراندا ، ئەویش بە سزادانو بەندکردنی لاوێکی کوردو مەحکەمە کردنی وەك لە پێشەکی شانوییەکەدا هاتووە (وێنەیەکە لەو ئێرانەی شێتخانەو گۆڕیویانە بە شێتخانەو سزای مرۆڤی تیادەدەن) ٠

دەربارەی دەرهێنانی شانۆگەریەکە ، هەرچەند دەرهێنەر شێوەی بڕێختی هەڵبژاردبوو لە دانانی شانۆی (دەوارو) گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەکتەرەکانەوە لەگەڵ خەڵکەدا ، بەڵام تا ڕادەیەك لە هەندێ شتدا سەرکەوتو نەبوو ، جوڵانەوەی (حیکایەتخوانەکان ـ داوەرەکان)بەجۆرێك کە جوڵانەوەی ئەوکاتەی کە داوەرن جیا نەئەکرایەوە لە جوڵانەوەی ئەوکاتەی کە حیکایەیەتخوانن ، هەروەها جوانتربوو داوەرەکان یەکێکیان پلەی بەرزتری هەبوایە لەوی دی ، وەکو حیکایەتخوانیش ئەوەی کە تا ئێستا من تێبینیم کردبێ لە شانۆی یونانیو عەرەبیشدا ئەگەر دوو داوەر هەبێ لە شانۆگەریەکدا دژی یەك دەوەستن و ئەم قسە بە یەك دەگێڕێتەوەو ئەوی تریان بەرپەرچی دەداتەوە ، یەڵام لێرەدا وانەبوو !! هەروەها زۆربەی گفتوگۆکانی کاکەمەند لە کوڕە لادێیەك نەئەچوو ، جۆرە دوور کەوتنەوەیەك بوو لە تکوینی کەسایەتی یەی بێجگە لە مەشهەدە (بانتۆمایم)ە ـ کە وەکو دووبارە کردنەوەیەك بوو لە شانۆگەریەکەی پاری

بڕوانە ل : ٧

شانۆیەك بەرێوەیە :

شەونخوتی بەدیار "شیرین و فەرهادەوە"

لە نوسینی ناظم حکمت و وەرگێڕانی مامستا عمر علی امین و دەرهێنانی هونەرمەندجەلیل زەنگە ، تیپی نواندی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی ئێستا خەریکی پرۆڤەو خۆئامادەکردنن بۆ پێشکەش کردنی شانۆگەری « شیرین و فەرهاد »

شایانی باسە لەم شانۆگەریەدا زیاتر لە (٢٥) کوڕو کچ هاوبەشی دەکەن و لەوانەش زیاتر لە (٨) هەشت خوشکی هونەرمەند بۆ ئەم مەبەستە هاتونەتە پێشەوەو ئەم ژمارەیەش مژدەی پێ کردنەوەی ئەو کەلێنەمان بۆ دەهێنێ کە تا ئێستا لە بواری هونەری کوردیدا بەتایبەتی (شانۆ)ڕەچاو کراوە٠

● لە سەرەتاوە وتمان شەونخونی بە دیار شیرین و فەرهادەوە ٠٠ بەڵێ شەونخونی چونکە ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین تا ئێستا زیاتر لە هەشت نۆ شەو زوربە زۆری هونەرمەندەکان بۆ پرۆڤە کردنی ئەم شانۆگەریە تا بەیانی ماونەتەوە ٠٠ هەر لەم ڕوانگەشەوە ڕۆژنامەی هاوکاری ئەوانەی بە سەرکردەوەو

● **سەرەتا هونەرمەندجەلیل زەنگەنەی دەرهێنەر وتی :**

ـ داستان ، چیرۆك ، ئەفسانەو هەموو بابەتە دەوڵەمەندەکانی تری کە ـ لەپوری نەتەوایەتی ئەم ڕۆژهەڵاتە بوەتە کەرەسەیەکی نایاب بۆ نووسەرانو ڕوناکبیرانو شاعیرانی ناوچەکە ٠٠ چیرۆکی شانۆیی ئەم جارە لەوە ناسراوترە کە باسی بکەین مەگەر کامان هەر لە سەردەمی چیرۆکی گوێ ئاگردانەوە تا سەردەمی تەلەفزیۆنی ڕەنگاورەنگ باسی شیرین و فەرهادی نەبیستبێ !!

وا ئەم جارە شیرین و فەرهاد بە هۆی شاعیری پێشکەوتوخوازی داهێنەرەوە ناظم حکمت ئەم چیرۆکە لە گوێ ئاگردانەوە دەگوێزرێتەوە سەر شانۆ ٠٠٠ لێرەدا نە فەرهادەکەی ناظم حکمت خوسرەو شایەو نە شیرینەکەشی پەریی یەکی ئەفسانەیەو نە کارەساتە کاتیشی تەنیا دڵداری یەکی یەك لایەنی ڕووتە ٠٠٠ شیرین تەنیا خاوەنی جوانی یەو فەرهادیش تەنیا خاوەنی بازوو خۆشەویستی یەك لایەنی یە بۆ شیرین ٠٠٠٠ لای ناظمو لە شانۆگەری یەکەماندا شیرین هی فەرهادەو فەرهاد هی جەماوەرەو هەموویان پارچەیەکو وزەو توانان بۆ مرۆڤایەتی ٠٠٠ مەگەر لەوە ئاشکراتر چی یە کە فەرهاد لە نێوان هاوارو هاندانی جەماوەردا قولنگەکەی دەوەشێنی و هاواری لێ دەکەن :ـ کێوی سەختین داتاشەو جۆگاو ئاوی بە فەرو پیت ڕاکێشە با تینوێتی مرۆڤ بشکێ و زەویی و زار تێر ئاوو پڕ بەرهەم بێ ٠٠٠

● شایانی باسە بۆ دەرهێنانی شانۆگەری شیرین و فەرهاد ڕێبازی شێوەی (بزوتنەوەی دەرهێنانی نوێ)م بە کارهێناوە کە بریتی یە لە گونجاندنو بایەخدانو ڕێکخستنی هەموو پێداویستیەکانی شانۆ بۆ گەیاندنی بیری نوسەر بە جەماوەر ٠

● **پاشان خوشکە نیشتمان نوری کە دەوری «شیرین»ی لەم شانۆگەری یەدا پێ سپێراوە سەبارەت بە داستانی شیرین و فەرهادوتی:**

شانۆ گەری شیرین و فەرهاد لەگەڵ داستانەکەیدا جیاوازە ٠٠ فەرهادی ناظم حکمت بریتی یە لە خۆبەختکردن ٠٠ ٠ خۆشەویستی شیرین بوەتە هاندەرێك بۆ فەرهاد کە لە پێناوی وەدەست خستنی ئاودا بۆ میللەتەکەی کێوی ئاسنین کون دەکات ٠٠٠ لەم ڕوەشەوە کە ئەم دەورەم پچ درامە کە ئەم دەورەم پێ دراوە هیوادارم تا ڕادەیەك شتێك بڵێم و هەنگاوێکی زیاد بۆ پێشخستنی ئافرەت بهاوێژم ٠

● **پاشان هونەرمەند کامل فخر الدین کە دەوری فەرهاد دەگێڕی بەر لەوەی ڕای تایبەتی بەرامبەر بە پاڵەوانی ناوبراو دەربڕێ وتی :**

« بیرو هونەرو شانۆ » هاوکێشەی ژیانن پێویستە ئەکتەر ئەو نامە پیرۆزە بگەیەنێ کە ناوەڕۆکی شانۆگەری یەکەیە ٠٠٠ ئەمەشی خۆبەخت کردنە لە پێناوی مەسەلەدا ٠ ٠٠ پاشان دژایەتی مرۆڤ و سروشت پیشان ئەدا کە فەرهاد زۆرانبازی لەگەڵ کێوی ئاسنین دا ئەکات ٠٠٠ منیش وەك ئەکتەرێك لە دەوری فەرهادا ئەمەوێت زمانی ناظمو ئەو نامە پیرۆزە کە ناوەڕۆکی شانۆگەری یەکەیە بە خەڵکی بگەیەنم ٠

● **دوا جار خوشکە سوران محمد فرج کە دەوری مەهمەنە شازادە دەبینێ سەبارەت بە خۆبینینەوەی لەم دەورەدا وتی :**

مەهمەنە وەك شازادەیەکە وەك خوشکێك لە سەرەتای شانۆگەری یەکەوە ڕوبەڕوی چەند گرێ یەك دەبێتەوە ٠٠

یەکەم : جوانی یەکەی خۆی بۆ چاك بونەوەی شیرینی خوشکی بەختدەکات٠

دووەم : وەستانی بەرامبەر بە نەبوونی ئاوێکی پاك تا گەلەکەی بیخواتەوە ٠٠٠

سێهەم : حەز لێ کردنی بۆ فەرهادو نەبوونی مەودای پێگەیشتنی بە هۆی ناشیرینی ڕوویەوە ٠٠٠

چوارەم : ڕاکردنی شیرین لەگەڵ فەرهادو لە دەست چونی خوشکیو ئەتك هێنان بە سەر کۆشکدا بەوەی شیرینی شازادە لەگەڵ فەرهادی گرێکاردا ڕای کردوە ٠٠٠ ئەمانەو زۆر شتی تر کە مەهمەنە دەخاتە گێژاوێکی ترسناکەوە٠٠ منیش وەك ئەکتەرێك هیوادارم پێمە لە بواری نواندندا بەکاری بهێنم تا بتوانم مەهمەنە وەك ئینسانێکی وەفادارو دلسۆز بە جەماوەر بناسێنم ٠

فریا عبدالله حسین
نوسینگەی سلێمانی

Institut Kurde de Paris

لیپرسراوی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان له همولیر :-

تفاو به‌شیمان له جه‌نگ کردووه‌و له‌میشه ئاماده‌ی گیانبازین

بۆ به‌شداری کردن له جه‌نگی ڕه‌وامانداا ، گه‌لی عیراق به گشتی هه‌میشه ئاماده‌ی گیان به‌خشینه بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان ، پارته‌ سیاسی‌یه‌کانی نێو به‌ره‌ی نیشتمانی نه‌رکی سه‌رشانی خۆیان به‌جێ گه‌یاندووه‌و خه‌باتی خۆیان پره‌پێداوه ،له‌م رووه‌وه به‌ڕێز مامۆستا محسن طاهر به‌رزنجی ئه‌ندامی به‌ره‌ی نیشتمانی له پارێزگای هه‌ولێره لێپرسراوی لقی دووی حزبی دیموکراتی کوردستان له پارێزگاکه ،ده‌رباره‌ی به‌شداری کردنیان له جه‌نگی پیرۆزمان وتی :-

ئاشکرایه له رۆژی به‌رپابوونی شۆرشی ١٧-٣٠ی گه‌لاوێژه‌وه ، عێراقی خۆشه‌ویستمان ، له ناوچه‌ی خۆرهه‌لاتی ناو راستدا ، بۆ ته‌کانگای بڵاوبوونه‌وه‌ی هه‌ستی ئازادی‌و رزگاریخوازی به‌رابه‌رایه‌تی سه‌رۆکی فه‌رمانده‌ هه‌فالی تێکۆشه‌ر صه‌دام حسین ، ئه‌مه له لایه‌ك ، له لایه‌کی تره‌وه هه‌ر ئه‌م باره تازه‌یه بۆته هۆی ترس‌و هه‌راسی دام‌و ده‌سگای ئیمپریالیزم‌و نۆکه‌رانی له ناوچه‌که‌دا .

به‌م پۆنه‌یه‌وه له‌و کاته‌وه تا یه ئه‌م رۆ ده‌گا له پێناو کۆسپ‌و ته‌گه‌ره خستنه به‌ره‌وره‌وه‌ی پێشکه‌وتنی شۆڕشه‌که‌مان ده‌یه‌ها ئاڕاوه‌یان نایه‌وه‌و چه‌ندین پیلانیان گێڕا ... تا به‌م جه‌نگه رو به‌رووه گه‌رمه گه‌یشت ... به‌ڵام گه‌له‌که‌مان هه‌میشه به کارو کرده‌وه‌و خه‌باتی شۆرشگێرانه روونی کردۆته‌وه که گه‌لی لووتکه‌و سه‌رفرازی‌یه .

هه‌ر وا له ماوه‌ی ساڵو نیوێکی جه‌نگی خوێنین دیسان ساغی کرده‌وه‌و به سه‌ربه‌رزی‌یه‌وه توانی سه‌رکه‌وتنه‌وه ده‌ست‌بێنێ‌و هه‌موو پیلانه‌ بیسه چه‌په‌له‌کانیان پوچه‌ڵ بکات .

له‌م جه‌نگه پیرۆزه‌دا که‌له‌که‌مان به تێکۆشانی شۆرشگێرانه‌و یه‌کگرتنی نیشتمانی پیشانیدا هێزو توانای هه‌یه بۆ پێشکه‌ش کردنی لاوانی خوێن‌گه‌رمی نیشتمان په‌رست‌و ره‌شید له پێناوی به‌روه‌وامی سه‌رکه‌وتن‌و سه‌رفرازی جگه له‌وه‌ی به‌م تێکۆشانه بۆووچانه‌ی هه‌موو لایه‌نه‌کانی ژیان به ڕێك‌وپێکی ده‌با به‌ڕێوه ، هه‌ر وا ئافره‌تانی عێراق شان به‌شانی براکانیان ده‌وری پێویستی خۆیان بینیوه بۆ پاراستی گیانی سه‌رکه‌وتن .

له‌م رووه‌وه که بڕوامان به هه‌لوێستی راستی خۆمان زۆر زۆر به‌هێزه،وه بۆ ترجمه‌ی بیروبڕوامان به‌رامبه‌ر به خاك‌و نیشتمانی خۆشه‌ویستمان به دلێکی پڕ له بڕواو نوومێده‌وه هاوبه‌شیمان له قادسیه‌ی صدامی پیرۆزا کردو سێ جار هه‌فالانی ئێمه‌ی خاوه‌ن بیروو باوه‌ڕو تێکۆشه‌ر گیانی خۆیان خسته سه‌ر ده‌ست‌و چونه مه‌یدانی گیانبازی له به‌ره‌کانی جه‌نگدا وه‌من به خۆشم له‌م جه‌نگه پیرۆزه‌دا له‌گه‌ڵ ده‌سته‌ی سێیه‌م تیپی پارته نه‌به‌زه‌که‌مان ، پارتی دیموکراتی کوردستانیمان دژی ڕژێمی خومه‌ینی ره‌گه‌زپه‌رست‌و دواکه‌وتو هاوبه‌شی قادسیه‌ی صه‌دام کرد ، له ڕۆژه‌کانی یه‌که‌میشدا هه‌فاله‌کانی له‌که‌که‌مان خوێنی خۆیان‌دا به بریندارانی جه‌نگی رزگاریمان‌و هه‌ندێ پاره‌ی ره‌مزیمان بۆ ئه‌م مه‌به‌سته به‌خشی که هه‌ست ده‌ربڕینێکی پیرۆزه به‌رامبه‌ر به سه‌ربازه نه‌به‌زه‌کانمان‌و جه‌نگی نیشتمانیمان .

هه‌روا له‌که‌که‌مان چه‌ند کۆڕی به‌ست بۆ ڕوون کردنه‌وه‌و هۆشیارکرده‌وه‌ی هه‌فالانمان ودیارکردنی نه‌رکی سه‌رشانیان‌و به‌ره‌چڕدانه‌وه‌ی پروپاگنده‌ی ژه‌هراوی دوژمن .

ئێمه سه‌ربازو جه‌نگاوه‌ری ڕێبازی شۆرشی عێراقی خۆشه‌ویستین به ڕابه‌ری سه‌رۆکی فه‌رمانده صه‌دام حسین ، ئێمه هاوبه‌شیمان له جه‌نگ کردۆه‌و هه‌میشه ئامادەی گیانبازین له‌م ڕێبازه پیرۆزه‌دا ، به‌م جۆره به‌شێك له ئه‌رکه‌کانمان به‌رامبه‌ر به شۆرش‌و نیشتمانی خۆشه‌ویستمان ته‌نجام ده‌ده‌ین .

له‌ زانکۆی صلاح الدین

کۆلێژی ئه‌ده‌بیات به‌شداری کاریگه‌رانه‌ی جه‌نگی ڕه‌وامان بووه

له‌و کاته‌وه‌ی که زانکۆی صلاح‌الدین له همولێر دامه‌زراوه ، به‌رده‌وامه له‌چالاکی نوانده‌کو به‌شداری کردن له هه‌موو بۆنه‌ نیشتمانی‌و نه‌ته‌وه‌یی‌یه‌کاندا به نیازی خزمه‌تی زیاتر له‌به‌واری ڕۆشنبیری‌و زانستو زانیاری‌یه‌وه ...

له‌م ڕۆژانه‌دا سی‌وپێنج‌ساڵ به‌سه‌ر دامه‌زراندنی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سوشیالیستدا رابورد ، کولێژی ئه‌ده‌بیات وه‌ك هه‌موولایه‌نه‌کانی‌تر به‌رنامه‌یه‌کی تایبه‌تی ڕێکخستبوو ، به‌ پێویستمان زانی چاومان بکه‌وێت به مامۆستا (اسماعیل) عه‌میدی کولێژی ئه‌ده‌بیات تاکو له‌م رووه‌وه‌قسه‌مان بۆ بکات ...

● ئه‌وه‌ی راستی‌بێ ، تا ئێستا، توانیومانه به‌شداری - یه‌کی فراوان له بارو زروفی ئه‌مڕۆمان بکه‌ین ، وه‌ك لایه‌نێکی ڕۆشنبیری ، گه‌لێك کۆڕو کۆبوونه‌وه‌مان ڕێکخستووه بۆ ڕوون کردنه‌وه‌و شێ کردنه‌وه‌ی کاره نارەواکانی ڕژێمی دیکتاتوریه‌تی فارسی به کرێگیراو ، تا ده‌گاته ئه‌و بانگه‌وازه نازایانه‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده هه‌فالی تێکۆشه‌ر صدام حسین به خۆناونووس کردن له ریزه‌کانی فیدا کاران ، ئه‌وه‌بوو قوتابیانی کولێژه‌که‌مان به سنیگێکی فراوانه‌وه هاتنه پێشه‌وه‌و ریزو شانازی خۆیان ده‌ربڕی بۆ ئه‌م مه‌به‌سته پیرۆزه ... به‌ڵام به نسبه‌تی ئه‌م ڕۆژه گه‌شه داره‌وه له میژووی گه‌له‌که‌مان که ده‌کاته یادی سی‌و پێنج ساڵه‌ی له دایك بوونی حزبی سه‌رکرده حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سوشیالیستی ، به‌رنامه‌یه‌کی تایبه‌تیمان ڕێك خست بۆ ئه‌وه‌ی به‌شداری‌یه‌کی فراوان بکه‌ین له یادکردنه‌وه‌ی ئه‌و بۆنه مه‌زنه‌وه ، که بریتی‌یه له گۆڕو کۆبوونه‌وه‌ی به پێزو که‌ڵکمه‌ند ، بۆ باس کردن له ڕۆژگارو میژووی حزب‌و سه‌رهه‌ڵدانی شۆرشی حه‌فده‌ی گه‌لاوێژو بڵاو کردنه‌وه‌ی پیری شۆرشگێرانه‌و ده‌وری بیروباوه‌ڕی حزبی سه‌رکرده له سه‌رکه‌وتنه‌کانمان دژی ڕژێمی فارسی ره‌گه‌ز په‌رست ...

هه‌روه‌ها ئاهه‌نگێکی هونه‌ری به چێژمان ڕێك خست ، بۆ خۆشی ده‌ربڕین له‌م ڕۆژه خۆشه‌ویسته‌دا ... به‌رده‌وامین له‌وه‌ی که چالاکی بنوێنین ، بۆ پێشوازی لێکردنی هه‌موو بۆنه نه‌ته‌وه‌یی‌و نیشتمانی‌یه‌کان‌و ... سڵاوی خۆشه‌ویستانه‌ی هه‌موو قوتابیانی کولێژی ئه‌ده‌بیاتی زانکۆی صلاح‌الدین بۆ سه‌ره‌کی فه‌رمانده هه‌فالی تێکۆشه‌ر صدام حسین ...

پیاوه‌ئایینیه‌کانمان له‌گه‌ڵ چه‌رخدا ده‌ڕۆن

ئه‌مانه‌تی گشتی کاروباری ئه‌وقاف یه‌کێکه له‌و ئه‌مانه‌تانه‌ی له ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌دا به‌کاری خۆی هه‌لساوه‌و له چالاکی‌و گۆڕانکاری‌ی له ناوچه‌که‌دا دوانه‌که‌وتووه . له سه‌ردانێکی‌هاوکاری بۆ ئه‌مانه‌ته‌که ئه‌م گفت‌وگۆیه‌ی له‌گه‌ڵ ئه‌مینداری گشتی ئه‌وقاف به‌ئه‌نجام‌گه‌یاند .

١ - ئه‌و چالاکی‌و گۆڕانکاری‌یانه چین که ئه‌مانه‌ته‌که‌تان پێی‌هه‌ڵئه‌سێ ؟وه تا چ ڕاده‌یه‌ك ناوات‌و خواستی حزب‌و شۆڕش‌وگه‌لی به‌دی‌هێناوه ؟

- ئه‌مینداریتی گشتی ئه‌وقاف وه‌ك هه‌مو ئه‌مینداریتی‌یه‌کانی تری ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی کوردستان دوانه‌که‌وتووه له‌به‌دیهێناتی ئاواته‌کانی حزب‌و شۆڕش بۆ دانیشتوانی کوردستانی عێراق ، هه‌ر بۆ ئه‌م مه‌به‌سته توانیویه‌تی له‌یه‌که‌م ڕۆژه‌وه پیاوه ئایینیه‌کان له ئه‌شکه‌نجه‌ی ژیان‌رزگار بکات ئه‌ویش به دامه‌زراندنی کۆمه‌ڵێکی زۆرلێیان له‌کاتێکا که ژیانیان پێش شۆڕشی ١٧-٣٠ته‌موز بریتی‌بوو له‌وه‌ی که دانیشتوانی دێماته‌کان‌نه‌یاندانێ . تا ئێستاش ژماره‌ی ئه‌و پیاوه ئایینی‌یانه‌ی‌که به‌گوێره‌ی پێویستی کادری ئایینی له پارێزگاکانی‌ئۆتۆنۆمی دامه‌زراون به‌م جۆره‌یه :

له پارێزگای سلێمانی
٦٨٧ که‌س
له پارێزگای همولێر
٤٢١ که‌س
له پارێزگای دهۆك
١٧٩ که‌س

٢ - ئه‌و پرۆژانه‌ی ئه‌مانه‌نی‌ئه‌وقاف جێبه‌جێی کردوون یاخود به‌ده‌ستیه‌وه‌یه چین‌وله‌کوێن ؟

- له ساڵانی ١٩٧٨ ، ١٩٨٠ ، ١٩٨١ دا ئه‌م بودجانه ته‌رخان‌کراون بۆ ئه‌مینداریتی‌گشتی ئه‌وقاف .

له ساڵی ١٩٧٨
یه‌ك ملیۆن دینار بوو .
له ساڵی ١٩٨٠
ملیۆن‌و نیوێك بوو .
له ساڵی ١٩٨١
ملیۆنێك‌و دووسه‌دوسی هه‌زار بوو .

به‌م بودجانه‌ش توانیومانه‌چه‌نده‌ها مزگه‌وت دروست بکه‌ین‌و چه‌نده‌هاشیان چاك بکه‌ینه‌وه‌و هه‌ندێکیشیان که‌ڵ‌وپه‌ڵی ته‌واومان بۆ‌کڕین ، بۆ نمونه ئه‌و مزگه‌وتانه‌ی که ئێمه دروستمان کردوون له پارێزگانی ناوچه‌ی کوردستان‌ئه‌مانه‌ن :

پارێزگای سلێمانی
١٠٨ مزگه‌وت
پارێزگای همولێر
١٣٢ مزگه‌وت
پارێزگای دهۆك
٨٥ مزگه‌وت

وه له‌مانه‌ش گه‌لێ زیاتر چاك‌کراونه‌ته‌وه‌و پرفه‌رش کراون .

٣ - دانان‌و ڕای پیاوه ئایینی‌یه‌کان ده‌رباره‌ی جه‌نگی قادسیه‌ی صدام ،چی‌یه‌و تا چ‌ڕاده‌یه‌کیش به‌شداریتان کردووه ؟

- گومانی تێدانی‌یه که‌بڕوای ئێمه‌و پیاوه ئایینی‌یه‌کان وه‌ك بڕوای هه‌مووعێراقیه‌ك یاخود هه‌موو مرۆڤێکی خاوه‌ن بیرو هۆشی‌وایه که حه‌ز له ده‌ست‌درێژی‌کردن بۆ سه‌ر خاك‌وئاوو ولات ناکات . قادسیه‌ی صدام وه‌ستانه دژی‌ده‌ست‌درێژی‌کردنی فارسی ره‌گه‌زپه‌رست بۆ سه‌ر خاك‌وئاوو سنوری عێراق‌و ڕووبه‌ڕووبونه بۆ پارێزگاری که‌رامه‌تی هه‌مو عێراقیه‌ك له پێشێل‌کردن له‌لایه‌ن ڕژێمی‌ره‌گه‌زپه‌رستی ئێرانه‌وه دیسان خۆی‌گرتنه دژی کۆمه‌له‌خوێن‌ڕێژه‌که‌ی خومه‌ینی که به ناوی ئایینی ئیسلامه‌وه‌ئه‌یانه‌وێ خاك‌و ئاومان داگیربکه‌ن له کاتێکدا ئایینی‌پیرۆزی ئیسلام دوره‌ له‌ئێیانه‌وه .

بۆ مه‌به‌سته‌ش چه‌نده‌ها کۆنگره‌مان بۆ پیاوه ئایینی‌یه‌کان سازکردووه‌و ئه‌وه‌مان ڕوون‌کرده‌وه که ئه‌م ره‌گه‌زپه‌رستانه چه‌ندده‌وورن له ئایینی ئیسلام‌و خووڕه‌وشتی ئیسلامیش چه‌ندله خووره‌وشتی ئه‌م کۆمه‌له‌وه دوره .

هه‌روه‌ها هه‌ر بۆ ئه‌م‌مه‌به‌سته چه‌نده‌ها جار پیاوه ئایینی‌یه‌کانمان ناردۆته کوڕی جه‌نگه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م راستیه بۆ سه‌ربازه‌ڕه‌نه‌وانه‌کانی قادسیه‌ی صدام ڕوون بکه‌ینه‌وه که ئه‌م کۆمه‌له خوێن‌ڕێژن نه‌ك ئیسلام .

له‌شیعری بیگانه‌ یانه‌وه

به‌ره‌ڵڵا بوونێکی حه‌کیمانه‌یه
شانازی‌یه‌کی بێ ڕقو کینه‌یه ..

● × ●

له ده‌روونما
خوێنێکی وه‌ك خوێنی تۆ هه‌یه
ئه‌م خوێنه وام لێ ئه‌کات
گه‌ر خوا لێم بپرسێت :
چی بی خۆت هه‌ڵده‌بژێریت :
خاچێك ، خرنووکێك ،
ماچێك هه‌ناسه گه‌رمه‌کانت بکوژێنێته‌وه
یان ڕقێك گۆرانی‌یه‌کانی دابۆشێت ؟!
منیش له‌و کاته‌دا ده‌ڵێم :
خوایه گێ ده‌زانێ ؟!

● × ●

له‌ئاخاوتنیکی به‌ڕێز جه‌نگری ئه‌مینداری گشتی ڕۆشنبیری‌و لاوان

کاروانی ڕۆشنبیری کوردی هه‌نگاوی به‌رفراوان ده‌نێت

بایه‌خدان به دامه‌زراندنی ئه‌مینداریتی گشتی ڕۆشنبیری‌و لاوان له ناوچه‌ی کوردستانداو ته‌قه‌للای به‌رده‌وام بۆ پشتگیری کردنی جموجۆله‌کانی ئه‌م ئه‌مینداریتی‌یه هه‌نگاوێکی نوێ‌یه بۆ به‌رەو پێشه‌وه بردنی بزووتنه‌وه‌ی ڕۆشنبیری کوردیه‌ان‌و ئاسۆیه‌کی ڕووناکی له به‌رده‌م دووارۆژداکردۆته‌وه ..

بۆ ئاگاداربونی زیاتر له‌دووا هه‌نگاوه‌کانی ئه‌م ئه‌مینداریتی‌یه چوینه دیده‌نی‌مامۆستا محمد محی‌الدین جێگری ئه‌مینداری گشتی‌و له‌وه‌ڵامی پرسیارێك‌دا وتی : ئه‌م ئه‌مینداریتی‌یه هه‌ڵه‌سه‌ره‌تای دامه‌زراندینه‌وه به مه‌به‌ستی خزمه‌تی که‌له‌یوورو‌ڕۆشنبیری کوردی هاتۆته کایه‌وه‌و له پێناو پشتگیری‌کردنی جولانه‌وه‌ی ڕۆشنبیری‌و لاوان ته‌قه‌ڵلا ده‌دات به‌وشێوه‌یه‌ی که شۆڕش بۆ ناوچه‌که ده‌یخوازێ له سه‌ر‌هه‌ڵدان‌و پێشکه‌وتنی ژیان‌و هه‌موو ئه‌و گۆڕانه شارستانیه‌ی به‌سه‌ری‌دا هاتووه‌و ، ئه‌مینداریتی ئێمه‌ش جموجۆڵی‌ئه‌پچڕاوه‌و کارتیایدا به‌رده‌وامه له پێناو کۆبوونه‌وه‌ی نووسه‌رو ڕۆشنبیرانی کورد له ده‌وبه‌ری‌دا ، چ ده‌رباره‌ی‌به چاپ گه‌یاندنی کتێب‌و چ سازکردنی چه‌ندان میهره‌جانی‌فراوانی هونه‌ری‌و پیشانگاو

کۆری ئه‌ده‌بی‌و هه‌وو بایه‌خپێدانه‌کانی‌تر ، سه‌ره‌رای به‌شداری کردنی ئه‌مینداریتی- یه‌که‌مان له جه‌نگی قادسیه‌دا که زۆربه‌ی جموجۆله‌کانمان‌بۆ ئه‌م مه‌به‌سته ته‌رخان کردووه جگه له ئاماده‌بونمان‌بۆ خۆبه‌خت کردن بۆ به‌شداربون له‌م جه‌نگه‌مێژوویی‌یه‌دا .

● **ئایا ئه‌و جموجۆڵانه‌چی گرتۆته‌وه ؟**

× له هه‌رسێ پارێزگاکه‌ی‌ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌داو به قه‌زاو ناحیه‌کانیشه‌وه ده‌یان‌کۆری تایبه‌تی پێش‌که‌ش کراوه‌و تیپه هونه‌ری‌یه‌کانمان‌به‌شداری ته‌واویان له بۆنه نیشتمانی‌و نه‌ته‌وه‌یه‌کانمان‌کردووه هه‌روه‌ها له‌م ماوه‌یه‌دا چه‌ند کۆڕێکی ئه‌ده‌بی‌پێش‌که‌ش کرا له‌وانه مامۆستایان ناصر یوسف‌وعبدالغنی علی یحیی‌و فتح‌الله عمر به‌شداربون‌و میهره‌جانێکی ووتار خوێندنه‌وه له ده‌ۆك‌و کۆڕێك له شاری‌هه‌له‌بجه ساز کراوه .

● **ئه‌ی ده‌رباره‌ی یارمه‌تی‌دان‌و به چاپ گه‌یاندنی کتێب ؟**

× به‌گوێره‌ی نه‌خشه‌ی‌ئێستامان‌و پشتگیری ته‌واومان بۆ نووسه‌روشاعیرو چیرۆك نووسانی کورد بڕیاری له چاپدان‌ویارمه‌تی‌دانی ئه‌م کتێبانه دراوه :

١ - کرێکار له چیرۆکی کوردی‌دا - ڕۆوف حسن .
٢ - چڵوه ماندووه‌کان -ره‌زا سه‌ید گول به‌رزنجی .
٣ - مه‌تامه‌کانی سێوه‌ی‌هونه‌رمه‌ند - که‌ریم شاره‌زا .
٤ - هاوارێکی تاساو -ئاماده کردنی جلیل زه‌نگه‌نه .
٥ - گوله زه‌رده‌که- محمود زامدار .

● **ئایا ده‌رباره‌ی جموجۆڵی‌تیپه شانۆیی‌یه‌کان له ناوچه‌ی کوردستاندا چیتان کردووه ؟**

× له‌م ڕۆژانه‌دا خه‌ریکین به به‌خشینی پاره بۆ یارمه‌تی‌دانی تیپه هونه‌ری‌یه‌کانمان‌و بڕیاری پێش‌که‌ش کردنی چه‌ندان ده‌قی شانۆیشمان داوه له‌وانه : ئاسك نووسینی شێرزکۆ بێ‌که‌س‌و دارستانی تێنوو صباح عبدالرحمن‌و راوێژکاران گۆرین عبدالقادر مصطفی‌و لاس‌و خه‌زاڵ نازم دلبه‌ندو ته‌نه‌که‌ی هشتار که‌مال‌و ئه‌مره‌که‌ی به‌گم ئه‌مین میرزا که‌ریم‌و پیره مێرد نووسینی مکسیم گۆرکی‌و وه‌رگێرانی عبدالوهاب ئاله‌بانی‌و شیرین‌و فه‌رهاد گۆڕینی عمر علی امین‌و چاوه‌روان ده‌کرێ که ماوه‌ی چه‌ند ده‌قێکی تازه‌تریش به‌دین‌و هیوامان زۆره که به پشتگیری هه‌موولایه‌ك هه‌نگاوی باشتر بنێین .

● **ده‌رباره‌ی چاپخانه که‌تان هیچ هاواڵی تازه هه‌یه ؟**

× ئه‌م چاپخانه‌یه که بۆ به چاپ گه‌یاندنی به‌رهه‌می ئه‌ده‌بی‌و ڕۆشنبیری‌و خزمه‌تی بزووتنه‌وه‌ی ئه‌ده‌بیمان هاتۆته کایه‌وه ، له دوا قۆناغی ته‌واوبوونی‌دایه‌و به‌م نزیکانه ده‌ست به کارکردن ده‌کات‌و له‌باری‌دا هه‌یه که کێشه‌ی چاپه‌مه‌نی کوردی چاره‌سه‌ر بکات .

● **ئه‌ی گۆڤاره‌که‌تان ؟**

× گۆڤاره‌که هه‌موو به‌شه‌کانی ئاماده‌یه‌و زۆر نووسه‌ر له پارێزگاو ده‌ره‌وه‌ی‌دا بابه‌تی به نرخیان ناردووه‌و به‌م زووانه ده‌بێته دیاری بۆ خوێنه‌رانی ئازیز .

Institut Kurde de Paris

پاش سەد ساڵ گۆشەگیری

مارکیز لە نوێ بۆ نیشتمانەکەی دەگەڕێ

● گۆڕینی لە عەرەبییەوە : جەمال غەمبار ●

● لەدوای نووسینی ڕۆمانەبەناوبانگەکەی « سەدساڵ گۆشەگیری » کەگۆڤاری(شتێرن)ی ئەڵمانی بەیەکێك لەڕۆمانە سەرەکەووەکانی ئەدەبی نوێی جیهانی لەقەڵەم دەدا ، نووسەری کۆڵۆمبیایی بەناوو ـ دەنگ « گابریل گارسیامارکیز ـ ٥٣ ساڵ » پێنووسە ـکەی تەرخان کردووە بۆتەعبیرکردنو نووسین دەربارەی واقیعی بارودۆخی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی نیشتمانەکەی(کۆڵۆمبیا) •

شایانی باسە کاتێك مارکیز ڕەمزو ئیستیعارە دەکاتە ڕوخساری بۆ بەرهەمەکانی بەهۆیەوە دەیەوێ بگاتە ئەو هەوارەی کەتیایدا هەوڵ دەدات لەهەوێنسی دەربڕینو نووسینەکانیدا واقیعی دواکەوتووی وولاتەکەی

ببەستێتەوە بەواقیعی وولاتانی تری ناوچەی دەریای (کاریبی)یەوە ، هەروەك ئەو وولاتانە کەتووەتە دەوروپشتی وولاتەکەی ئەمەوە ، ئەمەش بەحوکمی ئەو دیاردەیەی کەهۆیەکانی ، پەیوەستداری یەکترین ••• جا لەسەر ئەنجامی بەردەوامبوونی دەسە ـ لاتی ڕژێمە بۆرژوازییەکاندا گەلانی ئەو وولاتانە کۆتو پابەندی ژێردەستیو زوڵمو هەژاریەکی بێپایانن •

مارکیز خۆی دەڵێ کە هۆزەکان (المستنقعات) دەبنە هۆی پەیدابوونو خستنەوەی بۆگەناوەوە بەپێچەوانەی کەناری دەریاکانەوە بەوەش دەیەوێ دەستنیشانی ئەوە بکات کەگەلانی کەنار دەریای کاریبی هەمیشە خواستیان لەوەدا کۆبۆتەوە کەژیانێکی ڕازاوەی خاوێن لەبواری پەیوەندییەکانی ژیانو پەیوەندییەکۆمەڵایەتی یەکاندا بەرنەسەر ، بەڵام ئەو بڕە کەسەی کەخۆیان سەپاندۆتە سەر چارەنووسو توانا و کەرامەتییانەوە هەناسەیان بەندکردوون بوونەتە پەردەی ڕەشی سەرچاوی ئەو خواستەو هیوایەیان •

● لەڕۆمانە نوێیەکەیدا کەناوی ناوە «مێژووی مردنێکی زانراو » مارکیز تیایدا باسی شەوێك لەشەوانی بووك و زاوایەتیو ژن هێنانمان بۆ ـ دەکات ، هەروەك لەگەل خۆیدا ڕامان دەکێشێت بۆ شوێن ـ کەوتنی ئەو ڕووداوانەی کەلەم شەوەدا ڕوو دەدەن • ئەم ڕووداوانەش گەرچی لەسەرە ـ تاویەکەم جارەوە بەشێوەیەکی ئاسایی دێنە پێش چاو بەڵام لەحەقیقەتدا بریتین لەچوار ـ چێوەیەکی هونەریی وەهـا کەمارکیز بۆ دەربڕینو پەخش کردنی شیکیردنەوە ڕامیاریی و ئایدیۆلۆژی یەکانی بەکاری دەهێنێ ، خاڵی سەرەکییو مەبەستی پوختو خەست کراوەیشی ئەوەیە کەڕووناکایی بخاتە سەر « قەوارەو بوونی مرۆڤ » ، ئەمشێوازەش گەرچی کورتترو ئاشکراترە بەڵام لەهەمان کاتدا هەروەك گۆڤارە ئەڵمانییەکە دەڵێت شێوازێکی زیاتر قووڵو فەلسەفییە •

مارکیز لەسەرەتای ئەم ڕۆمانە تازەیەیدا پرسیار لەوە دەکات کەئایا چۆنیەکە وا لەمرۆڤێ ئەکات دەوڵەمەندبێو یەکێکی دیکەش هەژار ، لەکاتێکا هەردووکیان لەیەك پارچە زەوی دیاریکراوا دەژین کەکۆمەڵێك خەڵکی لەسەر دەژی ، یاخود ئەو هۆیەی وادەکات مرۆڤێك خاوەنی مێز بێتو یەکێکی دیکە بێمێز ، بەڵام سەر ـ ئەنجامیش دەباتەوە بۆشتێکی حەتمی کەوەکو گریمانکاری ـ یەکی (افتراض) خۆی دای دەنێ ئەویش بەوەی کەمرۆڤ ئەوەی دەست ناگەوێ کەخۆی لەقەدەرەکەی دەرباز بکات چونکە مێزە شاراوەونەکراوەکان لەپێشانەوە خاوەنی ئەوەن، ئەو ڕووداوانەی کەنووسەر لەڕۆمانی (مێژووی مردنێکی زانراو)دا باسیان لێوە دەکات بریتین لەکۆمەڵێك ڕووداوی ساکارو باس لەگەشتیارێکی نامۆ دەکەن کەبەسەفەر دەچێتە شارێکی بچووك ناکو تیایدا ئۆقرە بگرێ هێندە نابات کەدڵی دەچێ بەیەکێك لەکیژەکانی ئەوشارەداو پاشان مارەی دەکات ، کارەکان لێرەوە بەشێوەیەکی ئاسایی مەیسەر دەبن تاکو ئەوشەوەی کەدەیگوێزێتەوە ، پێش ئەوەی ئەوشەوە تەواو ببێ کابرای گەشتیار کیژەکە دەگەڕێنێتەوە بۆکەس و کاری، پاش ئەوەی بۆی دەردەکەوێ لەکچێنی کەوتووەو بۆتە ژن • جووتە برای کیژەکە کاتێك دەبینن خوشکەکەیان ئەم کارە پڕ سەرشۆڕییەی کردووە بڕیار دەدەن کەئەوشەرەفە بەباچووە بەخوێن بگێڕنەوە، هەربۆیە لەسەرئەوە ڕێك دەکەون کە هەرکامیان خوشکەکەیان « پاش ئەوەی خۆی دەشارێتەوە » بدۆزنەوە بەبێ سێو دوو بیگرنو بیکوژن •

لەنێو کاری گەڕاندا بەشوێن ئەو قوربانییەدا مارکیز هەردوو براکە « کەدوو کەسایەتیی دیاری ناو ڕۆمانەکەن » بەزۆر جێو شوێنی جیاوازی ئەم جیهانەدا دەگێڕێو لەپاڵ ئەوگەڕانەدا هەندێ چیرۆکو سەرگوزەشتەی لاوەکی دێتە کایەوە کەبەهەزیانەوە نووسەر گەلێ گرێو گۆلی دەربارەی قەدەرو چارەنووسی مرۆڤ خستۆتەڕوو ، تاکو لەوبوارەوە بتوانێ بەشێوازێکی ڕەوانو لەسەرخۆ بگاتە ئەو مەبەستەی کە دەیەوێ دەری ببڕێ لەم ڕۆمانەیدا •

ئەوەی شیاوی باسە گابریال مارکیز کەخاوەنی شێوازی هەناسە درێژییە لەپستەکانیدا ـ لەم ڕۆمانەیدا بەپێچەوانەوە پەنای بردۆتە بەر ڕستەی کورتو خوێنەر ڕاکێشەوەیاخود هەرجارە ڕەخنەگری ئەدەبی ئەڵمانی (مانفرید فان کۆنتا)دەڵێت :ـ لێرەدا مارکیز ببری قوولی خۆی لەنێو کۆمەڵێك ڕستەی

بڕوانە ل : ٧

بلاهارو .. میرزا

فۆلکلۆر

نووسینی : عباس هۆرمزیار

بەهارو میرزا چیرۆکەکا فۆلکلۆزا کوردایە ، بەهارو میرزا کەچەکو کوڕەکك بوون پەری (٢٥٠) ساڵ لگوندێ ئیسفنێ دژیان •

میرزا کوڕەکی میرخاسو پەلەنگازبیو گەلەکی بەهارا خۆشفیاو فیانا بەهارێ کەدبوە دلاوی ، بەڵام میرزای دراڤە نەبوو حەتا بچیتە داخوازیا بەهارێ ، وی ڕابوو بەهار ڕفان ژگوندێ ئیسفنێ پرەناڤ کۆچەرا میرا • (ڤان کۆچەرا لچیایێ گەورکێ بوون سەرۆکێت وان ـ احمد اغا ـ بوو)چاخێ بەهارو میرزا گەهشتنە ناڤکۆنێ کۆچەراو چوونە بن کۆنێ (احمد اغا)وسلاف کرنێو (احمد اغای) پەرسڤاوان داو گەلەکی بخێراتن کرنو کۆتە ڤان ئەنك هەر تشتەك پێدڤێن ئەزێ حازرم بۆ هەوا چێکەم ، ڤانگۆتە (احمد اغا)ی ئەم هێڤیاتە دخوەزبین تە ئەم بهێلی لاری خۆ (احمد اغا)ی ڤێ قسەی قەبول کر •

پشتی هنگی گوتە دوو مرۆڤا ڕابن وی مرۆڤی ببەنە جێمیڤاناو ئەڤێ کەچێ ببەنە ناڤ ژنکا ، ڤان حەتا چەند هەیڤەکی گەلەکی بخوەشی برنە سەر لاری (احمد اغا)ی میرێ کۆچەرا• دلێ میرا کۆچەرا چووە بەهارێ ، وی ڕابوو بۆ چێکرنا شیورەکی حەتا میرزا بکوژیو بەهارێ بخوەزی وی گۆتە هەندەك ژکۆچەرێت خۆ هوون ڕابن ڤێ نزدێ ببەن دزیێو اوێدەرێ بکوژن •

ڤانڕابوون بگوهتنێو شێورێت (احمد اغای کەن میرزا برنە دزیێ ، چاخی گەهشتنە ناڤ ئەڤێ مالێو وی مال بێحەسیانو شەڕ چێبوو لنیڤەکاوان ، مرۆڤێت (احمد اغا)ی گشکی ڕەڤینو میرزای بێنێ ماو شەڕ کر ، ئەڤێ شەڕ کرو ڤان ڕابوونە شێورا کوشتناوی ، میرزای (١٠) مرۆڤێت ڤان کوشتن ئو فیشەکێتمیرزای هاتنە خلاسێ •

ڤێجا مرۆڤێت (احمد اغا) ڕابوون ژپشت ڤە گولەکە تفەنگێت لە قزلنجا میرزا داو کوشت • پشتی هنگێ مرۆڤێت (احمد اغا)ی ئەگەڕیانە مالو گوتنە (احمد اغای) ئەم میرزا کوشت ، بەهارێ ڕوینشتبو لەبن کۆنێ چافەڕوانی ئەگەڕیان میرزا دکر حەتا سوبێدێ ، چاخی وی دیت میرزای ئەنە گەڕیا دلێت وی گەلەك بە میرزای ئەما ، چاخی بووە سپێدێ بەهارێ دەرکەفت ژ کۆنێو دیت وان مرۆڤێت ژ گەل میرزای چوونە دزیی وێت هاتینە مال وی ڕابوو چووەنەك وان مروڤاو گوتنێ کانی میرزا ؟ وانیش گوتە بەهارێ ئەرێ جوانکێ ئەوێ نزدی پیس نی نەمێر بوو لە دزیی دا هاتە کوشتن نوکە (احمد اغا) بەهێڤیا تەیەو تە بۆخۆ ببەت بەهارێ ڕابوو بە هەردوو دەسا لەچاڤێ خوداو کرەگریو گووت :

لۆلۆ میرزا پسماۆ چ منو
ڤیەیەکیو ڤێ کردنێ
من چەند گۆتەتە ناچینە
ناڤ کۆچەرێ میرا
کۆچەرەکی بێبەختو
بێقریارا
وێتە بکوژن دوتماماتە
ویش ئاغێ بکەن دیاری
لۆلۆ پسماۆ من گووتە
تەمن نەبەناڤ کۆچەرێ میرا
تە گووتە من ئەی بەهارێ
مە ئەز تەبەمە چێیێ
بەهارو واریا
کۆچەرێ میرا خودان سو
زوقریارا
وێستە بلولو بەندك بکەنو
شمن بکەن دیارا
چەند من گۆتە تە ئەڤێ
یەکێ نەکە
وێ تە بکوژنو من ژئەحمەد
اغای بکەن دیارا

پشتی هەنگێ بەهارێ ڤەگەریا کۆنێ خۆو ڕوینشت حەتا ڕۆژ چوە سەر ئاڤابوون ، چاخێ پەزێت وان ڤەگەڕیانو هاتنە ناڤ کۆنا ، ڤان بە پەزیڤە مزول بوونو بەهارێ ڕەڤیو چۆلو بە یارا کەفتو بەرێ خۆدا ناڤ مالێت میر ئیزدیا ، میر حسین بەك لە دیوانا با عەدرێ ڕوونشتبوو ئژگەل چەند مەزنێت عەشیرەتێ ئزدیا • کەچك گە هشتەڤی دەرێو (کەڤیکا) خۆ هافیتە دیوانێ ، حسین بەك گۆتێ کەچێ تەخێرە تەچیە ؟

ڤێ کەچکێ ڕابوو چ بە سەراوێ هاتیە گشکێ بۆ ڕاڤە گیرا حسین بەك ڕابوو قاقەزەك نڤیسی لدەسێ دوو میر چاکا کرو گۆتە وان هوون ئەوێ کاغەزێ ببەن بدەنە (احمد اغای) کۆچەرێ میرا •

وان هەردوو میر چاکا بڕێ کەفتنو کاغەز بڕنو گەهشتنەڤان کۆچەرا ، کاغەز دانە (احمد اغا)ی کاغەز ڤەخاند •

پشتی مشوارەکێ (احمد اغا) ڕابوو کاغەزەك نڤیسیو تێدگووت تەی میر حسین تە بێبزانیت گونێت وی کەچکێ گشکی دەرەوەو ئش خوەچێ گریە ، وو کاغەز لدەستی هەردوو مرۆڤێت ئزدی کر لگەل سلاڤو دیاریا بۆ حسین بەگ ڤرێ کر • پشتی چەند ڕۆژەکێ (احمد اغا) گووتە (١٠) مرۆڤا ڕابن هەرنە نك حسین بەکێو بێژنێ هە قەوتا شەڕێ تە نینە ، ئەم خولامێ تە یینە ئەم نقارین ئش گەل تە بکەینە شەڕ ، ئەگەر تە شەڕ دەخوەزی ، ئەگەر تەحمال دڤێ بلا (٤٠) مرۆڤێ خۆ ڤرێ بکە دابینە پشت چیا گەورکێ ، ئەم دێ دوو کەرێت بەزی ئینینە وێرێ بلا مرۆڤێ وی پەزی ببەن ژدێل خونا میرزای نزدیڤە دەدینە تە پشتی مشوارەکێ (احمد اغا)ی کە هشتنە دیوانا حسین بەگی گۆتنە حسین بەگێ (احمد اغا)ی گۆت ئەنك دوو کەدێت پەزی ببەن ئژ دیل (ئژ پێرا) خوونا میرزایێ •

حسین بەك ئەڤ گلیە قەبول کرنو ڕابوو (٤٠) مرۆڤ ڤرێ کرنە وێرێ دادوو کەرێت، پەزی ئینن (ڤی چاخی مرۆڤێت حسین بەگی گە هشنی ڤان کۆچەدا دۆدافی یەزی گرتین)

چاخێ مرۆڤ ـ ێحسین بەگی یەز برن لپشڤنە مرۆڤێت (احمد اغا)ی تفەنگ بەردانێ نو (٣٠) مرۆڤ ژێ کوشتنو (١٠) مروڤێت دی ئەگەڕیانە دیواناو گوتنە حسین بەگێ ڤان کۆچەدا فێل ـو غەدرا ئژ مەکرن • پشتی هنگێ کۆچەرێت (احمد اغا)ی چونە زۆزانا تورکیا ناڤ گوندێت (دنانێ) ڕاچوون، چاخێ کۆچەر گە هشتنە گوندا خەبەر دانە حسین بەگێو گوتنێ ڤان کۆچەرا دێن ژگوندێ حمە دەرباز بن ئەم دێ شەڕێ وان کەین حسین گێ پەرسڤا وانداو گووت پێلن بلا دەربازبن ئەنك لشول بەڤان کۆچەرا نەبن ، پشتی هنگی لناڤ چیایا دەژکی بووە شەڕ دوماهیکێ کۆچەر ڕەڤین خۆ گەهاندنە زۆزانا دیاربەکرێ فەرهەنگۆك :

دنانی : چەند گوندەکی ئزدیایە میرخاسو فێری شەڕینە مەزناتی ئژ دەڤەرا بادینا دەکرن •
کەچك : کچ ، کیژ ، کناچە
میرخاس : ئازا ، دلێر •
بەلەنگار : هەژار ، دەدست کورت
ڤەهان : خۆشەویستی
ڕفاند : هەلی گرت
ئێسڤنی : ڤەزای شیخان
کۆن : ڕەشمال
پەرسڤ : وەلام
شێور : پیلان ، تەگبیر
چاخێ : کاتێ
بێ حەسیان : بە ئاگا هاتن
گشك : گشت ، هەموو
نوکە : ئێستا
واری : سەیران
سۆز : پەیمان
بلولو بەندك : بەستنەوەو بەند کردن
مژول : خەریك
کەر : بڕ داتە بڕەهەر
نقارین : ناتوانین ، نکارین ، نەشێین

لە شیعری پێگانە

کێ دەزانێ!

شیعری/ خوسیە سانتوس تشوکانو
وەرگێڕانی / محەمەد بەدری

خۆسیە سانتوس تشوکانو ، ئەم شاعیرە بە یەکەم شاعیری ئەمریکای خولدروو ناسراوەو لە وڵاتی (بیرۆ) لە دایك بووە •• لە شیعرەکانیطەمەیشە لایەنی هیندیە سوورەکانی گرتووەو گۆرانی بۆ ووتونو بەوە ناسراوە

لە هەموو ئازارو خەفەتو خۆشییەکدا لە گەلیان بووە •

ئەی هیندیەکە
ئەی ئەو کەسەی بە غەمگینی
لە دەرگای کەلاوەکەتدا دانشتووی ••
ئاوت هەیە تینویەتیمی پێ بشکێنم ؟!
کەلو پەلت هەیە لەم سەرمایەدا ڕزگارم کا ؟!
مشتێ گەنمەشامیت هەیە برسیەتیم دامرکێنێتەوە؟!
من ئەوەتام
بە دوی ئاسوودەیی‌دا ئەگەڕێم
ئایا وردە ئاسوودەییەکت هەیە
لەم بێزاریەیە دەرم بهێنێ ؟!
خوایە کێ دەزانێ ؟

* ● *

ئەی هیندیەکە
ئەی ئەو کەسەی هەمیشە ڕەنجەڕۆیتو
ئەرزێك دەکێڵیت کە هی خۆت نێیە
ئایا دەزانی
ئەم ئەرزە ئەبێ هی خۆت بێ ؟!
چۆنکە تۆ
عارەقو خوێنت بە سەریا ڕشتووە ••
ئایا دەزانی کە ئەمە چەند سەدەیی‌کە
ئەم ئەرزە لە تۆ زەوت کراوە ؟!
ئەوە لە بیرمەکە کە تۆ پێویستە ببی
بە خاوەنی ئەم ئەرزە ••

* ● *

ئەی هیندیەکە
ئەی خاوەنی ناوچەوانە بێدەنگەکە
ئەی باوکی هەتیوە کزو ماتەکان
چ بیروڕایەك لە تاریکی بێدەنگیتا
ئەشارێتەوە ؟!
بە دوی چیا لە ژیانتا ئەگەڕی ؟!
چ لە خوا داوا دەکەیت ؟!
بێدەنگی‌یەکەت خەون بەچیەوە دەبینێ ؟!
خوایە کێ دەزانێ ؟!

● × ●

ئای لە تۆ
ئەی ڕەگەزە کۆنە تەماوەیەکە
کە بە کەس ناکرێ بە ئاسانی بگاتە دڵی !
ئەی ئەو کەسەی هەر چەند خۆشی دەبینێ
دڵ خۆش نابێ !
ئازاری ئەنووشێو غەمبار نابێ !
تۆ بەرزو بڵندیت وەك چیاکانی (ئاند)
وەك ئۆقیانووسو هەتاو ••
ئەوەی پێتەوە دیارە ، شانازیە ،
گرنووش بردن نێیە ••

بڕوانە ل : ٥

لەگەڵ ساڵنامەی میللی هیندیەوە

پیرە مێردە تەڵەکە بازەکە!!

گۆڕینی لە ڕووسییەوە
دکتور کاوس قەفتان

ساڵەهایی ساڵ لەمەو بەر ، پیاوێکی فێڵبازی کەڵەك باز ، لەیەکێك لەهەرێمەکانی وولاتدا ئەژیا • پیشەیی ئەوەبوو بەسەر گوندەکاندا ئەگەڕاو بەکازیی یاری بەختی بۆ جووتیارەکان ئەخوێندەوە • جووتیارەکان بەرامبەر بەمە نەختێك گەنمەشامیو لەپێك برنجیان ئەدایە • بەڵام ئەمە بەدڵی ئەم فاڵچییە نەبوو بەکەمی دانەنا • بۆیە بریاریدا خۆی بکات بەکوێر ، بۆ ئەوەی خەڵکی بەزەییان پێدا بێتەوەو بەخۆراییی یارمەتی بدەن •

هەر بەم جۆرەش بریارەکەی خۆی هێنایە دی • وادیار بوو کەس نەی ئەزانی ئەمە بەدرۆ خۆی کوێر کردووە • دووایش ئەمە ڕووی‌دا • ڕۆژێك خۆی کرد بەناو کێڵگەیەکی نەناسراودا ، لەپر هەورە گرمە دەستی پێ کردو باران بەلێشاو کەوتە بارینو هەر بەشتن کەوتە شتنەوەی لە دوورەوە کۆخێکی بەدیی کرد • کەوتە هاوار :

ـ یارمەتیکوێرێك بدەن • لەم بارانو تۆفە ڕزگارم کەن •

لەو کۆخەدا پیرەمێردێك ئەژیا • پاسەوانی کێڵگەیەکی شامی بوو • پیرەمێردە هەر ئەوەندەی ئەم هاوارەیی هاتە گوێ ، سەریی لەکۆخەکە دەرهێناو بانگی کرد :

ـ بەرێز فەرموو ، وەرەلایی من هەتا بارانەکە تەواو ئەبێتو بەسەر ئەچێت •

فێڵبازە دەست ناپاکەکە خۆی کرد بەکۆخەکەدا • چووە لایی ئەو مەقەڵییەیی لەسوو ـ چێکەوە دانرابوو زۆری نەبوو ووشك بۆوە • بەڵام بارانەکە ئەباریو ئەباریو نەئەوەستا •

ـ ئایی بەدبەختم ـ کەڵەك بازەکە ئەمەی ووت ـلەدەرەوە هەموو جۆگەو چاڵەکان ماڵەو ماڵ پر لەئاون • منی کوێری قور بەسەریش ئەبێ بەم ڕێگا دوورانەدا بسووڕێمەوە • ئای ، خۆزگە ڕێگاتان ئەدام ئەمشەو لایی ئێوە بێتمەوە •

پیرەمێردە پاسەوانەکە، پیاوێکی دڵپاکی بەبەزەیی بوو • بەزەیی بەکوێرەدا هاتەوەو لەسووچێکدا حەسیرە هەرە جوانەکەی بۆڕاخستو بەلێفە نوێیەکەیی دایی پۆشی •

کە خاوەن ماڵ نووست، کەڵەك بازەکە ، پارچەیەك پارەی مسی بەسووچێکی لێفەکەوە درووو شیشەکانی چەترەکەی پیرەمێردەکەیی ژمارد • پاش ئەمە بەهێواشی لەکۆخەکە چووە دەرێ پیرە ـ مێردەکە هەڵساو بینی : کۆێرەکە لەوێ نییە • هەروەها چەترو لێفەکەشی نەماوە • پیرەمێردە خۆی کۆکردەوەو شوێن کوێرەکە کەوت • پاش ئەوەی دە لی (لی ، ماوە پێوانێکی چینییە نزیکەی ٥٧٦ مەترە) ڕۆشتو لەنزیك گوندێکەوە کەڵەك بازەکەیی گرت • هەرچەندە، پیرەمێردەکە زور تووڕە بوو ، بەڵام حەزی نەکرد لەبەر دەم هەموو ئەو چاوساغانە کوێرەکە بشکێنێ • لەبەر ئەوە بەدەنگێکی نزمەوە ووتی :

ـ هەی بێ وێژدان ، لەو باران‌و تۆفەدا دالدەم دایت ، حەسیرە هەرە باشەکەم دایتێ بەلێفەکەم دام پۆشیت ،کەچی لە پاداشی ئەمە ئەمدزیت ؟ دەیی خێرا لێفەو چەترەکەم بدەرەوە •

کەڵەك بازەکە لەجیاتی ئەوەیی تەریق بێتەوە ،دەنگی لێ بەرزکردەوەو بەهارارەوە ووتی :

ـ ئای ، خەڵکینە ، وەرن فریای پیاوێکی کوێر کەون • ئەم پیاوە • دزە ئەیەوێ شتوومەکەکانم زەوت بکات •

ئەوسا پیرەمێردە خۆی پێ‌نەگیراو ئەویش کەوتە هاوارو لەگەلیشیا دەستەکانی ڕانەوەشانو ئەیووت :

ـ تۆ لێفەو چەترەکەمت دزی !

ئەم دەمەقاڵییە جووتیارەکانی ڕاکێشاو ئەوانیش کەوتنە پرسیار :

ـ لەسەر چی شەر ئەکەن ؟ چی دابەش ئەکەن ؟

ـ هەر سەیرکەن پاسەوانەکە وەلامی دایەوە ـ پەنای ئەم کوێرەمداو لەو بارانو تۆفەم پاراست ، کەچی لەپاداشتی ئەوە چەترەکەمو لێفەکەمی دزی •

ـ درۆ ئەکات ـ کەڵەك بازەکە هاواری کرد ـ قەت کۆخەکەیی ئەوم نەدیوەو هەر ناشی ناسم •

ـ هەیی دزیی دەست‌پیس شستومەکەکانم بدەرەوە •

ـ تۆ دزیت !

جووتیارەکان ، ماوەیەکی درێژ گوێیان لێ‌گرتنو بۆیان دەرنەکەوت کامیان جووتیارەکان ، ماوەیەکی درێژ گوێیان لێ‌گرتنو بۆیان دەرنەکەوت کامیان تاوان بارە، لەپر کەڵەك‌بازەکە هاواری کرد:

ـ ئیستە بە بەڵگە دەری ئەخەم کەتۆ درۆزنو ناپاکی • ئەگەر ئەم چەترە می تۆیە باشە چەند شیشی تێدایە •

ـ نازانم چەند شیشی تێدایە ! بۆچی بزانم چەند شیشی تێدایە ؟

ـ ئا ! نازانی ؟ ئەمە لەبەر ئەوەی قەت ئەم چەترەت بەدەستەوە نەگرتووە • فەرموو ئەوە ئەزانم چەند شیشی تێدایە ! بیستی تێدایە ، گەورەکانم فەرموون خۆتان سەیری بکەنو بزانن ڕاستم ووت یان نا •

جووتیارەکان تەڵو شیشی چەترەکەیان ژمارد ، تەواو بیست تەل بوو • دانەیەکی زیادو کەم نەبوو •

دووای ئەمە کەڵەك بازەکە پرسی :

ـ لێفەکەشت چۆنە ؟ چ نیشانەیەکی لەسەرە ؟

ـ هیچ نیشانەیەکی لەسەر نییە • ـ پاسەوانەکە وەڵامی دایەوە ـ لێفەیە کە وەکو هەموو لێفەیەکی تر !

ـ چی پێوە دووڕراوە ؟

ـ هیچی پێوە نەدووڕاوە •

ـ وا نییەو ئێستەش هەمووان ئەڵێن لێفەکە هی تۆ نییە •

ئەوسا کەڵەك بازەکە ئەو سووچی لێفەکەیی پیشانی جووتیارەکاندا کە پارچەیەیەك ـ پارەی مسی پێوە دووڕاوە•

جووتیارەکان لەپاسەوانەکە تووڕە بوونو ئەوە نەبوو دارکاریی نەکەن • پاسەوانەکە هیچی بۆ نەمابۆوە بیلێ • ئەو پەندە بەسەر ئەمداسەپا کە ئەڵێ : « دەم هەیە ، بەڵام هیچ نییە پاکی‌بکاتەوە• بەڵام لەپڕ لەناو جووتیارەکاندا پیاوێکی ریش سپی

بڕوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

رووداوەکانی بەوینە

دڕندایەتی زایۆنیەکان لەفەلەستینی زەوتکراودا

ئەمە چەند وێنەیەکی ئەو تاوانە نامرۆڤایەتیی و دڕندانەیەی رەگەز پەرستەزایۆنیەکانە ، کە لەم دواییەدا بەرامبەر راپەڕینەکەی گەلی فەلەستین لەبەرەی رۆژئاوا کردی ٠

سەروتار ـ پاشماوە

کورد خوێنی ئالیان خاکی فەلەستینی سوورکردو مەردانە چون بە گژ هیرشی زایۆنی و ئیمپریالیداو تا ئەمرۆش کە گەلی عیراق روو بە رووی پەلاماری دڕندانەو چاو برسیەتی فارسەرەگەزپەرستەکانو هاوسوێنە دێرینەکانی لە ئیمپریالی و زایۆنی و بەکرێ گیراوەکانی (مۆساد) دەبێتەوە، گەلی کورد وەك هەڵوێستی هەمیشە بە وەفایی مەردانە دەست لەدەستی برای عەرەب بەرگری لەو لوتکە رازاوەیە دەکات شۆڕشی ١٧ـ٣ تەموزی پیرۆز لە عیراق بنیاتی ناوەو ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان یەکێکە لە تیشکە دیارەکانی ٠

سێیەم : ئیستا کە یادی ٨٤ ساڵەی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی « کوردستان » دەکەینەوە بە شانازییەوە ، سەبری ئەو کاروانە دەکەین کە رۆژنامەنووسی کوردی لە سایەی باوەڕی مرۆڤایەتیی و هەڵویستی بە باوەری شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزی مەزن بڕیویەتی ٠ دەزگایەکی رەسمی گەورە بە ناوی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی هەیەو رۆژنامەی کوردی وەك هەموو رۆژنامەی وڵات بە نوێترین شێوەی تەکنیکی دەردەچێو کادیری رۆژنامەنووسی کوردی پێدەگات ٠

لە دواییدا ، ئەبێ لەم بۆنەیەدا کەدەست بۆ ئەو نیشانە روونا کەی باری نەتەوە لە عیراقدا دەکێشین ئەو بارە ناهەموارەشمان لە بیر بێ کە رەگەزپەرستە خوێن خورەکانی خومەینی بەرامبەر نەتەوەی کورد لە ئێران دەبکەنو لە بچوك ترین مافی رەوایان بێبەشن ، بەڵام خەباتی بێو چانیان لەگەڵ هەموو گەلانی ئێران کە فیلی سەرکەوتنیانەو روخانی رەگەزپەرستان ٠٠

لە یادی ٨٤ ساڵەی دەرچونی یەکەم رۆژنامەی کوردیدا بەڵێنی بە وەفایی بۆ ئەوەی وشەی پیرۆزی کوردی هەمیشە لە خزمەتی پتەوکردنی یەکیتی نیشتمانی عیراقدا بێتو کاروانی عیراق هەر بەرەو سەرکەوتن دەچێ بەرابەری سەرکردەی گەل صدام حسینو ٠٠ بۆ پێشەوە ٠

● هاوکاری ●

شوڕشگیران ـ پاشماوە

ئەیانباتە سەر دێهاتە کوردەکان ٠ ئەم بەرپرسیارە ئەو هەواڵانەی ڕژێمی بە درۆخستەوە کە گوایا ڕژێم توانیویەتی (١٢) دێی کوردو هەندێ بەرزەی گرنگ کە بە دەست شۆڕشگێڕە کوردەکانەوە بوون بسەنێتەوە ٠

هەروەها وتی هێزەکانی ڕژێمی فارسی تۆپی قورسو فڕۆکەی هیلیکۆپتەری لە بۆردمانکردنی دێهاتە کوردەکانا بەکارهێناوە ٠

مەشخەڵێکی تر ـ پاشماوە

دیسان بڵاو کردنەوەی هەندێك کەرەسەی گرنگێتی ٠

● خاوەنی (زانستی) و (زبان)یش شایانی ئەوەیە لەم ڕۆژی ڕۆژنامە گەریی کوردییەدا ، لە ڕێزی ئەو بیاوە مەردانەدا باس بکرێت ، کە سەردەمێك ـو لەکونجێکدا مەشخەڵی نەکوژاوەی ڕۆژنامەی کوردیان گرت بەدەستەوە ٠

سڵاو بۆ ئەوو بۆ هەموو ئەو پیاوە بەنرخانە ٠

با ئەو مەشخەڵەش هەر نەکوژێتەوە ٠٠٠

هیندستان ـ پاشماوە

ڕۆژنامەی لۆمۆند ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەم نرخە زیاتر لە ٥ ملیار فرەنکی فەرەنسایی دەبێت کە هەمووشی دەکاتە ٨٠٠ ملیۆن دۆلار ٠

ووتی کەوەزیری بەرگریی فەرەنسی (شارل ئێرنو) لەسەر بانگهێشتنێکی حکومەتی هیند پێش کۆتایی هاتنی ئەمسال سەرێك لەوێ دەدا ٠

هەروەها ڕۆژنامەی لۆمۆند ڕایگەیاند ئەم فڕۆکانە کە کۆمپانیای داسو پیرجیە دروستیان دەکات لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٤دا دەدرێنە هیند ٠

ئاژانسی ـ پاشماوە

باسی گەلێك لەناوچە جیاجیاکانی بەرەی جەنگو ووردەبەوزیی هێزە چەکدارەکانی کرد ٠ هەروەك باسی هەوڵو توانای نوێنەرانی ئاشتی دەوڵەتانی ئیسلامی جیهانیو بزووتنەوەی بێلایەنی کردو لەو دەورەی عێراق دووا کە نوواندوویەتی لەسەرکەوتنی کارەکەیاندا بۆ وەستانی جەنگ ٠

هەروەها ئاژانسەکە ،باسی ئامادەبوونی عێراقی کرد بۆ میواندارێتی کردنی سەرۆك و بەشدارانی دەوڵەتانی بێلایەن بۆ مەبەستی گرتنی حەوتەم کۆنگرەی باڵای بزووتنەوەی بێلایەن کە لە مانگی ئەیلولی داهاتوودا لەبەغدا دەبەسترێ ٠

نوێنەرانی ـ پاشماوە

ئازادیخوازانەکانی جیهانو لابردنی دەستەڵاتی بێگانەی کرد ٠

هەروەها داوای ئەوەی کرد کە پێویستە ڕادەیەك دانرێ بۆ ئەو دەستدرێژیانەی کە لە جیهاندا دەکرێنە سەرمامن ئادەمیزادو پێویستە ئادەمیزاد لە برسێتی ڕزگار بکرێو باری پارلەمانییەکانی جیهان باش بکرێ ٠

وەفدێکی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەعد قاسم حەمموودی جێنشینی سەرۆکی لیژنەی پێوەندی عەرەبیو نێودەوڵەتان لەم کۆبوونەوانەدا بەشداری کرد ٠

پیرەمێر ـ پاشماوە

راستبۆوەو پرسی :

ـ هەردووکتان وەرنە لام ٠

هەردووکیان ، پیرەمێردەکەو کەلەك بازەکە لێی نزیك بوونەوە ٠ بە فەرمانەوە بەکوێرەکەیی ووت :

ـ دەیی لێفەکەتم پیشان بدە ٠

کەلەك بازەکە سەرێکی بۆ ئاسمان هەڵبڕیو کەوتە دەست گێڕان ٠

ـ قوربەسەر هیچ نابینێ ٠ ئافرەتێك ئەمەی ئەووت ٠

ـ رەنگە هەر پلنگێکی تووڕە ، بێدەسەڵاتێکی وەها دڵ تەنگ بکات ٠ ئافرەتێکی ـتر هەڵی دایەو ئەمەیی ووت :

دووایی کەلەك بازەکە لێفەکەیی‌دا بەپیرەمێردەکە ٠ پیرەمیردە بە ڕێزەکە لەهەموو لایەکەوە سەیری کرد ٠ شتێکی زۆر جووان بوو ، لەهەموو لایەکەوە وێنەی گوڵو باڵندەو ئەژدەهای لەسەر نەخش کرابوو ٠

ـ ئەمە کەیی لێفەیە ؟

پیرەمێردەکە لەپڕ ئەمەیی ووت ـ ئەمە پارچە پەڕۆیەکی کۆنەو لێفە نییە ٠

هەرئەمەی ووت خێرا لێفەکەی فڕێدایە سەر زەویو دووایی کەوتە قاچ پێ سڕینی ٠

ـ ئەوە تۆ چی ئەکەیت ؟ ئەمە پارچە پەڕۆ نییە ! گوایە ناینیی دوو ئەژدەهاو سێ گوڵی زەردی لیلاو (جۆزە گوڵێکەك) وچوار باڵداری پەمەیی لەسەر چنراوە ٠

پیرەمێردەکەش هەر ئەمەی ئەڕیست ٠

ـ خا ، تۆ لەئێمە باشتر ئەبینی :ـ دەی خەڵکە پێشوازی ئەم فێڵ بازە دژەبکەن ٠

جووتیارەکان پەلاماریاندا و بەجۆرێك کۆتایان ٠ ببڕای ببڕ بیری لەوە نەکردەوە نزیك ئەو گونده بکەوێتەوە ٠

سروشتو ـ پاشماوە

گیروگرفت نایەتە دی ٠٠ بەڵام ئێمە دەبێ ئەوە رەچاو نەکەینو بەسەریا زاڵبین ئەگەر کارەکەمان خۆش بوێ ٠

ـ بیرمان چوو ٠٠٠ نازانم ئەو پێشانگایەی کە باسی لێوە دەکەی کە نیازتان وایە بیکەنەوە ، بە فلیمی ڕەنگاوڕەنگە یان هەر بە ڕەش و سپی‌یە ٠٠٠ ؟

● خۆزگەم بە ڕەنگاوڕەنگی بوایە ٠٠٠

مارکیز ـ پاشماوە

گورتدا دەردەبڕێ ، بەڵام ئەو کۆمەڵە ڕستەیە نێرو ـڕێی‌یەکی چاکیان لەخۆ گرتووە ٠

پاشمان دەبینین کەمارکیز لەنێو شێوازێکی ڕێ لەپێزو بەچێژدا پەیوەستی نێوان ڕووداری کۆنو کوشتنی کێژەکەو ڕووداوە ڕامیاری‌یەکانی وولانەکەیدا دروست دەکات ، ئەمەش لەڕێی بەکارهێنانی ڕەمزەوە بۆ دەربڕینی ئەو بیرۆکەیەی کەبەچەمکی (مفهوم) قەدەرو چارەنووسی مرۆڤ دەستی پێکردووە ، پاش ئەوەی کەڕەخنەگری ئەڵەمانی ناوبراو لەتاوو توو کردنێکی گشت لایەنیی ڕۆمانە نوێیەکەی مارکیز دەبێتەوە کە لەسەدو شەست لاپەڕە پێکهاتووەو بەچاپی ئەڵەمانی لەدەزگای « کینبهویر » دەرچووە ، دێتە سەر باسی ئەوەی ئێمە لەبەردەم ڕۆژمانێکی سیاسی دیکەی ئەم نووسەرە کۆڵۆمبیایەداین کە لەمەنفادا دەژی،هەروەك ئەم ڕەخنەگرە دەست نیشانی ئەوە دەکات کەگابریال مارکیز باش مردنی سلفادۆر لەساڵی ١٩٧٣دا ، ڕای گەیاند کەخۆی تەرخان دەکات بۆ کاری ڕامیاریو ئیتر هیچ ڕۆمان بڵاوناکایەوە تاکو (بینۆشیت)ی دکتاتۆری شیلی لەسەر کورسی حوکم بێت ٠ پاشان ڕەخنەگری ئەڵەمانی درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێ ، ئەوکاتە مارکیز لەنووسیندا ڕێڕەوێکی تازەی گرتە بەر کەبڕێی بوو لەنووسینی کۆمەڵە ڕاپۆرتێك دەربارەی کۆبا و ئەنگۆلاو ڤیەتنام بەڵام هیچ کام لەو ڕاپۆرتانە تاکو ئیستا ڕووناکایی بڵاوکرنەوەیان نەدیوە ٠

شایانی ناوهێنانیشە ئەم هەڵوێستەی دەدرێتە پاڵ مارکیز شتێکە لەگەڵیا ناگونجێ ، یان بەواتایەکی دیکە لەگەڵ ووتەکانی مارکیزدا یەك ناکەوێ ، چونکە ئەو کاتێك لەپێشەی نووسین دەدوێ ، دەڵێ :ـ « تاکە جەکێ کە بەدەستمەوە بمێنێتەوەو بەکاری بهێنم بەدرێژاییی کاتەکانی ژیانم ، نووسینە ٠

پێشنهاڕێك ـ پاشماوە

لەچاپدانەوەیان ٠

هەروەها پێشنیهاد ئەکەم لەم دە ساڵەدا ببیلیۆگرافیای زانستی‌یانەی ورد بۆ هەموو ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە ئامادە بکرێو بە هەزاران لەچاپ ـ بدرێن بۆئەوەی نوێژەرەوەکان کە پێویستیان بە سەرچاوەیەك هەبوو بزانن لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا چی لەو بارەوە نووسراوەو کە پێویستیان پێ بوو بکەڕێنەوە سەری ٠ ئامادەکردنی ئەم ببیلیۆگرافیایە ئەرکێکە پاش‌خستن هەڵناگرێو یەکێکە لە پێویستی‌یە گەورەکانی ژیانی کولتووریمان ٠

هەروەها پێشنیهاد ئەکەم لە ئێستاوە بۆ هەمیشە هەموو ئەو دەسگایانەی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی دەرئەکەن لە هەر ژمارەیەك ئەندازەیەکی باش بخەنە لاوەو بەسەر زانکۆو دەزگا کولتووریی‌یە گەورەکانی جیهانیدا بەشی کەن ، جا ژمارە بە ژمارە یا هەر ساڵی جارێ پێکەوەو ، ئەبێ ئەم ئەرکە بە کاربەدەستێکی دڵسۆز بسپێرن کە کەمتەر‌خەمیی تیا نەکاو داوا لەو لایە بکەن کە بۆی ئەنێرن لەگەڵ نەگەیشتنی ژمارەیەکدا ئاگاداریان بکاتەوە بۆئەوەی ژمارەکانیان ناتەواو نەبێ ٠

ئەگەر ئەم پێشنیهادانە جێبەجێ بکەین کە لامڕایە بۆ وەزارەتی ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیری شتێکی گران نییە بەتایبەتی کە ئەو ماوەیەیش لە بەردەمماندایە ، کەم نییە ـ خزمەتێکی گەورەی کولتووری گەلەکەمان بکەینو ، گیانی پاکی کۆچ کردووانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی پێ شاد ئەبێو ، ئامەنگی سەد ساڵەی ڕۆژنامە نووسیشمان بەڕاستی ئەبێ بە ئامەنگ ٠

دەزگای ڕۆشنبیری ـ پاشماوە

گۆڤارەکانی ئەم دەزگایە ، ئەوەیە کە لەدەرکردنیاندا ڕەچاوی ڕێکاو شێوازی نوێی هونەریی ڕۆژنامەگەرێتی عێراق دەکرێ ، یان بەواتایەکی دیکە ئەو گۆڕانکاریی‌یەی کەلە هەردوو لایەنی چەندێتیو چۆنێتی‌یەوە بەسەر ڕۆژنامەگەرێتی‌ی عێراقدا هاتووە ، ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەم دەزگایەشی گرتۆتەوە ، کەئەمەش بایەخێکی تر بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی دەخولقێنێ ٠٠

دوا ووشە ، هیوادارین کەئەم دەزیاگە مەردەم لەهەولی بێوچانی خۆی دوانەکەوێو ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کەبڵاویان دەکاتەوە هەمیشە ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی ڕۆژنامەگەرێتی کوردی بن ٠٠

هەزاران سڵاویش بۆ ئەو خامە ڕەنگینانەی لە لەبواری ڕۆژنامە نوویسی کوردیدا بێوچان لەکاردابوون ٠٠

سڵاو لەڕۆژی ڕۆژنامەگەرێتی کوردی ٠٠

لەڕۆژی ـ پاشماوە

یەوە هۆگری لێکۆڵینەوەی مێژووو ئەدەبو وەرگێڕانو ڕۆژنامەگەری کوردی بووە ٠

ـ ئەگەر چاوێك بەمێژووی ڕۆژنامەگەریو چاپەمەنی کوردیدا بگێڕین ، دەبینین حسین حوزنی لەپێشڕەوانی ئەم‌مەیدانەیەو ، هەر ئەویش یەکەم چاپخانەی کوردی دامەزراندووە ، چەندەها گۆڤارو ڕۆژنامەی بەشێوەی نهێنیو ئاشکرا لەحەڵەبو ڕەواندزو هەولێرو موسڵو بەغدا دەرکردووە ٠

پانزە ژمارەی گۆڤاری « ڕوناکی » لەساڵی ١٩٣٥ دادەرکردووەو لەساڵانی ١٩٢٦ ـ ١٩٣٢ سێو دوو ژمارەی گۆڤاری « زاری کرمانجی » لەشاری ڕەواندز دەرکردووە ، هەروەها بەشداری نووسینی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی ، لەگاتی خۆیدا ، کردووە ٠

ـ ئەگەر ئەو سەردەمەی کەحسێن حوزنی تیادا ژیاوە، دابنێین بەسەردەمی گەشەسەندنی چیرۆکی کوردیو بەتایبەتی چیرۆکەکانی حوزنی، دەتوانرێت کەچیرۆکەکانی حوزنی بەسەرەتاو بناغەیەك دابنرێت لەچەسپاندنی چیرۆکی نوێی کوردیدا ٠

ـ بۆ یەکەمین جار ، مێژووی کوردی بەزمانی کوردی تۆمار کرد ، هەروەها گەلێك کتێبی مێژوویی بەزمانی کوردی داناو ، تۆمار کرد ٠

ـ لە ٢٠ی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٧دا لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کردو ، لەسەر وەسیەتی خۆی لەشاری هەولێر بەخاك سپێررا ٠

بەرهەمە چاپکراوەکانی :

ـ تاڵیو شیرینی ـ چیرۆك ـ ١٩٢٩ ٠

بەتەواوی هەل لەکیس نەچوە ، ئەبێ کارێك بکەین چارێك بۆ پرکردنەوەی ئەم کەلێنە بدۆزینەوە ٠

ـ پەرەردەکردنی کرمەی ناوریشم ـ وەرگێڕان ـ ١٩٢٨ ٠

ـ ئاوڕێك بۆ دواوەـبەشی یەکەم ١٩٢٩ ٠

ـ ئاویك بۆ دواوەـبەشی دووەم ١٩٣٠ ٠

ـ ئاوڕێك بۆ دواوەـبەشی سێیەم ١٩٣١ ٠

ـ کوردستانی موکریان ـ ١٩٣٨ ٠

ـ مێژووی میرەکانی سۆران ـ ١٩٣٥ ٠

ـ مێژووی کوردەکانو نادر شاە لەئێران ـ ١٩٣٤ ٠

ـ مێژووی ناودارانی کورد ـ ١٩٣١ ٠

ـ مێژووی میرەکانی بابان ـ ١٩٣١ ٠

ـ هەروەها گەلێك کتێبو دەستنووسی تریش هەیە ٠

شانویی ـ پاشماوە

نووسەرو دەرهێنەری ناوبراودا (چەند تابلۆیەکی مهابادی) بەڕای من ئەو مەشهەدە هەر زیادەبوو ٠ لەگەڵ ئەمانەدا جوانتربوو لەگەڵ خوێندنەوەی دوابڕیاردا لەلایەن داوەرەکانەوە پارچە مۆسیقایەکی تەصویری گونجاوی لەگەڵدا بوایە ٠٠٠٠ بەڵام لەگەڵ ئەمانەدا کاك کمال لە پار سەرکەوتووتر بوو ٠

دەربارەی زمانیش ٠٠٠ هەندێ هەڵەی زەقزەمی تێدابوو وەکو (بە توێی سەرسنگو پشتوێن) بەدوای ترسا نەگەڕاوم ٠٠٠ ئاشنای ماچی فێرە گۆزەبوو ، جلەوی کۆچمان لە مەچەکی ، باوەشی سروەی بڕوا) ٠

دەربارەی ئەکتەرەکانیش دەتوانم بڵێم تێکڕا باش‌بوون، کاکەمەند وەکو بەژنو بالاو دەنگو دەربڕین چاوەڕوانی ڕۆژێکی ڕووناکی لێدەکرێ ، هەروەها کاك بهادینو حمە شوان سیمای ئەکتەریان زۆر بێوەیە ٠٠٠

محمد صالح عبدالکریم

بەرپرسیاریکی ـ پاشماوە

ئیداری گیراون ٠

ئەم بەرپرسیارە فەلەستینی‌یە لە دەزگای سەرپەرشتی کردنی کەسوکاری شەهیدە فەلەستینی‌یەکانا لە عەممان وتی هەمیشە ژمارەیە لەو گیراوو هەموو کاتێ لە ژێر مەترسی مردنان بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستی ـ یان لەبەر ئەوەی کاربەدەستە داگیرکەرەکان چاوەڕێری پزیشکانەیان پێشکەش ناکەن بە تایبەتی ئەو بەندی‌یانەی کە نەخۆشی خراپیان هەیە ٠

ئەم بەرپرسیارە فەلەستینی‌یە کە بە بۆنەی ڕۆژی هاوکاری لەگەڵ دیلە فەلەستینی‌یەکاندا قسەی‌دەکرد هێرشی بردەسەر ئەو جۆرەها ئازارو ئەشکەنجەیانە کە کاربەدەستانی زایۆنیزمی داگیرکەر بەکاریان دەهێنێو بوە بە هۆی شەهیدبوونی هەندێکی زۆر لەو گیراوانە ٠

قوتابیانی ـ پاشماوە

چۆنیەتی بەکارهێنانی تا ئێستاش بەردەوامە ، بۆ پێشوازی کردنمان لە بیرەوەری سی‌وپێنج ساڵەی دامەزراندنی پارتی سەرکردە حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی ، ئەو پارتەی توانی لەماوەی ئەو تەمەنە پڕ لە خەباتگێڕانەی شوێنی ئیجابیانەی خۆی بکاتەوە لەبەردەم رای جیهانیو گشتی بە سەرۆکایەتی رازگری حزبمان هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین ٠٠ ئەمڕۆش لەم قۆناغەدا کە بەم یادە پیرۆزەدا تێدەپەڕین دەبێ جارێکی تریشی لە جاران گەرمتر پێشوازی لێوە بکەین بۆ ئەم مەبەستە لقی یەکێتی لە هەولێر بەرنامەیەکی فراوانی رێك خستووە لەمانە ٠٠٠ ئاهەنگی هونەریو خوێندنەوەی بەیاننامە بەم بۆنەیەوە لە هەمو قوتابخانەو نامۆژگاو کولێژەکانی زانکۆی صلاح‌الدینو بەشداری کردنی تیپی مەرکەزی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق لە ئاهەنگەکانمان لە هەولێرداو کردنەوەی پێشانگای هەمەجۆرو سازکردنی میهرەجانی شیعری میللیو پێك‌هێنانی وەفدێکی قوتابیانو چوونیان بۆ بەرەکانی جەنگو بەسەر کردنەوەو پیرۆزبایی لێکردنی سوپای نەبەزمان بەم بۆنە پیرۆزەوە ،٠٠٠ ئەمەو گەلێك چالاکی‌تر ٠٠٠ حەزیش دەکەم دەنگی هەموو قوتابیانی لقی هەولێر بگەیەنمە سەرەکی فەرماندە هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسینو یەڵێنی پیاوەتی بۆ تازە بکەینەوە کە سەربازێکی جەسوور بین بۆ ئەم رێبازە پیرۆزە ٠٠٠

Institut kurde de Paris

له‌ڕۆژی ڕۆژنامه‌نووسی کوردیدا

ڕۆڵی

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

چەپکێك تیشك

● ئەمڕۆکە ٨٤ ساڵ‌ێ‌دەپەڕێ بەسەر دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیدا٠٠ بۆیە دەبینین یادو بیرەوەری‌یەکی ئەمر بەسەر ڕۆژنامەورۆژنامە نووسانی کورددا ڕادەبووری ٠٠ هەرلەکاڵاوڕۆژنەی ئەو بیرەوەری‌یە ئەمرەوە بەپێویستی دەزانین چەپکێك تیشك‌بەسەرڕۆڵی دەزگای ڕۆشنبیری‌وبڵاوکردنەوەی کوردیدا لەکاتی دامەزراندینەوە تاکو ئەمڕۆکەپەخش بکەین‌و پایەو ناسنی‌ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی ئەم دەزگایە بڵاویان دەکاتەوەچۆنەو لەچ ڕادەیەکدایە ٠

گومان نی‌یە لەوەی کەلەباش ساڵانی حەفتاوەو داب نان بەمافە نەتەوایەتی‌و ڕۆشنبیری‌یە ڕەواکانی گەلی کورد لەعێراقدا ، ڕۆژنامەگەریی کوردی ڕووی لە گەشەسەندن‌و پوژانەوەیەکی سەرو مێ کردو ، لابەرەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان سنگی خوێان بۆخامەی ڕۆژنامەنووسان‌و ئەدیب‌و ڕۆشنبیران ئاوەڵا کردەوەو بەمەتەس دەرگایەك لەسەر پێشکەوتنی ئەدەب‌و ڕۆشنبیری کوردی ئرایە سەر پشت ٠

دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ، وەکو دەزگایەکی ڕەسمی لەوڕۆڵەدا لەسەرەتاوە تاکو ئێستا توانیویەتی ڕۆڵێکی کاریگەر لەبواری بۆژاندنەوەو گەشە پێ‌سەندنی وشەو زمان‌و ئەدەب‌و ڕۆشنبیری‌و کەلەپوورو میژوو هونەرو ٠٠٠٠هتد دا بنێرێ‌و دەستی چەندەها نووسەری بە لەخۆبووردنەوە گرتووەو نووسین‌و بەرهەمەکانیانی خستۆتە بەرتیشکی بڵاوکردنەوە ، سەر ئەنجامیش ماندان‌و پشت‌گرتن‌و پێشکەوتن باوەشی بۆ کردوونەتەوە ، ئەمانە سەرباری ئەوەی کەچەندان خونچەی تازە پێگەیشتووی دنیای ئەدەب‌و ڕۆشنبیری کوردی لەسەر لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەم دەزگایە گەشانەوەو دەنگی خوێان بە گوێی خوێندەواران ئاشنا کرد ، بۆیە بەشێتیکی نامۆی نازانین ئەگەر بڵێین ئەم دەزگایە هەردەم درێغی نەکردووە لە بەرەو پێش بردنی ئەدەب‌و ڕۆشنبیری‌و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ٠

ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی ئەم دەزگایە بڵاویان دەکاتەوە بریتین لە گۆڤاری بەیان ، کەگۆڤارێکی ئەدەبی مانگانەیەو لەدوو توێی خۆیدا گەلێك بەرهەمی ئەدەبی بەپێزو پوخت دەخاتە بەر دڵو دیدەی خوێندەواران ، هەروەها گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، کەئەمیشیان گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی‌یەو ئەو بابەتانەی کە لەدووتوێ‌یدا تیشکی بڵاوکردنەوە دەبینن لەچوارچێوەی بابەتی ڕۆشنبیریی گشتی‌ی وەك زانست‌و لقەکانی‌و فەلسەفەو گەلی لایەنی دیکەدا دەسوڕێنەوە ٠

ڕۆژنامەی هاوکارییش ، وەك ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی‌ی هەفتانە لەم دەزگایەوە دەردەچێت‌و لاپەڕەکانی بەبابەتی هەمەچەشنەی مەوالی ناوخۆو دەرەوەو ئەدەب‌و ڕۆشنبیری‌و زانست‌و هونەرو بابەتی هەمەڕەنگە ڕازاونەتەوە ٠٠٠

هەر لەم بوارەشەوەو لەیادو بیرەوەریی ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا دەبێ پەنجەی بایەخ‌و گرنگی‌ی بۆ ڕۆڵی ڕۆژنامەگەرێتی درێژ بکەین لەپێگەیاندنی شارەزایان‌و کادێری (ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، چونکە گومانی تێدا نی‌یە لەکات‌و شوێنێکی وەهادا کەجیهان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەچێت‌و مرۆڤایەتی هەنگاوی فراوان لەبوارە هەمەجۆرەکانی ژیاندا دەنێت ، ئێمەش پێویستمان بەوە هەیە کەئاوڕی دڵسۆزانە لەبوارە جۆر بەجۆرەکانی ژیان بدەینەوە ٠٠

هەر لێرەیشەوە ، ڕۆژنامەو ڕۆژنامەگەرێتی ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕن لەبواری پێشکەوتنی ژیان‌و بووژانەوەی هۆشیاری جەماوەرانەدا ، بۆیە بوونی شارەزایان‌و پسپۆڕان لەم مەیدانەدا کارێکی پێویست‌و گرنگە ٠

● × ●

ئەوەی شایانی باس بێت سەبارەت بەڕۆژنامەو

بڕوانە ل : ٧

تیپی هونەرە میللیەکان لە وەرزەازەیدا

● صباح عبدالرحمن ●

هەر لەو کاتەی کە تیپی نەتەوەیی هونەرە میللی‌یەکان لە بەغدا بەرلە یانزە ساڵدامەزرا هەتا ئەمڕۆ ، بەردەوامە لە دەمەلاسکی کردنەوەکەی کەلە شێوەیەکی پەرستن دەچێت ٠٠٠

هەر بۆ نەیەك وەرزێکی بۆ ساز دەکرێت٠٠ هەر وەرزێکی ئەم تیپەش وێنەیەکی پڕ لە بەهرەو توانا دەخاتە روو٠٠٠ بەخشێتیکی شارستانیەتی‌و هونەری دێنێتە کایەوە لە گەشتەکانی‌دا بە ناو ناوەڕۆکە فۆلکلۆری‌و ئاوازە میللی‌یەکاندا ٠٠ ڕێبازی ئەم ساڵە دوورو درێژانەی تیپەکە لە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندەو نکۆلی لێ‌ناکرێت ٠٠٠ چونکە توانیویەتی بزووتنەوەی هونەری هان بدات بەرەو ئاسۆیەکی گەشەدارو بەرز بوونەوەی ڕادەی تیپەکە لەسەر ئاستی جیهانی‌دا تاکو بێتە یەکێك لە ڕوخسارەکانی شارستانیەتی‌و پێشکەوتن لە وڵاتەکەماندا ، ئەم تیپە لە میانەی ماوەبەشی کردنی لە میهرەجانە هونەری‌یەکانی جیهانی تائێستا چەندان خەڵاتی ڕێزگرتن‌و سەرکەوتنی بە پلەی یەکەم وەرگرتووەو سەلماندویەتی کە پایەو ڕادەیەکی هونەری بەرزی هەیە ، لە چواری نیساندا وەرزی تازەی ئەم تیپە بە چەند بەرهەمێکی تازەو پوختە دەستی پێ‌کرد ٠٠٠ کە وێنەی ژیانی ڕاستەقینەی گەلەکەمانی دەخستە روو٠٠٠ ئەو ووشانەم لە ناو چاوی بینەراندا بەدی‌دەکرد لە هەستەو دەربڕینیان بە چەپڵەڕێزان بۆ جووڵانەوە ڕێك‌و پێکەکانی سەماکەران کە نزمێکی تەپڵ‌و مۆسیقا هاوبەشی دەکرد جوانی‌و نەرمونۆڵی لەشی‌ولاری سەماکەران‌و جل‌وبەرگە تەرزێن‌و ڕەنگە جوانەکان دەیانپۆشین‌و دەیانرازاندنەوە بەگشتی بەرەو خۆشەویستی پاکی دەبردین بەرامبەر ئەم تیپە شۆخ‌وشەنگە ٠٠٠ شارستانیەتی ئەندەلس‌و سەماکانی (میمر)و یان (ئاودەر) هەلبەرکێ‌ی (هیو)و چەند تێ‌هەلکێشێك لە هەڵبەرکێ‌ی کوردی ٠٠٠ لە دوادوانیشدا بەشکۆی هەموو سەماکان کە تابلۆیەك بوو بە ناونیشانی « سەرکەوتن » ئەم تابلۆیە تام‌و چێژێکی نایبەتی هەبوو ، چونکە چەند لایەنێکی ژیانی ئەمڕۆمانی خستە قالبێکی هونەری لە شێوەی ئەم جل‌وبەرگانەی کە یەکێتی نیشتمانی نیشان دەدا ٠٠٠

بەگشتی بەرهەمەکانی تیپەکە مەرەنج ڕاکێش‌بوو ، هەروەها ئەم چەند پارچە مۆسیقاو گۆرانی‌یەی کە تێك‌هەلکێشرابوە سەماکان‌و ناوەناوە پێشنکەش دەکرا ، لەگەڵ ئەوەشدا چەند سەرنجێکی بچکۆلانە هەن پێویستە بیلێین ، وەك بە کارهێنانی ڕەنگ لە جل‌وبەرگەکاندا کە لە چەند شوێنێك سەرکەوتوو نەبوو، ڕەنگەکان خنکابوون ، لەناو شەپۆلی جولانەوەی بۆ نموونە ڕەنگی جل‌وبەرگی سەماکەرە کوڕەکان لە هەلپەرکێ‌یە کوردی‌یەکەدا ٠٠ نیشان‌دانی شانۆ بە بەتالی بێ‌هیچ پارچەیەکی دیکور تۆزێك بەرهەمەکانی بە هەژاری دەخستە روو ٠٠

بە کارهێنانی ڕوناکی مەبەستی وەدی نەدەهێنا ٠٠

بە ئاواتین ئەم تیپە بەردەوام بێت لەسەر سەرکەوتنەکانی خۆی ، تیشك‌دانەوەیەك بێت بۆ لایەنەکانی کەلەبوری نەتەوایەتیمان‌و دیاردەکانی پێشکەوتنی دەست‌نیشان بکات ٠٠٠

له‌ڕۆژی ڕۆژنامه‌نووسی کوردیدا

هیلاکی شیرین

● ئەمڕۆ ٢٢ی نیسانی ١٩٨٢ بوو ٠٠ ٠٠ ڕۆژان ، بەسەر دەچێ ٠ ٠ ٠ ٠ ڕۆژان دێ ، وشەی پیرۆز لە ماوەی ڕۆژنامەو پیشەیی ڕۆژنامە نووسیەوە کە « بەشداریەکی ویژدانی‌و فیکری‌یە لە کۆڕی مرۆڤایەتیدا » دەڵیین «وشەی پیرۆز سەروەری هەڵویستی بەویژدانانەی مرۆڤە » ٠

● خۆ بۆ ئێمەی کورد، مرۆڤ‌و وشەوو خۆشەویستی‌و بوون،٠٠ وشە، ئەك هەر سەروەری هەڵویستە ٠٠ مانای بوون‌و بەردەوامی‌یە ٠٠

● لە ٢٢ی نیساندا ، کە ڕۆژنامەی« کوردستان» لەدایك بوو ٠٠ لە ٩ی کانوونی دووەمدا کە « هاوکاری » لە دایك بوو ٠ ٠ ٠لە مەموو ئەو ڕۆژانەدا ، ڕۆژنامەیەکی نوێ‌ی کوردی تیا لەدایك بووە ، وشەی کوردی گەشاوە تر بووە ، شیرین تر بووە، کاریگەر تر بووە ٠ لەگەڵ‌وشەی پیرۆزو ، ئەرکی هیلاکی شیرینی ڕۆژنامە نووسیدا ، پیرۆزبایی لەیەکتری دەکەین ٠ ٠ ٠ چاوی گەشی ڕۆژنامە نووسی ماچ دەکەین ٠ ٠ ٠ ٠ هەنگاوەکانیشی بەردەوام ڕێگای بەرەو ڕووناکی تر دەگرێتە بەر ٠٠ تەمەنێکی هیلاك، بەڵام هیلاکیەکی شیرین ٠٠٠٠

عبدالله عباس

له‌ڕۆژی هاوکاری

● **بەهرەی نواندنو نووسین‌و گۆرانی‌وتنە**

ئاسان‌نی‌یە بتوانرێ هەستی شاعیریانەو ئاسکی‌و جوانی پێکەوە لە کەسێکدا بدۆزرێتەوە ٠

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەرهێنەری فەرەنسایی پیار بۆسۆلێ ئەمانەی هەموو لە « فیرۆنیك جانو »دا کۆ کردوەتە ٠ ئەم کیژە جوانە هەر ئاشقی ئەوە نی‌یە لەسەر پەردەی سپی گەورە یا بچووك خەریکی نواندنبێ بەڵکو ئاشقی نووسینی هەڵبەست‌و گۆرانی‌یشەو لەم دواییەدا یەکەم گۆرانی تۆمار کردو هیوایشی وایە ئەمە پلەیەکی سەرکەوتنی ئەوبێ لەم بابەتەدا ٠ لەگەڵ ئەوەیشدا فیرونیك حەزناکا واز لە پیشە سەرەکی‌یەکەیشی بێنێ کە دەرس‌وتنەوەیە لە یەکێ لە قوتابخانە بەرزەکانا.

پیکاسۆ لە فلیمێکدا

ئەو فلیمەی ئێستا پیشان‌دەدرێ‌و باسی ژیانی پابلۆ - پیکاسۆو کارەکانی دەکا کارێکی هونەری پێ‌گە - یشتووەو « مزێدریك‌روسیف» ی دەرهێنەری سەرکەوتووانە توانیویەتی ناسیاوی تایبەتی خۆی بۆ پیکاسۆو ئەوڕاستی‌یەمێژوویی‌و هونەری‌یانە کە پیکاسۆ باوەڕی پێیان‌بووی‌یەکا ٠

فلیمەکە ناوی « مەزن »ەولەسەرەتاکەیدا تابلۆکانی پیکاسۆ کە مۆری پیکاسۆیان‌پێوەیە بە شێوەیەکی هونەرمەندانە دەردەکەوێ ٠هەرچەندە لە پێشەوە وا دەردەکەوێ کە فلیمەکە تۆماری بێ بەڵام خێرا دەچێتە ناوکرۆکی ئەو جیهانە تایبەتی‌یەی کە پیکاسۆ تیایا ئەجووڵایەوەو هەلوێستە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکانی دەردەخا ٠

سروشتی وازاوەی کوردستان بەکامیرای کیژۆڵەیەك

هەرچەند جارەی (بلقیس‌عبدالله)ی وێنەگر دەبینم خەریکی کامیراو فلیمە ٠٠٠ ئەم کیژۆڵەیە زۆر بە هەستێکی خۆشەویستانەوە لەگەڵ‌وێنەگرتنا ئاشنایە ٠ ٠٠

ئەمجارەیان لە پێشانگایەکی وێنەی فۆتۆگرافی بینیمەوە کە خۆی‌و هەردوو دەستە خوشکە وێنەگرەکەی (بشری حسین‌و سهام رشید) سازیان دابوو، واتە بەرهەمی ئەم کیژۆڵانە بوو ٠٠٠ دوای پیرۆزبایی لێ‌کردنیان ، یەکە ، یەکە بەرهەمەکانیان بۆ باس‌کردین ٠ ٠٠ ئێمەش حەزمان کرد ئەو چەند قسەیە بنووسینەوە٠

- بلقیس خان ٠٠ دەمێك بوو خەریکی خۆئامادە کردن بوون بۆ ئەم پێشانگایە ٠٠؟

● ئەوەی ڕاستی بێ هەموو بەرهەمێك ماندووبوون‌و ماوەیەکی دەوێ ، ئێمەش ناوا ، ماوەیەك گەڕایەن‌و سووڕاین بۆ دەست‌نیشان کردنی بابەتەکان ، لە هەموو بوارەکانەوە ، ئەوە بوو وێنەکانمان گرت‌و هەر خۆمان شووشتمانەوەو چاپمان‌کردن، لە ئەنجامدا ئەو چەند بەرهەمەمان هەڵبژارد بۆ ڕێکخستنی ئەم پێشانگایە٠٠٠ هەر چۆنێك بێت وەك بەشدار - یەك لە بەرەو پێشەوەبردنی هونەری کوردی‌و بەشداری‌کردنی کچانی کورد لەو مەیدانە وا دەزانم شتێکی ئیجابیانەیەو چاکە ٠٠٠

- ئەوە شکی تێدا نیە٠٠٠٠ بەڵام زۆر کەم لایەنی فۆلکلۆری کوردەواری دەبینم لە پێشانگاکەو بەتایبەتی کە پەیوەندی بە ئافرەتەوە هەبێت ٠٠٠٠

● ئەوەیان ڕاستە ، چونکە فیکرەیەکی وامان هەیە کە بتوانین لە ماوەیەکی نزیکدا ، بەڵکو ئێستاکە لە خۆ ئامادەکردنداین‌و چەند نموونەیەکی چاکیشمان لە ژێر دەستایە بۆ ڕێکخستنی پیشانگایەکی فۆلکلۆری کە تایبەت بێ بە ڕۆژانەی ئافرەتی کورد لە کوردستاندا ٠ ٠٠ دەگەڕێین بۆ ئەوەی بەرە بەرە بابەتەکان هەڵبژێرین‌و وێنەیان بگرین ٠

- گیروگرفتتان ئایەتە ڕێگا ٠ ٠٠؟

● خۆت دەزانی هیچ کارێك لە ژیاندا بێ

بڕوانە ل : ٧

جیهانی مندالان

ژیان ... مرۆڤ‌وخاکە

- محمود زامدار -

لەگوێ‌ی چەمێکا ، شنەبایەك هەڵی‌کرد ٠٠ ئاوازێکی بەسۆزی ئەچڕی‌و ئەیووت :

- من مرۆڤم خۆش ئەوێ ، من خاکم خۆش ئەوێ ، من کارم خۆش ئەوێ ، من عاشقم ، عاشقی کێوو تەلانی ئەم وڵاتەم ٠

لەپڕێکا، لەنێو شنەبایەکە، ڕەنگاڵەیەکی زێڕین‌و هەرەمەست دەرچوو ، لەباڵەفڕکەی‌داو ووتی :

- لەدەنووکی سوورو باریکی منا ، هەزاران ئاوازی بەجۆش هەیەو تەنیا بۆ مرۆڤ‌و خاکی پاکی ئەم نیشتمانەی ئەنێم ٠

لەنکاوێکا قازیبازی‌یەك ڕەرامی دایەوە :

- منیش هێڵانەی گەرم‌و نیانم خۆش ئەوێ ، دژی شەڕو دۆستی مرۆڤ‌و ئاشتیم ٠

لەملاشەوە ، کارژۆڵە خرینەکەش ئەیباعاندو ئەیوت :

- ژیان زۆر فراوانە ، ژیان خۆش‌و جوانە ، بەڵام ژیان بێ مرۆڤ هیچ ناهێنێ ٠٠ ژیان مرۆڤ‌و خاکە ٠

بێجوە کەڕوێشکێکیش ئەچڕپاندو ئەیوت :

- ژیان شیرینە ، ئاوازێکی پاکە ، گەر دڕکو داڵەکان بەر پێم نەگرن ، زۆر خۆشبەخت ئەبم ٠

ڕوباریکیش بەتەوژمەوە هات‌و ووتی :

- من ڕوباری مێژووم ، من ڕوباری خەباتو کۆڵنەدانم ، ئەوەی مەردو نازا نەبێ ، ئەیلرفێنم‌و نوقمەساری ئەکەم ٠

کاروان‌و قیانی خوشکی کە گوێیان لەمانە بوو ، نەختێ حەپەسان ، لەپاشا بەجووتە دەستی یەکیان گرت‌و سەمایەکی سرکیان سازدا٠٠٠ زۆر شتی تازەش فێربوون ٠

● شیعر بۆ منداڵان

نیشتمان

نیشتمانمان ڕەنگینە
سەیری بکەو ببینە !
چاو تێر نابێ لە ڕەنگی
گوێ شل نابێ لە دەنگی

● × ●

سەوزە گیای بەهارانی
قاسپەی کەوی شاخانی
دەرمانی سەد دەردانە !
بەڵکە زێڕینەی جوانی
دەڵێی تاقی ئاسمانە !

● × ●

بەهاران شەستە باران
دادەکاتە ناو داران
تەڕ دەکا زەوی‌و زاران

● × ●

جەزا عەلی ئەمین

پایزان گەڵای وەریو
کە (با) دەیباو دەیهێنێ
خەمی دڵ دەڕەوێنێ

● × ●

هاوین باخی بە بەرە
تاجی میوەی لەسەرە

● × ●

شەوانە کاتێ دەنووم
حەز دەکەم چاو بێدار بێ
لادێ‌و شاری لێ دیار بێ
بڕسبیەکی تیا نەبینم
تینوویەکی تیا نەبیتم .
با کوردستان ئاوابێ
شادی گشت دنیای تیابێ

Institut kurde de Paris

هاوکاری

دەزگای ڕۆشنبیری‌وبڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد/شەقامی الخلفاء/مەیدانی خەلانی

تەلەفون ٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت